عەرەبی- کوردی

# چونکە بەندەی تۆم

عومەر ئال عۆزە



وەرگێڕانی:

هێمن قادر شاسواری

Scanned with CamScanner




اطلاعات

زۆر بەخێربێن بۆ گروپ چاتی کتێبخانەی PDF
لێرە ئاڵوگۆڕی باشترین کتێبەکان دەکەین بەفایلی PDF
بیشتر

t.me/ktebxanaypdfgroup
لینک دعوت

له لایەن (محمد عبدالرحمن) بە pdf کراوە

# چونکە بەندەی تۆم

## عومەر ئال عۆزە

وەرگێڕانی: هێمن قادر شاسواری



Scanned with CamScanner

ADIBAN


## ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد



**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، نزیك ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

**Emall:** bookadiban@gmail.com

**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/


## ناسنامەی کتێب


**ناونیشان:** چونکە بەندەی تۆم

**نووسەر:** عومەر ئال عۆزە

**بابەت:** ئاینی

**وەرگێڕانی:** هێمن قادر شاسواری

**هەڵەبڕ:** شۆخان عەلی

**دیزاینی بەرگ:** عیسا عوسمان

**دیزاینی دەق:** ئارام مەلا محەمەد

**پەخشانگە:** ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (١١٨٥) ساڵی (٢٠٢١) پێ دراوە،



ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.



Scanned with CamScanner

## بەرچاو ڕونی :

سەرجەم تەفسیری ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانم لە تەفسیری (ڕەوانەوە) وەرگرتووە لە وەرگێڕانی مامۆستای بەڕێز (مامۆستا مەلامەحموود گەلاڵی)بە سپاسەوە

Scanned with CamScanner

**پێشکەش:**

- بۆ ئەو کەسەی بەهێز لاواز دەکات و بێهێزیش بەهێز دەکات.
- بۆ ئەو کەســەی هەموومان بە ترس و بیم و تکاوە ڕادەکەین بەرەو ڕووی.
- بۆ ئەو کەسەی سەرئەنجامی سەرجەم دڵەکانی بەدەستە.
- بۆ ئەو کەسەی هەموو گەردوونی بەدەستە..
- بۆ خۆشەویستم..
- بۆ خودای پەروەردگار..



Scanned with CamScanner

درووود و سەلام لەسەر پەیامبەر و سەرجەم پەیامبەران و خانەوادە و هاوەڵ و دۆست و شوێنکەوتووانیان بێت تا ڕۆژی دوایی، بە ئەندازەی ئەوەی دۆستانیان باسیان دەکەن و، بێ ئاگایان مەدهۆشن لە باسکردنی.

**پاشان:**

چەند هەڵوەستەیەکی جوان و، پێگەیەکی مەزنە و، لە هەمان کاتیشدا کارێکی زۆر گرانیشە!

ئەو پەرتووکەی لەسەر پەیامی خودای پەروەردگار دەدوێت هاووێنەی نییە و، لەگەڵ کتێبەکانی دیکە بەراوردیش ناکرێت.

ئەم پەرتووکە وەک ئەو کتێبانە نییە کە سەرچاوەکەی بەهۆی نیگای خەیاڵ و ئاوەزەوە نووسرابێت، بە پرتەچاوێک بیخوێنیتەوە، بەڵکوو ئەمە چارەی دڵە بێچارەکانە، دەی دەرمانیش کاتێک سوودبەخشە کە چارەسەرەکە لە ڕێگەی ئەوەوە بێت.

پشتیوان بە خودا ئێمە پێکەوە بەرەو جیهانێکی جوان و دونیایەکی قەشەنگ دەڕۆین و، ئەم پەیامەی بە دەستی خۆمان بەرزی دەکینەوە بۆ خودای پەرورەدگار.

من لەم کتێبەدا لەسەر چەند ئایەتێک نووسیومە کە دەستی لە دڵمداوە و کاریگەری لەسەری بەجێهێشتووە، قورئانی پیرۆز هەمووی بەرکەت و بەنرخە، بەڵام هەندێک ئایەت هەیە دەتوەستێنێت وەک ئەوەی بۆ حاڵی تۆ هاتووە، بۆ ئەوەی تۆشدارت بکات و، هاودەمی تەنهاییت بێت.

زۆربەی عەرەبەکان لە زۆربەی قورئان تێدەگەن، بەڵام بڕواداران بیردەکەنەوە و ڕادەمێنن لە وتەکانی پەروەردگار،



Scanned with CamScanner

بۆیە لە هەموو ئایەتێک ڕووناکییەک دەبینن و، دەیکەنە سـەر مەشـقی خۆیان، بەڵام ئەو عەودالانەی لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا

هیچ هەستێکیان لا دروست نابێت و پێستیان ناخرۆشێت، من زۆر لەو بێئاگاییەیان دەترسم ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگار و،

لە ئایەتەکانی خودای پەروەردگار ڕانەمێنن کە دەفەرموێت: قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾ محمد: ٢٤

**((ئەرێ ئەو دوو ڕوو مو شریكو بێ بڕوایانە بۆ چی لە قورئان وردنابنەوەو بەدڵ نایخوێننەوە؟ بۆ ئەوەی پابەندی فەرمانو ئامۆژگاریەکانی بن، بەڵگەو نیـ شانەکانی کاریان تێ بکاو لە خراپە کاریو تاوان بگەڕێنەوە؟ بەڵكوو لە سەر دڵیان پەردە هەیە دەرگای دڵیان داخراوەو لە پەیامی قورئان حاڵی نابن)).**

من ئومێـدی زۆرم هەیە کە ئەم پەرتووکە پەنجە لە دڵی بڕواداران وەربـدات و، من ئەمە بە ڕاڤەیەکی وردی قورئـان نـازانم و نـایبینم، بەڵام وامکردووە ئـایەتەکـان نزیـک بێتەوە لە تێگەیشـــتنی گەنجـانی ئەمڕۆ، بە ڕاســـتی ئەم ئـایەتـانەی قورئـانی پیرۆز وەســـتـاندمنی، هەرکاتێک لەســەر هەر ئایەتێک کاری تێکردبێتم، دڵم نەرم بووبێت، لە ناخی دڵمەوە ڕازێکم لەسـەر نوسـیووە و، مانایەکم لێ دەرهێناوە، یان بەکردەیی ســــوودم لێی دەرهێنـاوە، بەڕاســــتی ئـایەتەکـانی خودای پەروەردگار، تیماری برینەکان دەکات و، چارەی نیگەرانییەکان دەکات،

خودایە بەدەم بانگەوازەکەتەوە هاتم، خوێنەری خۆشـەویسـت، بزانە ئەم کتێبەی بەردەســـتت لە کۆمەڵێک بیر و ئەندێشـــە پێکهاتووە، بە شـــێوەیەک ئەم ئایەتانەی باســـم کردووە ماناکەی بە تەواوی ئەو مەبەســـتەی نییە من نوســـیوومە، بەڵکوو بۆیە دەربارەی دەدوێت بۆ

ئەوەی تۆ نەڵێیت ئەو ئایەتانە هەمان واتایە، هەرچەند ئەمە گۆڕینی مانای ئایەتەکانی نییە، ئەو ئایەتانەی باســـمکردووە بۆشـــتی دیکە هاتوون، جیاوازە لەو ئایەتانەی کە دەســـت دەدەن لە دڵت و تۆزی سەر دەروونت لادەبەن.



Scanned with CamScanner

**پاشان..**

بەر لەوەی پەرەکە هەڵبدەنەوە و بڕۆنە سەر پەڕەی نوێ..

لە خودای پەروەردگار دەپاڕێمەوە ئەم کتێبە بکاتە پەندێکی باش بۆ بەخەبەرهێنانەوەی ئیمانت و، شـادی بەخشـی تەنهاییت بێت و، ڕازێک بێت بۆ ڕێنموونی کردنی ڕێگای ڕاستت..

بە ناوی خودا.. پشـــتیوان بە خودا.. هیچ پەنا و هێزێک جگە لە پەنای خودا نییە...



Scanned with CamScanner

# چونکە بەندەی تۆم

بەنرخترین نازناوێک مرۆڤی پێ بناسرێتەوە، نازناوی (بەندەیی بوونە) بۆ خودای پەروەردگار، هەر لەبەر ئەمەیە خودای پەروەردگار لە شکۆمەندترین و جوانترین حاڵەتدا بانگی پەیامبەر دەکات، دەفەرموێت:

﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ ﴾ الإسراء: ١

**((پاکو مونەزەهو بێ عەیبو بێ هاوەڵو هاو شانە ئەو خودا بەدە سەلاتەی؛ کە لەبە شێکی شەودا شەورەوی بەبەندەی خۆی؛ موحەممەد ﷺ کرد، لەمزگەوتی کەعبەوە بۆ مزگەوتی قودس؛ کە بەگوێرەی وەسائیلی هاتوچۆی ئەو رۆژگارە چل قۆناغە رێ لێك دوور بوون، ئەم ئیسراو میعراجە ساڵێك پێش کۆ چکردن بووە. ئیبن و سەعد لەکتێبی (الطبقات)دا دەڵێ: شەورەوی کردنی پێغەمبەر هەژدە مانگ پێش کۆچکردن بووە)).**

ئەی فەرموو بە پەیامبەرەکەم، یاخود بە نێردراوەکەم...

هەروەها خودای پەروەردگار دەربارەی پەیامبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ١٩ ﴾ الجن: ١٩

**(( کاتێك پێغەمبەرﷺ بەندایەتی خودای دەکرد، ئەو کۆمەڵە پەرییە لە(وادي النخلة) پەی گەیشتن و گوێیان لە قورئانخوێندنی پێغەمبەر بوو، ئەوەندەیان ئارەزۆ لەبیستنی قورئان بوو، واڵەدەوری پێغەمبەرﷺ کۆبوونەوە کەڵەکەیان کردو بە مل یەکانیشتن، خەریك بوو ببن بەیەك پارچەو وەکوو (لباد) یان لێ بێ، یان ببنە پارچە گۆشتێك لەجەستەی پێغەمبەرﷺ)).**

﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبۡدُ ٱللَّهِ يَدۡعُوهُ﴾ وەک بەندەیەک پەسنی دەکات، چونکە پەرستش بۆ پەروەردگار بنەمای شکۆمەندی مرۆڤە.

کاتێک عیسا سەلامی خودای لەسەر بێت بە منداڵی هاتەگۆ، فەرمووی:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيّٗا ﴿٣٠﴾ ﴾ مريم: ٣٠

**((عیسا وتی: من بەندەیەکی راستاڵی خودام، ئەوپەڕی بەندایەتی بۆ دەکەم، عیبادەت بۆ کە سی تر ناکەم، سەیر بکەن: لەوەدوا ئینجیلم بۆ دەنێرێ لەئەزەلدا بڕیاری داوەو مەزندەی کردوە: کە ببمە پێغەمبەرێکی خاوەن نامە، هەر چەندە هێ شتا نامەی بۆ سەر نازڵ نەکردوم. تەقدیری ئەوەی کردوە: کە ببمە پێغەمبەر بەمەش هەموو ئەو ڤ سەو تۆمەتانەی رەتکردنەوە: کە وەپاڵ دایکیان دابوو، چونکە هەرگیز پەروەردگار پێغەمبەر لەئادەمیزادی لەزینا پەیدا بوو نانێرێ، بەڵکوو پێغەمبەران پێرێکی پاك و خاوێن و رەچەڵەك و گەرا بێ خەوشن)).**

ئەی پەروەردگار منیش بەندەی تۆم.... تۆ دەپەرستم.

چونکە من بەنـدەیەکی ئـاتـاجی بەردەرگـای تۆم... بە ملکەچی لە بەردەستتدام.. لە بەردەم دەسەڵات و توانای تۆدا بەوپەڕی لاوازییەوە وەستاوم... لە بەردەم بەرفراوانی زانستی تۆدا ناشارەزا داماوم... لێم خۆشببە... ئەمە ڕاستێتی ئەو فەرموودەتە: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴿٤٨﴾ ﴾ النساء: ٤٨

**((بێگومان پەروەردگار خۆش نابێ لە کەسێك شەریك بۆ خودا دابنێ، خودا خۆش نابی لە بەندەیەك بە موشریکی مرد بێ، مەبەست بە شیرك کوفری گ شتییە کە شێوەی کوفری جوولەکەکانیش دەگرێتەوە، جگە لە تاوانی شیرك بەم مەبە ستە گ شتییە ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ لە تاوانەکانی تر**

خۆش دەبێ، کە سێك هاوەڵ بۆ خودا دابنێ تاوانی گەورەی ئەنجام دابێ، ئەگەر لە سەر ئەو حاڵەتە بمرێ خودا لێی خۆش نابێ. هەرکە سێك هاوەڵ بۆ خودا دابنێ، پێی وابێ جگە لە خودا کە سێکی تریش بەدیهێنەرە، یاسادانەرە، حەرامو حەڵاڵ دەست نیشان دەکا، ئەوە تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوەو تاوانەکانی تر لە ئاستیا خۆ بە بچووك دەنوێنن)).

چونکە بەندەی تۆم میهرت بەسەرمدا ببارێنە... ئەمە ڕاستێتی ئەو فەرمـوودەتە: قَالَ تَعَالَى:﴿ ۞ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴾ الزمر: ٥٣

(( ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵکە بڵێ: ئەی بەندەکانی خودا ئەوانەی زێدەڕەوییان کردووە لەتاوانکردنو سەرپێچیکاری فەرمانی خودا، هەرگیزاو هەرگیز لە ڕەحمەتی خودا نائومێد مەبن، ئەی تاوانباران لە لێخۆشبوونی خوا نائومێد مەبن. چونکە بێگومان خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێ. مەگەر هاوەڵدانان بۆ خوداو لێشی ژیوان نەبیتەوە)).

چونکە بەندەی تۆم وەڵامی داواکارییەکەم بدەرەوە.. ئەمە ڕاستێتی ئەو فەرموودەتە: قَالَ تَعَالَى:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ البقرة: ١٨٦

((ئەی پێغەمبەر هەرکاتێ دەربارەی من بەندەکانم پرسیارت لێ بکەن، تۆ پێیان رابگەیەنەو بۆیان روون بکەرەوە: کە پێویستە لە هەموو طاعەتو خوداپەرستییەکدا ئیخلاصو دڵسۆزی بەردەوامییان هەبێ، رووی نزاو پاڕانەوە با تەنها ئاڕاستەی من بکەن، کەس نەکەن بە هاوبەشو بەرامبەرم،

پێیان رابگەیەنە: کە من لێیانەوە نزیکم، لە نێوان منو ئەواندا پەردەو نێوان نیە. هەموو دوعاو نزاو پاڕانەوەو سرتەو ورتەی لێویان دەبیسم، کەس رایەی ناکەوێ جگە لە خۆم وەلامیان بداتەوە، کەوابێ با ئەوان پابەندبن بە شەریعەتو یاسام با ئەوان بەگوێم بکەن ئیمانم پێ بهێنن، بەلکوو رێگای حەقو راست بدۆزنەوەو بیگرنەبەر. واتە: کەمن لێیان نزیک بمو وەلامی نزاو پاڕانەوەیان بدەمەوە، با ئەوانیش بەدەنگ منەوە بێنو کارێك بکەن شایانی وەلام دانەوە بن، وەکوو من خودایەکی بەرەحمو بەزەییم بۆیان، با ئەوانیش بەندەی راستالو بەئەدەبو گوێڕایەل بن، پابەندی فەرمانەکانم بن. بەلکوو ئەوانیش شارەزای رێگەی راستبنو بزانن خوداپەرستی بەڕاستی چۆنە)).

چونکە بەندەی تۆم بەرگریم لێدەکەیت... ئەمە راستیتی ئەو فەرموودەتە: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ﴿٣٨﴾ ﴾ الحج: ٣٨

((بێگومان پەروەردگار شەڕی شەڕ خوازان لەو بەندە خاوەن باوەڕانەی خۆی دوور دەخاتەوە: کەپشتیان بەخودا بەستووەو بۆلای ئەو گەڕاونەوە، پارێزگارییان دەکاو یارمەتییان دەدا، بەسەر دوژمنانی خۆیو ئەوان دا سەریان دەخا. بێگومان پەروەردگار هیچ کاتێ خائینو کافرو سپلەو پێ نەزانی خۆش ناوێن. مەبەست ئەوەیە: موسولمانان خۆ شەویستی خودان. وەخودا دوژمنانیان سزا دەدا)).

چونکە بەندەی تۆم هەرگیز بێئومێد نابم... هەرچەند پێویستی و غەمباری و ئاتاجیم هەبێت بە دەممەوە دێت و دەروازەم لێدەکاتەوە... ئەمە راستیتی ئەو فەرموودەتە: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ یوسف: ٨٧



Scanned with CamScanner

چونکه بەندەی تۆم سـەرجەم کاروبارەکانم بەڕێدەکەیت، بەبێ جیاوازی بچووک بێت یان گەورە... ئەمە ڕاستیتی ئەو فەرموودەتە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ۝٥ ﴾ السجدة: ٥

((ئیش‌وکاری بوونەوەر بەدەستی خۆیەتی، ڕاگرتنی بونەوەرو بەڕێوەبردنی بەعالەمی باڵاو پایینیەوە بەو شێوە تۆکمەو ڕێك و پێکە تایبەتە بەخوداوە هەر ئەو هەڵیدەسوڕێنێ، هەموو کارو بارێکی بوونەوەر کەلەئاسمانەکان و زەوی و ناویاندا هەیە، ڕۆژی قیامەت ئاکامەکەی بۆ لای خوا بەرز دەبێتەوە، سەرەنجامی هەموو شتێك بۆ لای ئەوەو ئەو بڕیاری یەکالاکەرەوە دەربارەیان دەردەکا. ئەندازەی ماوەی ڕۆژی قیامەت هەزار ساڵی تەواوە لەو ڕۆژو مانگانەی ئێمە لەژیانی دونیادا حیسابیان پێ دەکەین. دیمەنەکە لەذیهنی ئادەمیزاد نزیك دەکاتەوە، ئەگینا مەودای تەدبیرو بەڕێوەبردنی خودا لەمەودای ئاسمانەکان و زەوی بەرفراوانترە، وەلێ هەستی ئادەمیزاد بەسیەتی کە لەبەرامبەر ئەو مەجالە فراوانەدا بوەستێ و سەرنج بداتە بەشێك لەدیاردەی بەڕێوەچوونی ئاسمانەکان و زەوی)).

چونکە بەندەی تۆم لە پیلانی خراپەکاران دەمپارێزیت... ئەمە ڕاستیتی ئەو فەرموودەتە: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً ۝٦١ ﴾ الأنعام: ٦١

((واتە: پەروەردگار خودایەکی وەهایە، لە شەودا گیانی بەندەکانی وەردەگرێتەوە لە کاتی نوستندا ئادەمیزاد وەکوو نیمچە مردوویەکی لێ دێ و هەست و خوستی لێ دەبڕێ، ئەمە پێی دەگوترێ مردنە بچکۆڵە. نیمچە مردن. خودا ئاگادارەو دەزانێ بە ڕۆژ چی دەکەن و چی دەڵێن؛ ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی تێخزێنراوەو ئەوە دەگەیەنێ کە زانستی خودا هەموو شتێك

دەگرێتەوەو هیچ هەڵس‌و کەوتێکی مەخلوقاتی خۆی بەشەو بە ڕۆژ لێ هون نابێ‌و ئاگای لە هەموو کردارو گوفتارێکیانە، هەموو جوڵانەوەو ئارام گرتنێکیان دەزانێ. پا شان بە ئاگاتان دێنێتەوە لە ڕۆژدا بۆ ئەوەی کاروباری ڕۆژانەی خۆتان ئەنجام بدەن، ئەم هاتوو چوو نو ستن‌و بە ئاگاهێنانەوەو هەوڵدان‌و تێکۆ شانە شتان بە ڕۆژو بە شەو بۆ ئەوەیە کە ماوەی دیاری کراوی تەمەنتان بە سەر بەرن، هەرکە سە ماوەی ژیانی دونیایی خۆی تەواو بکاو ڕۆڵی خۆی ببینێ، چونکە تەمەن‌و ئەجەل‌و کاتی مردن‌و شوێنی، لە زانیاری خودادا لەوە پێش دیاری کراون‌و براوەتەوە ئەمجار گەڕانەوەتان بۆلای خودایە، هەرکە کاتی خۆی هات زیندووتان دەکاتەوەو چیتان کردووە، بیر تان دێنێ تەوەو دەیخاتەوە بەردەمتان‌و بە گوێرەی کردارو گوفتار تان سزاو پادا شتتان دەداتەوە، خراپە بە خراپە، چاکە بە چاکە. زۆر عادیلانە حیساب‌و لێکۆلینەوەتان لەگەڵدا ئەنجام دەدا، کەس نیە دە ست بەردە ستی بێنێ‌و بتوانێ ببێتە لەمپەڕو نەهێڵێ دادگایی خۆی ئەنجام بدا، تەنانەت بەبێ ئیزن‌و ڕەزامەندی ئەو، کەسێك نیە بتوانێت شەفاعەت بکا)).

لانی عبدک...

بە تەواوی دەزانیت بۆ کوێ دەڕۆم و ڕووم لە کوێیە!

لە کاتی ناخۆشـــییەکانمدا بە ملکەچی و ســـەرکزی دەگەڕێمەوە بۆ بەردەم دەرگای تۆ...

بەڵام لە خۆشیشدا هەر دەگەڕێمەوە بۆلای تۆ...

ســـوپاس و ســـتایش بۆ تۆ لەســـەر ســـەرجەم بەخشـــشـــەکانت بەسەرمەوە...

دەگەڕێمەوە بۆلات...



Scanned with CamScanner

ســــتایش کردن و پیاهەڵدانەکانم بۆ تۆ هەژارانەیە، چونکە من بەندە هەژارەکەی تۆم...

خودایە من ئەو عومەرەم کە تۆ دەزانیت چیم

نەک ئەوەی کە خەڵک دەمناسن

ئەی خودایە ئەوە منم... عومەر... ئەو بەندە لاوازەت..

بانگی خەڵک بۆلای تۆ دەکەم..

چونکە بەندەی تۆم..

بانگیان دەکەم بۆلای تۆ...

چونکە تۆ ڕاستیت.. ئەوەی شوێنت بکەوێت ڕاستە...

بێگومان...

تۆ وەرم دەگریت... سەرفرازیش بۆ تۆ و پەیامبەر و بڕوادارنە..

بێگومان...

هەمیشە لێو بەخەندەم، چونکە بەندەی تۆم...

دەمبینی دەکەوم، وام لێدەکەیت هەستمەوە.. چونکە بەندەی تۆم!

دەمبینی دەگریم، وام لێدەکەیت پێ بکەنم... چونکە بەندەی تۆم!

دەمبینی خۆم بە بەهێز نیشــان دەدەم، چاوپۆشــیم لێدەکەی... چونکە بەندەی تۆم!

دەمبینی لە نـاخی خۆمـدا یـادت دەکەم، تۆش لەلای خۆت بـاســـم دەکەیت... چونکە بەندەی تۆم!

دەمبینی لە بەردەم خەڵـک بـاســـت دەکەم، تۆش لە نـاو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی باشتر لەوەی من باسم دەکەیت.. چونکە بەندەی تۆم!



Scanned with CamScanner

من بە چیرۆکێکی خۆشەویستی تایبەتی لەگەڵ خودای خۆم دەژیم..

دەمەوێت هەمیشە خۆشی بوێم..

دەمەوێت هەمیشە خۆشنوود بێت لێم..

دەسا خودایە...

تەواو لوتبەرزیم دەخەمە سەرزەوی

((ملکەچی و ترس و ئەوین و خۆشەویستیم بۆ تۆیە، تۆش میهر و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی خۆت لە چارەم بنووسە))

چونکە بەندەی تۆم.. تۆ پەروەرێنمیت..

من هەست بە بەختەوەرییەکی بێ کۆتا دەکەم..

تەنها ئەوەندەم بەسە تۆ پەروەردگارم بیت، باشترین پەروەرێنیت!

بەسە بۆ من تۆ خۆشەویستم بیت، باشترین خۆشەویستیت!

بەسە بۆ من تۆ نۆژدارمیت، باشترین نۆژدار!

بەسە بۆ من تۆ جوانیت لام، جوانترین جوانانیت!

بەسە بۆ من تۆ هەمیشەییت، هەر تۆ نەمریت!

جگە لە تۆ کێم هەیە؟!

هەموو ئاوازێک خۆشەویستی خۆی هەیە

من بە تامەزرۆیی و خۆشییەوە گۆرانی بۆ تۆ دەچڕم

هەموو چاوێک ئارەزووی بینین ڕووی خۆشەویستەکەی هەیە

من تامەزرۆی دیدەنی ڕووخساری جوانی تۆم

چونکە بەندەی تۆم.. هەرگیز سـەرم بۆ بەندە دانانەوێنم.. چۆن ئەوە بکەم لە کاتێکدا پارێزەر و بەدیهێنەرمیت؟!



Scanned with CamScanner

تۆ میهرەبانیت بەرامبەر بەندەکانت

میهرت بەسەر ئەم بەندە بچووکە چاولەڕێیەت بباریێنە..

خەریکە گریان لەناوم دەبات

لای تۆ تکاکان ون نابێت

تۆ ئارامی بەخش و نزیکیت

دەستم بۆ تکات بەرزکردووەتەوە

بەدەم نزاکەمەوە وەرە..

بەدیهێنەری خۆشەویستم..

من زۆر نوێژ و ڕۆژوو و چاکە و یادی تۆم نییە..

بەڵام دڵم پڕیەتی لە خۆشەویستی تۆ..

هەر لە بنچینەدا ئەم دڵەی کە بەدیت هێناوە لەگەڵ هەموو لێدانێکدا بە خۆشەویستی تۆ نوێدەبێتەوە دڵخوازم..

وەک ئیبنو تەیمییە دەفەرموێت:

(دڵ تەنها بۆ خۆشەویستی پەروەردگار بەدیهاتووە)

دڵم بۆتۆ.. ئاوەزم بۆتۆ.. ئەی جوانترینی گەردوون.

خودایە.. تۆ خودای من و ئەوانەشـــیت کە جگە لە تۆ خودای دیکە دەپەرستن!

من بە تەواوی دەزانم و دڵنیـام تۆ توانـای لێخۆشـــبوونت هەیە لە توانەکانمان، خودایە لە تاوانەکانم خۆشبە..

چونکە بەندەی تۆم.. لە ســـایەی تۆیە من تەندروســـت و لەشـــاغم سوپاس و ستایش بۆتۆ، پاک و بێگەردی بۆ تۆ کە هەرکەست ویست



Scanned with CamScanner

ڕاوەستاوی دەکەیت لەسەر ئەم دینە.. خودایە من لە سەر پردی پەڕینەوەی قیامەت ڕاوەستاو و ڕاستڕەو بکەیت خودای بەخشندە و میهرەبان..

قَالَ تَعَالَى: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ الأنعام: ١٦٢

**((ئەی محمد! پێیان بڵێ: بێگومان هەموو جۆرە خوداپەرستییەکم، نوێژو پاڕانەوەو قوربانیو حەجو عەمرەو هەموو کردارو گوفتارێکم لە ژیاندا، ئەو بیرو باوەڕەی لە سەری دەمرم هەمووی بۆ خودای پەروەردگارەو مەبەستم لە ئەنجامدانیان بەندایەتی کردنی زاتی پاکی کردگارە، هەموو کارو مەبەستو نییەتم بۆ رازی کردنی خودای مەزنو بێ هاوەڵە! بێگومان ئەم ئایەتە کۆکەرەوەی هەموو کردارێکی چاکەیە، هەموو کردارو گوفتارێکی باشی لە خۆ گرتووە!)).**

من هی تۆم..

کردەوەکانیشم بۆ تۆن..

ژیانم بۆ تۆیە..

مردنم بە دەست تۆیە..

من بەندەیەکم دان دەنێم بە هەموو تاوانەکاندا..

ئەگەر سزام بدەیت بە هۆی بەدکرداریمەوەیە..

ئەگەر لێم خۆشبیت تۆ باشتر من دەناسیت.

ئەگەر بمەوێت هەڵبێم لە دەسەڵاتت بۆ کوێ هەڵبێم

بەڵکوو پەنا بۆ بەخشندەیی تۆ دەبەم.



Scanned with CamScanner

لەگەڵم ڕابمێنە..

کاتێک هەست دەکەیت کەسێک خۆشتیدەوێت هەست بە وزەیەکی زۆر و ئاسوودەیی دەکەیت..

کاتێک دەزانیت مرۆڤێک خۆشـیدەوێیت ئەوە بە جوانترین شـتی ژیان دەزانیت..

کاتێک هەست دەکەیت مرۆڤێک خۆشیدەوێیت وا هەست دەکەیت دونیا بۆ تۆ فراوانبووە..

ئەی هەستت چۆن ئەگەر پەروەردگاری مرۆڤەکان خۆشیبوێیت؟!

هەســـتت چۆن کـاتێک بەدیهێنەری وزە و، بەدیهێنەری جوانی و، بەدیهێنەری تەواوکـار و، بەدیهێنەری تەنگـانە و ئـاســـوودەیی تۆی خۆشبوێت؟!

هەســـتت چۆن کـاتێک بزانیت خودای پەروەردگـار لەو بەرزییەوە خۆشی دەوێیت؟!

کاتێک خودا خۆشیویستیت خۆشەویستی تۆ دەخاتە دڵی هەمووانەوە!

نەک تەنها مرۆڤ!

بەڵکوو تەنانەت فریشتەکانیشەوە!

یەکەم کەس کە خۆشی ویستی لە فریشتەکاندا جبریلە،

کەسێک دەبیت لە خۆشەویستراوانی زەوی!

هیچ مرۆڤێک نییە تۆ ببینێت ڕووناکی تۆ لە دڵیدا نە چەسپێنێت

سوێند بەخودا ئەمە لەوپەڕی جوانی و تەواویی خودایە ئەگەر خۆشتی بوێت.

ڕووناکییەکت بۆ تەرخان دەکات لە ناو مرۆڤەکاندا دەڕۆیت!



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی خەڵک بەهرەیەکی گەورەیە

ئای لەو بەهرە گەورەیە!

ئەی چەند گەورەیە ئەگەر خودا خۆشتیبوێت!؟

کاتێک خودا خۆشتیویستی بەردت بۆ نەرم دەبێت، هەموو شتێ بۆ تۆ تەرخان دەبێت، بێگیان خۆشــتی دەوێت، زەوی و نهێنییەکانیت بۆ بەردەست دەبێت!

کاتێک خودا خۆشتیویست لە تاوانەکانت خۆشدەبێت!

کاتێک خودا خۆشـــتیویســـت گوێت دەبێت بەو گوێیەی ئەو پێی دەبیستێت، چاوت دەبێت بەو چاوەی ئەو پێ دەبینێت، دەستت دەبێت بە دەستی ئەو، قاچت دەبێت بە چاقی ئەو؟!

کاتێک خودا خۆشتیویست ناوت لە ئاسمان بەرز ڕادەگرێت!

کاتێک خودا خۆشتی ویست براوەی دونیا و دوارۆژ دەبیت!

کاتێک خودا سەیرت بکات، ئەوکاتە هەرگیز سزات نادت!

کاتێک خودا خۆشتیویست بە خۆیەوە سەرگەرمت دەکات!

کاتێک خودا خۆشـتیویسـت داناییت پێ دەبەخشـێت، ئەوەی دانایی پێ ببەخشرێت بە ڕاستی چاکەی زۆری دەست کەوتووە!

کاتێک خودا خۆشـتیویسـت وادەکات خەڵکانی دیکە کارت بۆ ئاسـان بکەن!

کاتێک خودا خۆشتیویست دەبیتە پەروەشیاری خۆت!

کاتێک خودا خۆشتیویست سەرکەوتنی زۆر مەزنت پێ دەبەخشێت!

ئەوەی خودا لە دەست بدات چی دەست دەکەوێت!؟

ئەوەی خودا بەدەست بهێنێت چی لە دەست دەدات!؟



Scanned with CamScanner

دڵی زۆر لە مرۆڤەکان هێندە پەیوەستە بە مرۆڤەوە هێندە پەیوەست نییە بە بەدیهێنەری مرۆڤەوە!

بۆیە زۆریان دەبینین کاتێک یەکێکیان لە دەست دەدەن تووشی خەمۆکی و هەژان و ترس و بیم دایدەگرێت و زۆرجار پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن!

من ناڵێم لەدەستدانی ئازیزان ئازاربەخش نییە!

بەڵام هەرکەس خووبگرێت بە ئارامگرتن و نزاکردنەوە هەرچەند خەم و پەژارە لەسەری کەڵەکەبێن؟!

کەمە!

خودای پەروەردگار باسی نزا و ئارامگری دەکات کە چەند مەزنن!

قَالَ تَعَالَى: ﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ۝٤٥﴾ البقرة: ٤٥

**((لەهەموو تەنگانەو پێداویستییەکانتانا، لەکاتی بەڵاو موسیبەتدا پەنا بەرن بۆ صەبرو خۆڕاگریو گەڕانەوە بۆلای خوداو ڕۆژوو گرتن، واتە: صەبرو نوێژ بکەن بە قەڵغانو سوپەر بۆ هەموو تەنگانەو ئاستەنگو گیرو گرفتێك. بێگومان بەجێ هێنانی نوێژەکان لەکاتی خۆیانداو ئەنجام دانیان وەکوو پێویست کارێکی قورسو گرانە، مەگەر بۆ کەسانێك نەبێ کە لەخوداترسن)).**

تۆ خوو بە نوێژ و نزاو ئارامگرییەوە بگرە بە ڕاستی چارەسەرێکی سەرکەوتووە!

لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە:

خودا دەفەرموێت:



Scanned with CamScanner

نەوەی ئادەم!

تۆم بۆ خۆم بەدی هێناوە و هەموو شتم بۆ تۆ بەدی هێناوە!

بەڕاستی خۆم سوێندت دەدەم سەرقاڵ نەبیت لێی بەو شتانەی کە ئەو بۆتۆی بەدی هێناوە.

خودا تۆی بۆخۆی بەدی هێناوە!

ئیدی بۆ خۆتی لێ نزیک ناکەیتەوە!؟

خودا هەموو ئەو شتانەی بۆ تۆ بەدی هێناوە..

ئیدی بۆ کاتێک شتێکی بچووک لە دەست دەدەیت هاوار دەکەیت!؟

لە بنچینەدا تۆ هی خودایت ئەو بەدی هێناویت!

واتە تۆ بەندەی ئەویت، تەنها بڵێ: گوێڕایەڵی فەرمانتم!

ئێمە بەندەی بچووکی پەروەردگارین..

بەدی نەهێنراوین شانازی بە شێوەی خۆمان بکەین

مەبەستی بەدی هاتنمان زیندووکردنەوەی بانگەوازە

ئیسلام لە هەموو جێگەیەک بڵاو بکەینەوە

دەروونەکان بەرەنگاڵەی ژیان بڕازێنینەوە

وەک دڵۆپی باران بەردەوام بین.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾﴾

الفاتحة: ٦ - ٧

**((خودايە! شارەزاييمان بكە بۆ ڕێگەی ڕا ستو سەرفرازیو بمانگەیەنە بەمرازو مەهێڵە لەڕێبازی ڕاستەقینەی خوداپەرستی لابدەین، ڕێنوماییمان بكە بە شێوەیەك ئەو ڕێنوماییكردنە لەگەڵمان بێ، ڕێنومایێك بێ دە ستی قودرەتی لەگەڵ بێو نەهێڵێ لەڕێگای ڕا ست لابدەین. ڕێنوماییمان بكەو بەردەوامماان بكە لە سەر ڕێبازی پێغەمبەرانو ڕا ستگۆیانو ڕا ستاڵان، ئەوانەی نیعمەتی عیبادەتو خوداپەر ستیو حەقنا سیت پێ بەخ شیون، دڵیان بەخوداپەر ستییەوە پەیوە ست بووەو هەموو خێرو خۆ شیەكیان لەبەندایەتیو سوپا سگوزاری زاتی پاكت بینیوەو سەرفرازی هەردوو جیهان بوون)).**

نەمن نەتۆ هیچ سوودێک بە ئیسلام ناگەیەنین!

ئەو هەر دەمێنێت

هەتا ڕۆژی زیندووبوونەوە بە شکۆمەندی بەردەوام دەبێت

بەوەی تۆ پابەندی فەرمانەکانی دینیت لە خۆت دەرنەچیت

ئەو داوای ئەوەت لێ دەکات کە ڕاوەســـتاو و پابەند بیت لەســـەر بەرنـامەو ڕێگە ڕاســـتەکەی، چونکە ئەو ڕێگە ڕاســـتە ڕێگەی ئەو پێغەمبەرانەیە کە خودا بەهرەمەندی پابەندبوونی پێ بەخشـیون، چەند

کەسی چاک بەدکردار بووە، چەند کەسی بەد کرادیش ڕێگەی ڕاستی گرتووە..

چیرۆکێکی کورتتان بۆ دەگێڕمەوە کە ڕاستی ئەوەی دەیڵم دەسەلمێنێت:

ئەبو عەبدوڵلای لوغەوی چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە: گەنجێک هەبوو، کوڕێکی چاکەکاربوو، بەلای ماڵی مەسیحییەکدا تێپەڕی، چاوی کەوت بە کچەکەیان، پێی سەرسام بوو، پاشان خۆشی ویست، دەستیان کرد بە نیگا گۆڕینەوە، تا وای لێهات دڵی داگیرکرد، وابەستەی بوو، کەوتە ئەوینییەوە تاگەیشتە ئەوەی ئەو گەنجە لەبەرخاتری ئەو کچە نەخۆش کەوت.

چونکە نەیدەتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، هەروەها ئەویش نەخۆش کەوت چونکە بەهەر هۆکارێک هەبێت نەیدەتوانی هاوسەرگیری بکەن، لەگەڵ ئەوەی مسوڵمان دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی مەسیحی و جوولەکە بکات، بەڵام بەهۆکارێک بەیەک نەدەگەیشتن، ئەم گەنجە هێندە نەخۆشییەکەی لەسەری گرانبوو لە جێداکەوت، خەریکبوو دەمرد، نان و ئاوی بۆ نەدەخورا! ئەبو عەبدوڵلا دەڵێت: سەرم لێدا، بۆئەوەی خودای بەبیر بهێنمەوە و، پەشیمان ببێتەوە، پێی وتم ئەی باوکی عەبدوڵلا!

وتم: بەڵێ کوڕم.

وتی: دەزانی من خۆشم دەوێت، تازە ئەوم لە دنیا دەست نەکەوت، نامەوێت لە ڕۆژی دوایش لەدەستی بدەم.

وتم: جا کوڕم ئێستا چیت دەوێت؟!

وتی: ئەو مەسیحییە! ئەوە من شایەتی دەدەم بڕوام بە دینی محمد نەما!!

لەسەر دینی ئەو کچە دەمرم!!

وتم: تۆ شێت بوویت؟!

گەنجەکە هاواری کرد و مرد!!

باوکی عەبدڵڵا وتی: ئەم ڕازەم شاردەوە، بەڵکوو خودا لێی خۆشبێت.

دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەک کچە مەسـحییەکە بە هۆی لە دەسـتدانی هاوڕێکەیەوە زۆر دڵتەنگ بوو..

بەر لەوەی بمرێت...

ئەبو عەبدڵڵا ڕۆشت بۆ ئەوەی سەر لە کچەکە بدات، و ڕزگاری بکات، داوای لێکرد مسوڵمان ببێت.

کاتێک کچە مەسیحییەکە ئەبو عەبدڵلای بینی وتی:

ئەی باوکی عەبدڵڵا!

دەزانی من و ئەو کوڕە چین و چی ئاینێکمان هەیە؟!

ئەبو عەبدڵڵا وتی: دەزانم.

وتی: من شایەتومان دەهێنم لەسەر دینی ئەوم.

(أَشْهَدُ أَنّ لّا إِلَٰهَ إِلّا الله وأَشْهَدُ ان محمداً رسول الله) لەسەر ئیسلام مرد

لە دنیا و دوارۆژ لە یەک دابڕان.

هەمیشە وادینداری بکە تەنها لە پێنا و خودای پەروەردگار بێت.

ئەمەکداری بۆی:

خۆشەویستی ڕاستەقینە:



Scanned with CamScanner

هیچ مرۆڤێک نییە لەم سەرزەوییەدا خۆشت بوێت و دڵسۆز نەبێت بۆی، خۆشەویستی ڕاستەقینە هەرگیز ناپاکی لێ ناکەیت، پەنا بەخودا ئەگەر ناپاکی لێ بکەیت.

کارکردن:

((پەیمان پارێزی لە کردەوە چاکەکاندا بەردەوامبوون لەسەر کردەوەی پەسەند و چاک: گوێڕایەڵی، واز هێنان لە خراپەکاری، واتە: تاوان، چونکە ئەمە ڕاستی پەیمان پارێزییە بۆ خۆشەویست)).

پاڕانەوەی ڕاست:

((خۆشەویستی نزاکردنە، هەر لەبەر ئەمەیە پەیامبەر (ﷺ) دەفەرموێت: " خودایە ئەی ئەو کەسەی دڵەکان هەڵدەسوڕێنیت دڵەکانمان لەسەر دینی خۆت ڕاوەستاو بکە"، هەروەها کاتێک کەسێکت خۆشدەوێت هەمیشە بە باشە ناوی دەبەیت، ئەگەر بەردەوام لەگەڵت بێت تەنانەت دواییش لێپرسینەوەت بکات هەستت چۆن دەبێت بەرامبەری؟! نموونەی باڵا بۆ خودایە، دەی لەبەر ئەوەی هەمیشە خودا لە دڵتدایە، بەونزایە لێی بپاڕێرەوە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٦﴾ البقرة: ٦

پاک و بێگەردی بۆ خودا!

هێشـــتا مرۆڤ گەلێکی یاخی و ڕەنجکێش هەیە، لەم ئایەتەدا باســـی چیرۆک و ماجەرای ئەوانەمان بۆ دەکات!

ئەم ئایەتە ئەوەی فێرکردووم:

مرۆڤی زۆر هەن کە ئێمە بەکردەوە و گوفتار چاکەی زۆرمان لەگەڵ کردوون، بەڵام ئەوان بڕوایان بەو خۆشـــەویســـتییەی ئێمە نەکرد جا ئەگەر بۆیان بســـەلمێنین یان نا ئەوان بڕوا بە خۆشـــەویســـتی ئێمە ناکەن.

مرۆڤەکـان جیـاوازن لە یەکـدی، هەنـدێکیـان زۆر دەمـارگیرن، بۆیە ئارخەیان بە، هەرکەس بڕوای بە خۆشەویستیت نەکرد

وازی لێبهێنە.

((بێگومان ئەوانەی کافرو بێ بڕوان یەکـ سانە لایان بیانترسێنێ یان نەیانترسێنێ ئیمان ناهێنن، باوەڕت پێ ناکەن. بە پێغەمبەرت نازانن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾﴾ البقرة: ١٥٥

**((مزگێنی بۆ ئەوانەی هەمیشە ئارامگری و لەسەرخۆییان لە گەڵدایە، هەرچەند ڕێگا دووربێت هیوا لە دەست نادەن))**

بەســـە بۆ ئارامگران پەروەردگار دروودیان لەســـەر دەدات بە هۆی ئارامگریان پلەیان بەرز دەکاتەوە.

ئارام بگرە، دونیا خانەی ناهەمواری و تەنگانەیە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾﴾ الأعلى: ١٧

بەهەشت بە ڕەوشتبەرزی ڕووپۆش کراوە

ئەگەر گەیشتن بە بەهەشت کارێکی ئاسان بوایە

کاتێک دەڕۆینە ناوییە ئەو چێژە خۆشەی نییە

چونکە پێشتر چێژی زۆر شتمان لە دنیا کردووە، بەڵام نەگەیشتووین بە چێژی ڕاستی

بۆ ئەوەی خۆمان بۆ ڕۆژی دوایی ئامادەساز بکەین.

نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە:

ئەگەر کەسێک بە واستە زانکۆ تەواو بکات ئایا وەک ئەو کەسە چێژ لە بڕوانامەکەی دەبات کە بە توانا و کۆشـــشـــی خۆی بڕوانامە بە دەست دەهێنێت؟!



Scanned with CamScanner

نەخێر! بە دڵنیاییەوە کۆشش کارەکە ئاسـوودەتر دەبێت، چونکە زۆر ماندووبووە و بۆ گەیشتن بەو ساتە زۆر کۆششی کردووە.

هەروەها ئەوەی کە زۆرتر بە کۆشـــش کردن ماندوو دەبێت، هەرچی خودا و پەیـامبەرەکەی فەرمـانی پێ بکەن دەیکـات دەگـات بە خۆشنوودی پەروەردگار، پشتیوان بە خودا هەرگیز بێئومێد نابێت.

پێویســـــتە بڕوادار کۆشـــش بکات و تاقی کردنەوە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بگات بە بەهەشـت، بە ئەندازەیەک ئاسـوودە دەبێت کە هەرگیز نیگەرانی ڕووی تێ ناکات، هەرگیز بە بیریدا نایەت کە بۆ ســــاتێکیش تووشی تاڵی ژیان بووبێت.

پرسیار لە پێشەوا ئەحمەد کرا:

کەی پشوو دەدەین؟!

وتی: ئەوکاتەی یەکەم جار قاچ دەخەینە ناو بەهەشتەوە.

دەی ئارامبە، چونکە پادشای گەردوون ئەم مزگێنییەت پێ دەدات!

**(( سوێندبێ ئێمە ئێوە بەتاقی دەکەینەوە بە کەمێک تر سان لە دوژمنانو بڕێ بەڵاو مو صیبەتی عادەتی ژیان وەکوو بر سییایەتیو گرانیو قاتو قڕیو فەوتانی بەروبوومو لەناو چوونی موڵکو دارایی‌تان، مردنی کوڕو کچو خاو خێزانو خزمو کەسو کارتان واتە: وامەزانن مو سوڵمان بوونو چوونە ناو ئی سلامتان ببێتە هۆی دەوڵەمەندیو زۆر بوونی ڕزقو ڕۆژیو فراوان بوونی سامانتان. بەڵکوو ئەو ڕووداوانە روو دەدەن بە گوێرەی دابو نەریتێک کە خودا لە بوونەوەردا بۆ درو ستکراوانی خۆی دایناون، مزگێنی بدە بەوانەی خاوەن صەبرن، لە کاتی تەنگانەو هاتنی بەڵادا خۆگرن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَتُحِبُّونَ ٱلْمَالَ حُبًّا جَمًّا ﴿٢٠﴾﴾ الفجر: ٢٠

هەرچیت هەیە لە دارایی و، ناو و، ناوبانگ و، تەندروســتی و، جوانی: تاقیکردنەوەن بۆت، خودا لە میانەی ئەوانەوە ســـەیرت دەکات بزانیت چۆن بەسەریان دەبەیت! ئەمان بۆ ڕێزگرتن و شکۆدارکردنی تۆ بەدی نەهێنراون، یان بۆیە تۆ دیاری کراویت لای خودا پەســـەندتر بیت، حەزدەکەیت بزانیت ئەو بە چ شـتێک خۆشــەویســتانی خۆی دەسـت نیشان دەکات؟!

کاتێک ئاشـنات دەکات بە بەهرەمەندی دین و ڕاوەسـتاویشـت دەکات لەسەری نیشانەی خۆشەویستی ئەوە بۆ تۆ.

لەدنیادا خوای پەروەردگار هەریەکەمانی بە شـــێوەی تایبەتی خۆی تاقی کردووەتەوە،

هەندێک لە خەلکی بە بەخشـــش تاقی کردووەتەوە، هەندێکیشـــی بە بەلاباری تاقیکردووەتەوە.

خۆت بێئاگا و ســەرمەسـت نەکەیت! لە هەر بارێکدا بوویت، لە هەموو ئان و ساتێکدا تۆ لە ژێر تاقیکردنەوەدایت..

بە باشی دەرکی ئەوە بکە بۆ ئەوەی وەلامی شیاوت هەبێت بۆی!

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾ الشعراء: ٨٨ - ٨٩

دڵێکی ساغ..

ئەو دڵەیە ئارەزووی شتێک ناکات خودا پێی خۆشنەبێت....

بڕوا بە هەواڵێک ناکات دژایەتی لەگەڵ نیگای پەروەردگار بکات..

تەنها بەحوکمی پەروەردگار کاردەکات و، جگە لە خودای پەروەردگار هیچ پەرستراوێکی دیکە بە شیاوی پەرستن نازانێت.

وەک سەعیدی کوڕی موسەیب دەڵێت:

دڵی ساغ دڵی بڕواداره

چونکە دڵی بێباوەڕ نەخۆشە، خودای پەروەردگار دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ البقرة: ١٠

**((لە دڵو دەروونیاندا نەخۆشی دووڕوویی‌و فێڵبازی هەیە، ناتوانن یان نایانەوێ ئایینی حەق بناسن‌و شوێنی بکەون. بۆ پتر بەدبەختی‌و چارەڕەشییان خودا نەخۆشی دڵو دەروونیانی بۆ دوو چەندانەو چەند چەندانە کردونەوە، تا بەتەواوی لە قوڕاویی گومڕاییدا سەرنگون ببن. بۆ ئەوان سزای بەئێشی دۆزەخ ئامادەکراوە بەهۆی ئەوەوە: کە درۆو دوو ڕوییان لەگەڵ پێغەمبەر موسوڵمانانادا کردووەو بەردەوامن لەسەری!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ ﴾ القيامة: ١٤

ئەم ئایەتە مەزنە ئەوەت فێردەکات کەهیچ کەس هێندەی خۆت تۆ ناناسێت!

هەرچەند ستایشت بکەن ئەگەر وانەبێت هیچ تۆ گەورە ناکات

هەرچەندیش بە خراپ باست بکەن ئەگەر تیاتدا نەبێت زیانی نییە

ناخت شـاراوەیە و، ویژدانت نەبینراوە، جگە لە خودای پەروەردگار و خۆت هیچ کەس نازانێت تۆ چی نهێنی و مەبەستێکت لە دڵدایە.

تۆ خۆت لەوان باشتر دەناسیت

تۆ لەوان باشتر خۆت دەناسیت

با بەدگویان هەر دەربارەت بڵێن، ستایش خوانانیشت هەر بەردەوامبن، تەنها خودای پەروەردگار تۆ دەناسێت

گرنگترینی دەوڵەمەندییە دونیاییەکان

گرنگترین ساماندار (دەوڵەمەندی خودییە)

با ناخت دەوڵەمەند بێت.

ئەم چیرۆکەم بۆئێوەیە:

پەیامبەر(ﷺ) زۆر کاری دەکرد لەسەر ئەوەی ئەبوجەهل بڕوا بهێنێت و زۆر تامەزرۆبوو بێتە ناو ئیسلامەوە، دایکو باوکم بە قوربانی بێت

هەموو جارێک کە دەیدا بە لای ئەبوجەهلدا لەگەڵی دەوەستا و بانگی دەکرد بۆ ئەوەی مسوڵمان ببێت...

ڕۆژێک ئەبوجەهل بە پەیامبەری (ﷺ) وت: ئەی محمد ئایا تۆ دەتەوێت من لای خوداکەت شایەتی بدەم کە تۆبانگەوازەکەیت گەیاندووە بە من؟ پەیامبەر (ﷺ) فەرموی: ئەی باوکی حەکەم من دەمەوێت بێیتە ناو ئیسلام.

ئەبوجەهل وتی: ئەی محمد ئەگەر بمزانیایە تۆ پەیامبەری خودایت (ﷺ) شوێنت دەکەوتم! بەڵام دەڵێم:

تۆ درۆزنیت!

ئەو وتەیە کاری لە پەیامبەر (ﷺ) کرد و نیگەران بوو بەو وتەی ئەبوجەهل.

پاشان نیگای بۆهات و، خودای پەروەردگار بە پەیامبەرەکەی دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ۖ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾﴾ الأنعام: ٣٣

**((ئێمە زانیومانە دەزانین کە ئەو کافرو خوانەناسانە تۆ بە درۆ دەخەنەوەو پەیامەکەت ڕەت دەکەنەوە، ئەتۆش بەو هەڵوێستەیان دڵتەنگ دەبیو غەمو پەژارە داتدەگری، چونکە تۆ دڵ سۆزی ئەوانیو بەرژەوەندی ئەوانت مەبە ستە، بەڵام ئەوان نەفامو گێلو تێ نەگەیشتوون. سەر چاوەی ئەم هەڵوێستو بەدرۆ خستنەوەی کافرەکان بۆ تۆ شتێکی دە ست ئەنقە ستەو سەرپێچی کردنی بێ بنەماو بێ بناغەیەو بەڵگەیان بە دە ستەوە نیە، ئەوانە لە ڕا ستیدا تۆ بە درۆزن نازانن، ئەتۆ لە دیدی ئەوانەوە ڕا ستگۆو متمانە پێ کراوی، لەوە پێش درۆیان لێ نەبیستووەو خیانەتیان لێ**



Scanned with CamScanner

نەبینیوی، هەموو کردارو گوفتارێکت لە ناویاندا ئەمانەتو را  ستی بووە، بەڵکوو ئەوانی  ستەمکارو  سەر ڕەق بەربەرکانی حەقو را  ستی دەکەن، ئینکاری نیشانەکانی ئایەتەکانی خودا دەکەنو بەلگەی تاکو تەنیایی خوداو را ستی پەیامەکەت رەت دەکەنەوە! لەبەر کورتە نامو سیو لەدە ست نەدانی بەرژەوەندییە تایبەتیە تە سکەکەی خۆیان بڕوات پێ ناکەنو بەربەرکانیت دەکەن، ئەگینا دەزانن کە پیغەمبەریو را ست دەکەی!!.تۆش ئەی پیغەمبەر خەفەت بەو هەڵوێستەی ئەوان مەخۆ، پەرۆشی ئەوانت نەبێ، صەبرو ئارام بدە بە دڵی خۆتو  چاو لە پیغەمبەرەکانی پێش خۆت بکە! ئەوە سرو شتی ئادەمیزادە لە سەردەمی کۆنو نوێدا)).

کاتێک پەیامبەر (ﷺ) ڕۆشـــت ئەبوجەهل بەو کەســـەی وت کە لە تەنیشتیبوو: سوێند بە خودا دەزانم ئەو ڕاست دەکات!

کاتێک ئەبوجەهل تۆمەتی درۆزنی دایەپاڵ پەیامبەر (ﷺ) ئەمە بەڵگە نییە کە ئەو ڕاست دەکات

ناچار نین بەو وەســـفەی ئەبوجەهل پەیامبەر بناســـین، بەڵکوو ئەمە شێرگیری و لوتبەرزی و نەخۆشیبوو تووشی ئەبوجەهل بوو بوو.

سەرچاوەکەی لە: (تۆ! تۆ!) هاتبوو.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلۡ مَا سَأَلۡتُكُم مِّنۡ أَجۡرٖ فَهُوَ لَكُمۡۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٞ ﴿٤٧﴾ ﴾ سبأ: ٤٧

هەرکاتێک چاکەیەک دەکەیت ئەمە لە ناخی خۆتدا دووبارە بکەرەوە، چاوەڕوانی پاداشت و سوپاسی هیچ کەس مەکە، ئەو بە باشترین و جوانترین شێوە پاداشتت دەداتەوە.

((ئەمن لە پاساوی ئەم بانگەوازییەم دا داوای کرێو پاداشتان لێ ناکەم بەڵکوو پاداشو کرێی من لای خودایە، من داوای پاداش هەر لە ئەو دەکە، پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێک دا))



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا ۖ يَٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ ۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ﴿١٠﴾ ﴾ سبأ: ١٠

ئەگەر خودا پشـــتیوانت بێت ســـەرجەم بوونەوەرت بۆ ڕام دەکات، ئەگەر ئەمە لەدیدی تۆ

بەدەر لە ئاوەزت بێت، دەپارێمەوە ئەی خودایە هەرکەس دەیەوێت پشتی بگرە، چۆن ناڕواتە ئاوەزتەوە خودات بەس بێت،

بڕوابوون بەم ڕاستییە پێویستە (واجب)، پرسیار لە چەندی و چۆنێتی مەکە، چونکە بەخشینەکانی پەروەردگار

ئاوەزی مرۆڤ سەرسام دەکات.

((بێگومان بەخشیمان بەداود لەلایەن خۆمانەوە فەچڵو ڕێزی تایبەتی. پلەو پایەی پێغەمبەرێتیو ملکو سەڵتەنەتی پاشایەتی، دەنگی خۆشو کاریگەر بەجۆرێک هەر کاتێک تەسبیحاتی کردبێ کێوەکانو باڵندەکان لەگەڵیدا دەیانگوتەوە. ئێمە ئاســـنمان بۆ داود نەرم کرد، بەئارەزۆی خۆی شـــتی لـــــێ دروســـت دەکرد. بەبێ ئەوەی چەکوشو ئاگر بەکاربێنێ، بەڵکوو ئەو ئاســـنە ڕەقو پتەوەمان لەدەســـتیدا وەکوو داوەدەزو یان وەکوو هەویرو مێوو ڕۆنو قوڕی صـــەناعی نەرمو بەیدەست کردبوو، فەرمانمان پێ کرد)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ۝٥٩ ﴾ الأنعام: ٥٩

ئەی چۆن ئاگای لە ڕشتنی فرمێسکەکانی چاوت نییە؟!

ئەی چۆن ئاگای لە دڵپژانت نییە؟!

ئەی چۆن ئاگای لە هەنیسکی گریانت نییە؟!

((لە هەر شوێنێنكو لە هەر كاتێكدا پەڵكە گەڵایەك لە دارێك هەڵوەرێ خودا پێی دەزانێ ئاگای لێیەتی، تەنانەت ئاگای لە جوڵانو لەرینەوەی هەموو لا شەو قەبارەیەكە، بەرد بێ یان دار بێ، بێ گیان بێ یان گیاندار بێ، بەڵكوو بۆ گیانداران زیاتر ئاگادارو چاودێری هەیە بە تایبەتی بۆ ئەوانەی كە موكەلەفو بەرپر سیارن لە ئەجندەو لە ئادەمیزاد هەموو حاڵو چۆنیەتیەكی پەیوەند پێیانەوە بەوپەڕی زانینەوە دەزانێ. ئەگەر دانەوێڵەیەك، دەنكە میوەیەك، بەرە دارێك، بكەوێتە ناو كونی درزی زەوییەوە، ك شتیار ژێر خاكی بكا، یان بۆخۆی بكەوێتە خوارێ؛ خودا ئاگای لێیەتیو پێی دەزانێو لێی بێ ئاگا نیە، و شك بێ یان تەڕ بێ، گیاندار بێ یان بێ گیان بێ، بـ چووك بێ یان گەورە بێ، بە نیـ سبەت زانیاری خوداوە چوون یەكەو یەك سانە! هەر بەو جۆرە زانیاری تەواوی هەیە دەربارەی هەموو بوونەوەر، هەموو ئەو زاذ ستو زانیاریانەی كە هە یەتی بەردەوامو گ شتیو نەگۆڕە، هەموو لە پەڕاوی پەزدانیـ یدا كە لەوحولەحفوظە چە سپاوەو دە ست نیـ شان كراوە؛ ئەو لەوحولەحفوظەی زانیاری دەربارەی هەموو شتێك تێدا ڕوون كراوەتەوە، تەمەنو كاتو شوێنو حاڵو چۆنیەتی هەموو شتێكی تێدا شی كراوەتەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿٣٤﴾ ﴾ لقمان: ٣٤

هەموو ئەوانەی تۆ لە ئایندە دەترسێنن خۆیان سبەی چییان بەسەر دێت!

ئیدی چۆن نهێنی تۆ و گوزەری جیهان دەزانن؟!

بە ئارامی بژی و، دوور بکەوە لە دوودڵی.

((هیچ کەسێك نازانێ سبەینێ چی دەکاو چی بە سەر دێ، نازانێ ئەوەی بەیانی دەیکا خێرە شەڕە یا شە خراپە، نازانێ بەیانی تووشی نەخۆشی دەبێ یان بەلە شساغی دەمێنێتەوە...هتد. هیچ ئادەمیزادێك نازانێ لەکوێ دەمرێ، نازانێ ئایا لەوڵاتی خۆی دەمرێ یان لەوڵاتێکی تر سەردەنێتەوە. بێگومان خودا زاناو ئاگادارە نەك هەر بەم پێنج شتانە بەڵکوو زانیارییەکەی هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردوەو ئاشکراو نهێنی هەموو شتێك بەئەوپەڕی زانینەوە دەزانێو هیچ وردو درشتێکی لێ پەنهان نیە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾ التوبة: ١٢٩

ئەگەر خۆشەویستت لێت تۆرا (بڵێ حَسْبِيَ ٱللَّهُ)

ئەگەر نزیکەکانت لێت دوورکەوتنەوە (بڵێ حَسْبِيَ ٱللَّهُ)

ئەگەر هەموو دونیات لە دەست دەرچوو (بڵێ حَسْبِيَ ٱللَّهُ)

تەنها خودات بەســـە و بێنیازیت لە هەموو شـــتێک بۆیە بە هەموو لە دەســـتچووەکانت بڵێ، هیچم لە دەســـت نەچووە: ((چونکە خودام لەدەســـت نەداوە)) ئەمە تەواوی ســـاماندار و، بێ نیازیتە لە مرۆڤ، ئەوپەڕی دەستکەوتی مرۆڤە.

**((ئەگەر ئەو مو شریکانە پ شتیان هەڵکردو روویان وەرگێڕا، گوێیان بۆ پەیامەکەت نەگرتو ئیمانیان نەهێناو بڕوایان بەپێغەمبەریەتی تۆ نەکردو نەیانویست بەگوێرەی شەریعەتی خودایی هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە تۆ بڵێ: من خودام بە سە، ئەو پ شتیوانم بێ، بە سەر دوژمناندا سەر دەکەوەو پێویـ ستیم بەکە سی تر نیە. هەموو هێزو تواناو دە سەڵاتێك هی ئەوەو کە سێك پ شت بەئەو ببە ستێ حەوێجەی بەکە سی تر نیە. هیچ خودایەکی حەقو شیاو بۆ پەر ستن نیە جگە لەزاتی پەروەردگار، هیچ خودایەك نیە شیاوی ئەوە بێ هانای بۆ ببرێو بەندایەتی بۆ بکرێ جگە لەخودا، من پشتم بەئەو بە ستوەو کاری خۆم بەئەو سپاردوەو پ شت بەکە سی تر جگە لەئەو نابە ستم! ئەو خوداو خاوەنی عەر شی بەرینە، گەورەترین درو ستکراو: کە عەرشە، لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا ﴿٤﴾ ﴾ مريم: ٤

سکالآت لای خودا دەربڕە، هەموو نەهامەتی و نەداری و بێدەسەڵاتی و لاوازی و شکستەکانت لای ئەو هەڵڕژە.. بۆی بەیانکە، هەموو شتەکانت بە پەروەردگاری خۆت بڵێ.

((ئەی خودایە! ئەمن ئێسقانەکانم پۆڵکاون، هێزم تێدا نەماوە، پیرو کەنەفت بووم، چونکە: ئێسقان راگرو جیسرو کۆڵەکەی جەستەیە، کە ئەو پۆڵکا ئیتر هەموو جەستە دەپۆڵکێ، هیچ ئەندامێکی لەش هێزو توانای تێدا نامێنێو ئەرکی خۆیان ئەنجام نادەن هەروەها موی سەرم دەڵێی گڕی تێبەر بووە، زۆر بەخێرای رەشی مووی سەرم سپی هەڵدەگەڕێو هەر دەڵێی ئاگر بەربووەتە پۆشو پەڵاشو پێوە دەچێ رەشایی لەسەرم نەهێڵێ. خودایە! من هیچ کاتێ لەئاکامی پاڕانەوەو دوعا کردنمدا بۆلای تۆ ناهومێد نەبووم، هەرگیز رەنجەڕۆ نەبووم، من لەوەپێش لەکاتی گەنجیو بەهێزو توانابیمدا کە هانام بۆ هێناوی فریام کەوتووی، کاری گرانم بۆ ئاسان بووە، لەتەنگو چەڵەمە رزگارت کردوم. ئێستا کە پیرم بومو ئێسقانم پۆڵکاون، هێزو توانام نەماوە، زیاتر جێگای بەزەییمو پتر بەهیوای فریارەسی تۆم، زۆرتر پێویستیم بەرەحمەتو یارمەتی تۆ هەیە، هیوادارم بەهانامەوە بێیو نیعمەتو رەحمتی خۆتم بەسەردا بڕێژی!!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ﴿١٩٧﴾ ﴾ البقرة: ١٩٧

پاداشــتی چاکەکانت لای خودای پەروەردگار پارێزراون، ئەگەر خەڵک سوپاسیشی نەکردیت...

تەنها نیەتیت پاکژبکەرەوە بۆ پەروەردگارت و، ئارخەیان بە.

**(( هەر چی بیکەن لەکاری باش‌و خێر ئاوەر خودا دەیزانێ‌و پادا شی چاکەو سزای خراپەتان دەداتەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ العلق: ١٤

خودا دەتبینێت، خودا چاودێرە بەسەرتەوە، بیسەرە بە وتەکانت، خودا دەزانێت چی بە بیر و ئەندێشەتدا دێت..

وامەکە کەفریشتەی گیان کێشان زۆر بە بێنرخ سەیرت بکات.

((ئایا ئەو کافرە نازانیٚ: کە خودا دەیبینیٚو ئاگای لەهەڵسوکەوتیەتیو نیازو مەبەستی دەزانیٚو لەوەو دوا پڕاو پڕ سزای دەداتەوە؟ دەی چۆن جورئەتی ئەوە دەکاو بە چ عەقڵێک هەلوێستی ئاوا دەنوێنیٚ؟))

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُواْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٣

پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگار! غەمگینیش پاداشتی لەسەرە! بڕوانە پەروەردگار نەی فەرموو

خودا تووشتان دەکات، بەڵکوو دەفەرموێت خودا پادشتان پێدەداتەوە!

ئەی خاوەن خەم و نیگەرانی خودا تووشی ئەو تاقیکردنەوەتان دەکات بۆ ئەوەی پلە و پایەی بەرزتان پێ ببەخشێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي ﴿٢٤﴾ ﴾ الفجر: ٢٤

ئێستا ئەمە ئاواتی هەموو مردووەکانە!

گەورەترین ئاواتی ژیانی بەرزەخ ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا

بۆ ئەوەی کردەوەکانیان پێش بخەن بۆ ڕۆژی دوایی...

ئاوات و خۆزگەکانی مردوان لە بەردەستی تۆدان!

داوات لێ دەکەم بەرلەوەی گیانت لە لاشە دەربچێت ئەنجامیان بدەیت.

حاتەم دەفەرموێت:

(( سـەیری خەڵکم کرد هەمووی خۆشـەویسـتێکی هەیە، کاتێک دەیان گەیـانـدە گۆڕەکەی لە خۆشـــەویســـتەکەی جیـا دەبوویەوە، منیش کردەوەکانم کردە خۆشـــەویســـتی خۆم، بۆ ئەوەی لە گۆڕدا لەگەڵم بێت)).



Scanned with CamScanner

﴿يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ وَلا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرَفَةَ عَيْنٍ﴾

ئایەتێکی مەزن نزایەکی پڕشکۆیە!

هەمیشە پەیامبەر (ﷺ) بەم نزایە دەپاڕایەوە، دەیفەرموو:

((ئەی نەمری جاویدانی، پەنا بۆ میهرەبانی تۆ دەبەم، هەموو کار و بارم ڕێک بخە، بۆ ساتێکیش مەمدە بە دەستی نەفسمەوە))

پشت بە خودا ببستە، ئەو بە دانایی خۆی، هەموو کاروبارەکانی ژیانت ڕێک دەخات، بە گەورەیی خۆت سەرت دەخات لەو شکستەت، بە بەتوانایی و دەسەڵاتی خۆی هەموو نیگەرانیت لا دەبات.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة: ١٨٦

وشياربه هەرگيز ڕوو نەكەيتە خەڵک بۆ داواكارييەكانت!

سـوێند بەخودا ئەگەر بتزانيايە كە خودا لەسـەرجەم بوونەوەر نزيكترە لێتەوە ئيدى هەرچى ئەو شتانەى نيگەرانت دەكات ڕايدەماڵێت و دەڕوات..

ڕاز و نيازى خۆت نەبەيتە لاى مرۆڤەكان، چونكە سـينەيان زۆر بچووكە

شوێنى هەنيسكەكانى تۆى تيا نابێتەوە..

بۆ ئەوەى پەنا تەنها و تەنها بە خودا بەريت

ئەو خۆى بانگت دەكات: ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

پەلە بكە بۆ لاى پەروەردگارت، بەديهێنراوەكانيش بدە دەستى بەديهێنەر.

دەروونت بەو گوشاد بكە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ ١٠﴾ القمر: ١٠

نوح سەلامی خوای لەسەر بێت وای فەرموو

خودای پەروەردگاریش دڵی نوحی دەویست

دوایی ئەوەبوو نوح ئەم نزایەی کرد!

لەبەر خاتری ئەو خودا زەوی نگرۆی ئاوکرد!

لەبەر خاتری نوح بەدیهێنراوەکانی دیکەی لەناو برد!

(جگە لەو کەسانەی لەگەڵی سواری کەشتییەکە بوون)

جا خوێنەری بەڕێز باش بزانە..

پادشـــای دڵی تاکە مرۆڤێک زەوی لە بەرخاتر نوقم کرد، زۆر دڵی لەبەرخاتری دڵی ئەو

لەناو برد، چونکە ئەوەی خودا خۆشی دەویست خۆشیان نەویست!

وەک چۆن پەروەردگار لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت:

(هەرکەس دژایەتی پیاوچاکێکم بکات ئەوە جەنگی لەگەڵ من ساز کردووە)

هۆشدارو ئاگادار بە هەرگیز ئازاری بڕوادارێک مەدە!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ﴾ عبس: ١٧

له بەردەمت دەوەستێت بە جەستەیەکی پێکهاتوو لە دەیان ترلیۆن خانە هەر خانەیەک پرد و بەستەرە و کۆدی ئاڵۆزی تایبەت بە خۆی هەیە لەگەڵ کۆدی بۆماوەیی تیایدا!

بەو چاوانەی سەیرت دەکات کە لە ئامێرێکی وردی وێنەگری بەدیقەی سەرجەم ڕەنگەکان و، بە وردییەکی سەرسوڕهێنەر بەدیهێنراو!

لەگەڵ ئامێرێکی پاشەکەوت کردنی سەرجەم وێنە و جووڵە و سرەوتەکان!

تەنانەت بە هۆی مێشکیەوە بە کەمترین سات توانای شیکاری وێنەکانی هەیە و ڕاڤەی تەواویان بۆ دەکات!

بە جەستەیەکی ڕێکی پێکهاتوو لە (٦٤٠) ماسولکە بە پێوە وەستاوە!

دڵێکی هەیە، بۆ ماوەی بیست ساڵە یان زیاتر کار دەکات..

شەو و ڕۆژ!

جا نووستبێت یان بێدار!

بە بێ چاکسازی و دەستکاری دەرەکی!

لە کۆتاییدا، زمانێکی بەهۆی (١٧) ماسولکەوە پەیوەست بە شەویلگەیەوە دەجوڵێنێت!

بەزیرەکی خۆی لێم دەپرسێت!

بەڵگە چییە لەسەر بوونی خودا؟!

منیش بەم فەرموودەی پەروەردگار وەڵامی دەدەمەوە: ﴿قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ﴾.

((ئەی پێغەمبەر هەرکاتێ دەربارەی من بەندەکانم پرسیارت لێ بکەن، تۆ پێیان رابگەیەنەو بۆیان روون بکەرەوە: کە پێویستە لە هەموو تاعەتو خوداپەرستییەکدا ئیخلاصو دڵسۆزی بەردەوامییان هەبێ، رووی نزاو پاڕانەوە با تەنها ئاراستەی من بکەن، کەس نەکەن بە هاوبەشو بەرامبەرم، پێیان رابگەیەنە: کە من لێیانەوە نزیکم، لە نێوان منو ئەواندا پەردەو نێوان نیە. هەموو دوعاو نزاو پاڕانەوەو سرتەو ورتەی لێویان دەبیسم، کەس رایەی ناکەوێ جگە لە خۆم وەڵامیان بداتەوە، کەوابێ با ئەوان پابەندبن بە شەریعەتو یاسام با ئەوان بەگوێم بکەن ئیمانم پێ بهێنن، بەڵکوو رێگای حەقو راست بدۆزنەوەو بیگرنەبەر. واتە: کەمن لێیان نزیک بمو وەڵامی نزاو پاڕانەوەیان بدەمەوە، با ئەوانیش بەدەنگ منەوە بێنو کارێک بکەن شایانی وەڵام دانەوە بن، وەکوو من خودایەکی بەڕەحمو بەزەییم بۆیان، با ئەوانیش بەندەی ڕاستاڵو بەئەدەبو گوێڕایەڵا بن، پابەندی فەرمانەکانم بن. بەڵکوو ئەوانیش شارەزای ڕێگەی ڕاست بنو بزانن خوداپەرستی بەڕاستی چۆنە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾ ﴾ الطلاق: ٧

خوێنەری بەڕێز..

بیربکەرەوە و لەم ئایەتە مەزنە بڕوانە..

خوای پەروەردگار لە کۆتایی ئایەتەکەدا نووسیویەتی دوای ناخۆشی خۆشی هەیە.

واتە:

کۆتایی نیگەرانی ئاسوودەییە!

کۆتایی ناخۆشی خۆشییە!

کۆتایی کۆشش و ماندووبوون دەستکەوتە!

کۆتایی بێبەشبوون بەخششە!

کۆتایی شکست متمانەیە!

کۆتایی بێئومێدی هیوایە!

هەرچەند ڕۆژە سەختەکان درێژ بن بێگومان بە لەوەی تێدەپەڕن!

سوێند بەوەی بەدی هێناوین تێدەپەڕن!

ڕۆژێک ئاسوودە دەبیت ئەمڕۆنا سبەی.

ئەو خودایەی بەندەکانی تاقی دەکاتەوە دڵنیابە کە پاداشتیشیان دەداتەوە!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾ العلق: ٨

چی تاوان و هەڵەیەک دەکەیت بیکە!

دزی بکە!

واز لە نوێژ بێنە!

ماڵی هەتیوان بخۆ!

دڵی دایک و باوک بڕەنجێنە!

بەڵام بیرت بێت!

لە کۆتاییدا... ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾

((بێگومان سەرەنجامو گەڕانەوەی هەموو ئادەمیزاد بۆلای خودایە، ئەو حیسابو لێکۆلینەوەیان لەگەڵ دەکات، هەموو کەسێک پرسیاری لێ دەکرێ چۆن ماڵ و سامانی کۆکردۆتەوەو لەچیدا خەرجی کردووە!))



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ۝١٠ ﴾ الحجرات: ١٠

کەسێک دەڵێت:

ڕۆژێک گەنجێکم بینی پیاوێکی پیری کردبوو بە کۆڵەوە، منیش دەست خۆشیم لێکرد بە هۆی چاکەی بەرامبەر باوکی

گەنجەکە وتی: بەڵام ئەو باوکم نییە و، تەنانەت خەڵکی شـــارەکەی منیش نییە!

وتم: ئەی کێیە؟!

وتی: لە عەرەفە بینیم کەسی لەگەڵ نەبوو، منیش کردم بە کۆڵەوە بۆ موزدەلیفە و، دواتر دەیبەم بۆ مینا.

وتم: لەبەر چی ئەمە دەکەیت؟

وتی: پاک و بێگەردی بۆ خودا!

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾ ﴾ الكهف: ٢٨

ئەوەتا خودای پەروەردگار ڕێنموونیمان دەکات کە هاوڕێیەتی چاکەکاران بکەین

بۆ ئەوەی زیاتر ئاین و بیر و باوەڕمان بەهێزتر بێت..

هاوڕێی چاکان.. بوار نادات دڵت لە یادی خودا خاڵی بێتەوە، هاوکارت دەبێت بۆ

چاکەکردن، نەک تاوانکردن!

بەڵام هاوڕێی خراپ.. دڵت لە یادی خودا خاڵی دەکاتەوە، هاوکارت دەکات بۆ خراپەکردن، نەک چاکەکردن!

عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت:

((دوای ئیسلام باشترین دیارییەک کە خودا بە بەندەی داوە هاوڕێیەکی چاکە، هەرکەسێک لە ئێوە وەها هاوڕێیەکی باشی هەیە، با وابەستەی بێت بۆئەوەی لە دەستی نەدات)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٣٦﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾ الحجر: ٣٦ - ٣٧

ئيبليس له خودا پاڕايەوە ئەويش وەڵامى دايەوە!!!

باشـــە تۆ گومان دەبەيت خودا وەڵامت نەداتەوە، تۆ خۆت ڕادەســـتى ئەو كردووە،

دانى پيا دەنێيت كە هاوبەشـــى نييە، وەڵامى فەرمانەكەى دەدەيتەوە، دەستى بۆ بەرز دەكەيتەوە،

تەنها لەو داوا دەكەيت؟!

نەخێر، بە خوداى كەعبە.. وەك ئەو كەسانە گومانى خراپ نەبەيت

كە خودا بەدەميانەوە نايەت..

هەرگيز خودا ڕێگە نادات سەرگەردان بيت!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ
وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا
يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن
يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ لَا تَدْرِى لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ
ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾﴾ الطلاق: ١

کارەکانت هەرچەند لەسـەر گرانبێت خێرا بێزار مەبە، هەڵمەیە بۆ ئەو شارە خەمۆکییەی بیر و هۆشت وێنای دەکات بۆت،

پەنا مەبە بەر ئەو گۆرانیانەی باسـی ئەم ساتەی تۆ دەکەن کە نیگەرانیت!

سـوێند بە خودا ئەگەر تۆ لە ناخۆشـترین و قوڵترین کێشـەکاندا بیت بیر لەم ئایەتە بکەیتەوە...

بە خێرایی ئاگری سینەت دادەمرکێتەوە!

ئەی خوێنەری خۆشەویست..

دەزانیت کلیلی ئەم ئایەتە چییە؟

کلیلەکە لەسەروو حەوت ئاسمانەوەیە..

پادشـای هەردوو جیهان هەواڵت پێ دەدات هەرچی کارەکانتە وەک خۆیان تێ دەپەڕن،

با بارودۆخی مرۆڤەکان هەرچۆن بن!

کێ هەیە وتەکانی لە وتەی پەروەردگار ڕاستتر بێت؟!

دڵنیا و ئارخەیانبە..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٣﴾ ﴾
الأحزاب: ٣

هەرکەس پشت بە خودا ببەستێت، بێزار نابێت، گومڕا نابێت، سەرشۆڕ نابێت، کەم بایەخ نابێت.

(( لەهەموو کارو بارێکتدا پشـــت بەخودا ببەســـتە، هەموو شـــتێکت بەخودا بسپێرە، خودات بەسە بۆ پشت پێ بەستن، هەر کەسێ پشت بەخودا ببەســـتێو بۆ لای خودا بگەڕێتەوە خودای بەســـە، هەر خودا سود دەبەخشێو لە زیان دوور دەخاتەوە )).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِۚ قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَۚ وَحَالَ بَيۡنَهُمَا ٱلۡمَوۡجُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُغۡرَقِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾ هود: ٤٣

**هەرگیز وامەزانە ئاوەزی لە سەروو توانای خودایە!**

﴿ قَالَ سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي ﴾

**(ئەمە توانای ئاوەزی مرۆڤە)**

﴿ قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَۚ ﴾

**(ئەمە نیگای پەروەردگارە)**

﴿ وَحَالَ بَيۡنَهُمَا ٱلۡمَوۡجُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُغۡرَقِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾

**(ئەمە دەرئەنجامی کاری ئاوەز و نیگایە)**

**هەرکاتێک ئاوەزت پێشخست بەسەر توانای خودا و، دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەتی دروستدا، ئەوە لە دەریای نەزانی و تاریکی و ئارەزووبازی و داهێنراوەکان نغرۆ دەبیت.**

**هەرکەس بە هۆی ئاوەزیەوە پەنای بردە بەر دژایەتی شەرع هەرگیز ئیمان لە ناو دڵیدا ئۆقرە ناگرێت.**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ۝١ ﴾ الشرح: ١

مرۆڤ گەلێکی زۆر هەن ئەگەر دەربارەمان بدوێن پێمان دەڵێن: ( ئایا بریندارمان نەکردیت؟!)

ئەمە ڕاستییە..

وازیان لێ بهێنە، لەگەڵ ئەو کەسە بە بە پەیامبەر دەفەرموێت:

﴿ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ﴾

دوای ئەوەی برینداریان کردیت با هەمیشە خاوەنی سینەیەکی فراوان و گوشاد و، بەرین و کراوە بێت..

بۆیە نیگەران مەبە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ ﴾ الضحى: ٣

گوتارێکی جوان له لایەن خودای جوانەوه..

خودا به سەرگەردانی بەجێت ناهێڵێت، تا ڕێبەرت نەکات

خودا به گومڕایی بەجێت ناهێڵێت، تا ڕێنموونیت نەکات

خودا به برینداری بەجێت ناهێڵێت، تا تیمارت نەکات

خودا به شکستەوه بەجێت ناهێڵێت، تا سەرت نەخات

خودا به دڵتەنگی به جێت ناهێڵێت، تا دڵخۆشت نەکات.

بۆیه چاک بزانه؟!

هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز خودا دەستبەردارت نابێت مادام له ژێر سایەی ئەو دایت..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا ٢٥ ﴾ مريم: ٢٥

خودای پەروەردگار دەتوانێت بە بێ دەست لێدان و هۆکارێک خورمای گەیشتوو

بەربداتەوە!

بەڵام خودای هۆکارەکان دەیەوێت مریەم کۆشش بکات بۆ ئەوەی

چێژ لە کۆشش و ماندوو بوونەکەی ببینێت

تۆش چێژ لە کۆشش و ماندوو بوونەکەت ببینە..

پێویستە کۆشش بکەیت و هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی قۆناغە گرانەکان ببڕیت

پێویستە ڕووبەڕووی بارگرانی و بەربەستە ناخۆشەکان ببیتەوە، چونکە ئەو بەربەستانە جگە لە خەیاڵات هیچی دیکە نین!

بزانە لە کۆتایدا چێژ و خۆشی سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت

بزانە ئەو کەسەی کە لە ناو شوێنی نووستنی خۆیەتی و ڕۆزی بۆ دێت پاداشتی کەمترە

لای ئەو کەسەی کە کۆششی بۆ دەکرێت.

پشت بە خودا ببستە، پاشان دەست بە هۆکارەکانەوە بگرە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ هود: ٣٥

وابكه تۆ دەســتت نەبێت و دوورەپەرێز بيت لەو: تاوان و خراپەكاری و ناشەرعيانەی لە بەردەمی تۆ دەكرێت و دەيان بينيت!

((بەڵكوو ئايا ئەو كافرە ســەررەقو نەفامە قورەيشــييانە دەڵێن: موحەممەد بۆخۆی قورئان هەڵدەبەســتیو ئەم چيرۆكەی (نووح)يش كە بۆمان دەگێڕێتەوە بۆ خۆی داينـاوە! پەروەردگار فەرمان دەكا بەپێغەمبەر (درووودی خودای لەســەر بێ) كە رەديان بداتەوە دەفەرموێ: ئەی موحەممەد! پێيان بڵێ: ئەمن ئەگەر ئەم قورئانەم هەڵبەســتبێ وەكوو ئێوە دەڵێن، ئەوە ئێوە هيچتان لەســەر نیەو چ زيانێكتان پێ ناگا، بەڵكوو ســزای تاوانی خۆم خۆم دەيچێژمو بۆخۆم بەرپرسيارم! منيش بەرپرسيار نيم لەتاوانی ئێوە سزای تاوانی خۆتان لەســەر خۆتانە، حوكمی خودا وايەو بڕياری وا داوە هەموو كەســێك بەگوێرەی كردەوەی خۆی پاداشو سزا وەربگرێتەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُواْ يَٰنُوحُ قَدْ جَٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ هود: ٣٢

زۆر دەنگە دەنگ لەگەڵ گومڕاکان مەکە

چونکە زیاتر خودپەسەند و لوتبەرز دەبن..

((قەومەکەی نوح پێیان گوت: ئەی نوح! بێگومان زۆرت لەگەڵ گوتین‌و جەدەل‌و موناقەشـــەی زۆرت لەگەڵا کردین، لەســـنوورت تێپەڕاند! بەڵگەیەک نەمایەوە نەیهێنی، شـــتێک نەما لامان پێت بڵێین، تاقەتمان چوو، کاس بووین، وەڕەز بووین لەبەڵگە هێنانەوەو بەرپەرچدانەوە!!))

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨﴾ النمل: ١٨

خودا دەزانێت مێروولەیەکی مێ چی دەڵێت!

وتەکەی لە ناو قورئانی پیرۆز تۆمار دەکات!

ئای خودای ئێمە چەند مەزنە..

دوای هەزاران ساڵ وتەی مێروولەیەکی لە بیر نەکرد

ئەی چۆن ئەو هەموو نزایانەمان ون دەکات بەردەوام دەیکەین؟!

ترسی ئەوی لە یاد نەکرد

چۆن ترسی تۆ لە یاد دەکات؟!

چۆن دەبێت بۆت؟!

گومان دەبەیت گوێی لە نزا و پاڕانەوەکانت نەگرێت؟!

پەنا بە گەورەیی ئەو، خودای ئێمە وانییە..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾ ﴾ آل عمران: ١٧

**عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت:**

(ئەگەر هەورە بروسکەیەک لە ئاسمانەوە بێت، بەر ئەو کەسانە ناکەوێت داوای لێخۆشبوون دەکەن!)

(دوای لێخۆشبوون پۆزش هێنانەوەیە)

خودا بە بێ هۆ بە تۆ نالێت داوای لێخۆشـــبووونی لێ بکەیت، بەڵکو تۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی داوای لێخۆشبوونی لێ بکەیت،

هەر ئێستا داوای لێخۆشبوون بکە.

((ئەو خوداپەرســـتانە ئەو رەوشـــتانەیان تێدا کۆبۆتەوەو کە هەر رەوشتەی پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە ئەو رەوشتانەش ئەمانەن:

١- صــەبرو خۆڕاگرییە، تەواوترین جۆری صــەبر ئەوەیە بەردەوام بێ لەســـەر کردنی گاعاتو وازهێنان لە خراپەکاری، ئەگەر نەفسو شـــەهوەت جەختی لێکرد بۆ ئەنجامدانی تاوانێک هیچ ڕێگاچارە نیە جگە لە صـــەبر، هەر بە صـــەبرو خۆراگری، بڕوا قایمو پتەو دەبێ،



Scanned with CamScanner

ناهێڵدرێ ئادەمیزاد لە چوارچێوەی شـــەرع دەربچێ، هەر بەهۆی صەبرەوە ئینسان دەتوانێ شەرەفی خۆی بپارێزێ، تەنانەت رەوشتی صەبر رەوشتێکە دەتوانرێ بگوترێ هەوێنی هەموو رەوشتێکی باشە.

ب- راستگۆیی: ئەمەش رەوشتێکی هەرە بەرزی ئینسانییە!

ج- بەردەوام بوون لەســـەر خوداپەرســـتیو گەڕانەوە بۆلای خودا وێڕای ترسـان لە خوداو گەردنکەچی بۆ زاتی پاکی. لەخوداترسـانیش کاکڵەی خوداپەرستییەو گیانی عیبادەتە.

د- ماڵ بەخشـــین لە هەموو بوارێکدا کە ئایین بە باشـــی دابنێ، جا ماڵبەخشینەکە واجب بێ یان سوننەت بێ.

ه- نزاکردنو پاڕانەوەی بەرەبەیان، واتە: خوداپەرســـتی لە ئاخرو ئۆخری شـەوگاردا، چونکە ئەو کاتە کاتێکی بێ گەردە، دڵا مەشـغووڵا نیە بە کاروباری دونیاییەوە.))



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي
ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ
وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ ﴾ الأعراف: ١٥٦

تەنانەت ئەو میهرەبانییە هەموو ئەو کردەوە ناشرین و خراپ و تاوانە گەورانەی تۆش دەگرێتەوە!

تەنانەت میهرەبانی ئەو دایکە بە سۆز و نەرم و نیانەش بەراورد ناکرێت بە میهرەبانی پەروەردگار،

بە ڕاستی میهرەبانی هەموو شتێک دەگرێتەوە

دایکیشت شتێکە لە شتەکان!

ئەگەر داوا لە مرۆڤی فامیدە بکرێت دایکت لێپرسینەوەت لەگەڵ بکات یان خودا، ئەوە خودا هەڵدەبژێرێت!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِي ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ﴾ الكهف: ١١

هاوەڵانی ئەشکەوت نووستن

لەسەر ئەو نیازپاکییەی بەرامبەر خودایان هەیانبوو

پاشان لە خەو هەستان

هەموو جیهانی دەوروبەریان گۆڕابوو

خودای پەروەردگار پاراستنی و لە خراپترین میلەتی ڕزگاری کردن..

مادام تۆش گومانی باشت بە خودا هەیە، پشت بەو ببستە، بە ئارخەیانی بنوو..

ئەو کەسەی کە نەدەخەوێت و نەوەنەوز دەدات دەتپارێزێت.

((خەوێکی قورسمان بەسەردا هێنان‌و خەویان لێ کەوت بەجۆرێک کە هیچیان گوێ لێ نەبێ‌و بەهیچ دەنگێک خەبەریان نەبێتەوە چەند ساڵێکی ژمێردراو نوستن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الحجر: ٤٧

جوانی ژیانی دونیا خاڵی بوونی دڵە لە ڕق و کینە و ئیرەیی

چونکە یەکێک لە جوانییەکانی بەهەشت ڕیشەکێشی ڕقە

بەوەی خودا پێی داویت و بۆی دیاری کردوویت ژیان بگوزەرێنە و خۆشنوود بە

سوپاسگوزار و ستایشکاری سەرجەم ئەو بەهرانە بە کە خودا پێی داویت

ئیرەیی بە کەس مەبە و، ڕقت لە کەس نەبێت

تەنها سوپاسگوزاری ئەو بەهرانەبە خودا پێی داویت



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾ البقرة: ٩٤

خودا لە خۆیەوە ئومێد ناخاتە دڵتەوە!

با لە ژیانـدا ئـامـانجـت هەبێت، دڵنیـابە خودای پەروەردگـار پێت دەبەخشێت

خودا بێئومێدت ناکات، ئەگەر تۆ لە ژیانتدا ئومێدێکت هەبێت!

خودای گەورە لە هەموو هیوایەتەکان بێئومێدت ناکات

چونکە بەخشندەیی پەروەردگار لە خەیاڵت بەرینترە

خودای پەروەردگـار لە پێـداویســـتییەکـانـت گەورەترە، لە هیوا و ئامانجەکانیشت بەرینترە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهۡدِينِ ۝٧٨ وَٱلَّذِى هُوَ يُطۡعِمُنِى
وَيَسۡقِينِ ۝٧٩ وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ۝٨٠ ﴾ الشعراء: ٧٨ - ٨٠

ئای لەو ڕەوشت بەرزییە ئیبراهیم کاتێک باسی خودای پەروەردگار دەکات

ئیبراهیم بەدیهێنانی دەداتە لای خودا

دەفەرموێت: ﴿ خَلَقَنِى ﴾

سەرچاوەی ڕۆزی دەداتە پاڵ پەروەردگار، دەفەرموێت: ﴿ يُطۡعِمُنِى ﴾

تەنها نەخۆشییەکەی نەبێت ئەو بەسەرچاوەی نادیار دەیڵێت

دەفەرموێت: (نەخۆشک بکەوم) نەی فەرموو: (کە نەخشم دەخەیت)

هەمیشە و بەردەوام ڕەوشتت بەرز بێت بەرامبەر پەروەردگارت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَٰبُنَيَّ ٱرْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾ هود: ٤٢

لەگەڵ ئەوەی بێ باوەڕبوو بە باوکی

لەگەڵ ئەوەی لووتبەرز و سەرپێچی وتەکانی باوکی کرد

لەگەڵ ئەوەی هەموو خراپەکاری و بێڕەوشتییەی بەرامبەری دەیکرد

بەڵام گوتاری نوح بۆ کوڕەکەی: ﴿ يَٰبُنَيَّ ﴾ بوو

لەگەڵ ئەوەی دەشـــی زانی کوڕەکەی ســـزا دەدرێت، لەگەڵ گەلە تاوانبارەکە تیا دەچێت،

بەڵام هەرچی بێ ئەوە دڵی باوکە.

خودایە توانامان پێ بدەیت دڵی دایک و باوکمان ڕابگرین، بیانخەیتە ناو سۆز و میهرەبانی خۆتەوە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ذُرِّيَّةَ مَنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٍۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا ③ ﴾ الإسراء: ٣

شەعراوی دەڵێت:

مانای سوپاسگوزاری ئەوەیە هەرچی بخۆیت یان بپۆشیت سوپاس و ستایشی پەروەردگاری لەسەر بکەیت..

ئەگەر خواردنێکت خوارد سوپاسی خودای لەسەر بکە

ئەگەر خواردنەوەیەکت خواردەوە سوپاسی خودای لەسەر بکە

ئەگەر پۆشاکێکت پۆشی سوپاسی خودای لەسەر بکە

هەندێک لە پێشین فەرموویانە:

((باسکردنی بەهرەمەندییەکان خۆشەویست خودا لە دڵدا دەچێنێت)).

ببە بە بەندەیەکی سـوپاسـگوزار بزانە خودای پەروەردگار بەندە سـوپاسـگوزارەکانی لە یاد ناکات، بەڵکوو لە پەیامەکەیدا باسـی کردوون.

خودایە هاوکارمانبە بۆ سـوپاسـکردن و یادکردن و پەرستشـەکانمان بۆت خودا ناز و بەخششی ستایشکردنی بەهرەکانت بەسەرمانەوە پێ ببەخشـە، وامان لێ بکە هەمیشـە خەریکی کاری چاک بین، ئەی پەروەردگاری جیهانیان.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ ٱلْمُجِيبُونَ ۝٧٥ ﴾
الصافات: ٧٥

له كاتی ناخۆشییەکاندا بزانە هاوار لە کێ دەکەیت!

هەموو کەس دەنگی تۆ نابیستێت..

بکەوە سەر ئەژنۆ و بڵێ: خودایە!

خودای پەروەردگار دەفەرمێت: فەرموو بەندەکەم!

خودای پەروەردگار فەرموت لێ دەکات بۆ بەدەمەوە هاتنی کێشەکەت!

بزانە سەرکەوتنت لە پاڕانەوە و نزاکانتدایە.

((سوێند بێ بێگومان نوح هاواری لێ کردین و لێمان پاڕایەوە، دوعای فەوتانی لە نەتەوەکەی کرد، وتی: (نوح:٢٦) ئەمە دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر درێژ لەناو گەلەکەیدا مایەوەو بانگەوازیی کردن بۆ ئیمانهێنان، ئەوانیش بەدرۆیان خستەوەو دەستیان کرد بە ئەزیەتدانیو هەوڵی کوشتنیان دا، کەمێکیش نەبێ ئیمانیان پێ نەهێنا، ئێمە زۆر بەباشی بەپیر داواکەیانەوە چوین)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ ﴾
البقرة: ٢٦٨

بۆنی بێئومێدی و بێ هیوابوون و ڕەشـــبینی و خەمۆکی لە ئیبلیس دێت نەک بۆنی تۆ!

پەنا بەخوا بگرە لێی..

((شـــەیتان دوژمنی ئێوەیە،ختوکەی دڵتان دەداو هەڵتان دەنێ بۆ رژدیو چروکیو دەتانترســـێنێ لە هەژاریو نەدارایی، ئەوە دەخاتە دڵتانەوە کە ئەگەر ماڵو دارایی خۆتان ببەخشـن، لە شتی باش بەشی هەژاران بدەن، خۆتان هەژار دەبن، وێڕای ئەوەش فەرمانتان پێ دەکا بە خراپەکاریی، ئەوەتان دەخاتە دڵەوە کە نەچن لە ترســـی هەژاریو شـتی تر کچ زیندەبەچاڵ بکەن، هەڵپە هەڵپی ماڵو سـامان کۆکردنەوە بکەن، ســـوودو ریبا بخۆنو گوێ نەدەنە حەلاڵ و حەرامو هەر خەریکی ســـامان کۆکردنەوە بن، ترســـی هەژاریتان هەبێ، ئەمانە هەموویان بە فاحیشـە دەژمێردرێن! پەروەردگار بەڵێنی لێخۆشـبوونی خۆیتـان - بەهۆی پێغەمبەرەوە - پێ را دەگەیەنێ، لەپاداشـــی ماڵبەخشـینو چاکەکاریتاندا گوناهتان رەش دەکاتەوە، زیاد لەوەش لە دونیادا ماڵو داراییتان بۆ زیاد دەکاو لە شوێنی ماڵە بەخشراوەکە هی ترتـان دەداتێ، پەروەردگار خەزێنەی رەحمەتو بەزەیی فراوانە، چ بەڵێنێک بدا ئەنجامی دەدا، زاناو ئاگادارە بەو شـــتەی دەیبەخشـــنو پاداشی باشتان دەداتەوە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْۖ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٤﴾﴾ الأنعام: ٥٤

خودا چەند بە بەزەییە!

خودا چەند جوانە!

جگە لە بەزەیی خودای پەروەردگار هیچی لەســەر خۆی بە پێویســت نەکردووە و نەی نووسیوە بۆیە تۆش ئارخەیان بە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ ﴾ الأنفال: ٦٢

هیچ کات، شــوێن، هەروەها مرۆڤ بەس نییە بۆ تۆ، بەڵکوو پادشــای جیهانیان بەسە بۆت

لە هەموو کەسێک

لە هەموو کاتێک

لە هەموو شوێنێک

هەر ئەو خودایە.

((ئەگەر بیانەوێ لەرێگەی بانگەوازی بۆ ئاشـــتییەوە فێڵتان لێ بکەنو خۆیان بەهێز بکەنو خۆیان ئامادەو تەیار بکەن بۆ لێدانتان ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر! خودات بەسـەو چاودێریت دەکاو یارمەتیت دەداو زاڵت دەکا بەســـەریان دا، هـەر خودا بوو کـە لـەوەپێش یارمـەتی دایو هۆکاری مادیو مـەعنـەوی بۆ خولقاندی بۆ ئـەوەی موســـوڵمانان بەکۆچکارو یاریدەدەرانەوە دڵیان قایم بیو یەک بگرنو لەژێر ئاڵای ئیسلام داو لەژێر فەرماندەیی تۆدا جیهاد بکەن!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَـٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ يوسف: ٨٧

کاتێک خودای پەروەردگار هەواڵت پێ دەدات کە نائومێد بوون لە (کوفرە!)ەوە یەئەمە گەورەترین بەڵگە و، گەورەترین جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی دەروازەی ڕزگاربوون دێت!

بۆیە دەروازەی ڕزگاری بۆ هەموو بڕواداریک بڕیاری لەســـەر دراوە و گومانی تیانییە.

لەبەر ئەوە...

ئارخەیان بە.

((ئەی کوڕە خۆشـــەویســـتەکانم! بچنەوە بۆ وڵاتی میصـــرو لەگەڵ برا گەورەکەتان یەکدی بگرنەوە، بەهێدیو هێمنی بەوردیو کارامایییەوە لەیوسفـو بونیامینی برای بگەڕێنو هەوڵی دۆزینەوەو رزگار کردنیان بدەن، مەهێڵن کەس پێتان بزانێ، بەشـــێوەیەکی نهێنیو لەســـەرەخۆیی ســـۆراغیان بکەن لەدەرو لێکردنەوەی خودا ناهومێد مەبن، هەمیشـــە گەشـــبینو دڵ پڕ هیوا بن، بەتەمای رەحمەتو یارمەتی خودا بن، هیوا بڕاو مەبن بێگومان شەئنو حاڵ وایە: کەس لەدەرو لێکردنەوەو بەهانا هاتنی خودا ناهومێد نابێ مەگەر کەســـانێک کە لەگرۆەو تاقمی بێ بڕوایان بن، جگە لەزیانکارانو ســـەرپێچیکاران کەســـی تر لەرەحمەتی خودا هیوا بڕاو نابێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ نَبِّئْ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ ﴾

الحجر: ٤٩

هەرگیز لە ســـۆز و میهرەبانی خودای میهرەبان نائومێد مەبە، ئەگەر تاوانەکانت پڕ یەک دۆڵی گەورە بێت لێت دەبورێت

چونکە ئەو بە دەقی قورئان بە تۆ دەڵێت: ﴿نَبِّئْ عِبَادِيٓ﴾.

((ئـەی موحـەممـەد! هـەواڵ بـەبـەندەکـانم بدە، پێیـان بڵێ: من خـاوەنی لێخۆشـبوونو ڕەحمەتی بەرفراوانم، هەرکەسێ بمەوێ لێی خۆش ببم لێی خۆش دەبم کەس نیە بتوانی بەرهەڵســـتیم بکا. ســـۆزو بەزەییم زۆرە، بەشی هەموویان دەکاو زیاتریش! لەهەمان کاتدا)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ ۚ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا ۘ وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا ﴿٨﴾ ﴾ الإسراء: ٨

ئەگەر کەمتەرخەمیت کرد بەرامبەر هەرکارێکی چاک لەگەڵ لە بیرچونەوەی هەر کارێک چاک یان کەمتەرخەم بوویت بەرامبەری، یەکسەر ئەم ڕستەیە لە ناختدا دووبارە بکەرەوە: ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ ۚ﴾

((ئەی نەتەوەی ئیسـرائیل! لەوانەیە خودا رەحمو بەزەیی پێتاندا بێتەوە، دوای ئەوەی لەجاری دووەمدا بەو بەڵاو موصـیبەتانە لەبۆتەی دانو تۆڵەی لێ سـتاندنو تەمبێ خواردوی کردن، ئەگەر تۆبە بکەنو واز لەتاوانو سـتەم بێنن، ئەو زەلیلیو ژێردەسـتەییەتان لەسـەر لابەرێ؛ بێگومان خودا وەفای بەوادەی خۆی کرد، دوای زەلیلی شانو شکۆی پێ بەخشـینەوە، موڵکو سـەڵتەنەتی پێ بەخشـینەوە، پێغەمبەری تێدا ناردنەوە، چەند پێغەمبەریان تێدا هەڵکەوتەوە، سـەرلەنوێ لەزێدو نیشتمانی خۆیاندا ژیانیان بەئارامیو سەربەستی بەسـەر بردەوە! ئەی نەتەوەی ئیسـرائیل! هەر کاتێ ئێوە پاش ئەم جاری دووەمە؛ پاش ئەوەی لەجاری دوهەمدا رزگاربوونەوە ئارامیتان تێکەوتەوەو کەوتنەوە خۆشیو هەرزانییەوە. ئەمجار بۆ سێیەمجار گەڕانەوە بۆ سەر رەوشتی ناباریو خراپەکاریتان دەسـت پێکردەوە، ئاشـوبو فیتنەییتان هەڵگیرسـاندەوە، ئێمەیش دەگەڕێینەوە بۆ سـەر دابو نەریتی خۆمانو یاسا ئەزەلییەکەی خۆمانتان بەسەردا دەدەینەوە، ئاگری فیتنەو ئاشووب، قارو غەزەبی خۆمان دەڕێژین بەسـەر ئەوانەدا ناپاکو ئاشـوبگێرن.. ئەم جۆرە سـزادانەی کە باسـمان کرد هی دونیایانە بۆ رۆژی قیامەتیش دۆزەخمان کردوە بەشـوێنو جێگایانو لەهەموو لایەکەوە ئاگر دەوری کافرو بێ بڕوایان دەدا، فیتنەو ئاشـوبگێران دادەگرێو کەسـیان ناتوانێ لەو شوراو پەرژینە بچێتە دەرێ!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ۝٣٦﴾ طه: ٣٦

خودای پەروەردگار حەوت داواکاری گەورەی بۆ موســـــا بەدی هێنا، هەمووی خودا بە یەک نزا وەڵامی دایەوە! تۆ چووزانیــت لە هەر ساتێک لە ساتەکاندا پێت نەفەرموێت: ﴿قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ﴾

**((پەروەردگار فەرمووی: هەموو داواکاریەکانت پێ دران، هەر چی داوات کرد ئەوا دەست بەجێ پێم بەخشی.))**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِى ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ فِى ٱلْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّى وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ۚ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّى وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾ ﴾ طه: ٣٩

خودای پەروەردگار ئەمەی لە سەروو حەوت ئاسمانەوە بە بەندەیەکی لاوازی خۆی وت لە سەر زەوی!

خودای پەروەردگاری خاوەنی جیهانیان ئەمەی بە بەندەیەکی لاوازی چاو لەدەست فەرموو

ئەی تۆ بۆ ئەم هەستە دەشاریتەوە و، بە هاوشێوە مرۆڤەکانت ناڵێیت: (خۆشم دەوێیت)؟!

ئەمە ئاماژەیەکی گەورەیە، هەواڵێکی مەزنە لە خودای پەروەردگارەوە..

تۆش ئەم وشـە بەو کەسـانە بڵێ کە خۆشـت دەوێن، تەنها بە هاوڕێ خۆشەویستەکەت یان هاوسەرت مەڵێ!

بەڵکوو هەرکەسـت خۆشـدەوێت لە خزمان، برادەران، براکانت، پێیان بڵێ.

پێیان بڵێ: خۆشم دەوێن بە بێ بەرژەوەندی و پێویستی و مەبەستێک بۆ ئەوەی هەست بە ئاسودەیی بکەن.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ۝٣ ﴾ غافر: ٣

خۆت خاوەن بڕياريت، خۆت سەرپشكيت، تۆ ئەوەيت ئايندەی خۆت دياری دەكەيت، كرۆكی ئايندەت ئەوەيە كە خۆت هەڵت بژاردووە. نەک لە خۆوە! زۆر پێداگر بە لەسەر ئەوەی كە بژاردەكەت دروست بێت لەگەڵ خودا.

((بێگومان ئەو خودايەی قورئانی نازڵ كردووە ئەو لەتاوانی بەندەكانی خۆش دەبێ ئەگەر تۆبەی لێ بكەن، قەبوڵی تۆبەو پەشيمانی دەكا، تۆڵەو عيقابی بە شيددەتە، كە سێكی پەناداو لەتاوانی خۆش بوو، دەيخاتە نازو نيعمەتی بەهەشتی ڕازاوەوە، كە سێكيش بگرێو بيەوێ سزای بدا، عەزابی بەزەبرە، خاوەنی نازو نيعمەتی هەميشە نەبڕاوەيە، بێ ئاتاجە، پێويستی بەكەس نيە، بەمەحضی ئيحسانو چاكەكاری خۆی دەبەخشێو نازو نيعمەت دەدا. هيچ خودا نين جگە لە ئەو، هەر ئەو خودايەو گەڕانەوەی هەموو كەس هەر بۆلای ئەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾ ﴾ البقرة: ١٠٩

بەختەوەر لە لێبوردەییەوە لە دایک دەبێت و، خۆشـــنودی دەرونیی لێ پەیدا دەبێت، کاتێک لێبوردە دەبیت و چاوپۆشـــی دەکەیت ئازاد دەبیت لە هەستی بریندارکەر و ئازاربەخش.

لێبوردەبە بۆ ئەوەی پشوو بدەیت..

خودا لەو کەسە خۆشبوو کە (١٠٠) کەسی کوشتووە!

خودا بەهۆی ئاوپێدانی سەگێک لە داوێن پیسێک خۆشبوو!

خودای پەروەردگار لە ئادەم خۆشـــبوو پاش ئەوەی ســـەرپێچی فەرمانەکەی کرد!

خودای پەروەردگار لە پیاوێکی بەنی ئیســـرائیل خۆشـــبوو لە کاتێکدا پیاوێکی زۆر خراپەکار و بەدکار بوو، ماوەی چل ســـاڵ ســـەرپێچی خودای دەکرد، پاشـــان دوای ئەوە پەشـــیمان بوویەوە و تۆبەی کرد، گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگار، خوداش لێی خۆشبوو!



Scanned with CamScanner

خودای پەروەردگار لە کەسێکی دیکەی بەنی ئیسرائیل خۆشبوو و، بە وهۆی ئەوەی ئەم بەندەیە پەشـــیمان بوویەوە و بۆلای خوا گەڕایەوە بارانی باراند!

ببەخشە ببەخشە..

بۆیە ئێمە مرۆڤین ڕاستمان هەیە و هەڵەشمان هەیە

ئەگەر (الله) خودامان بێت لەهەڵەمان خۆشدەبێت و،

تاوانەکانمان دەپۆشێت و، کەوتنەکانمان ڕاست دەکاتەوە،

کاتێک داوای لێخۆشـــبوونمان لێکرد، چونکە ئێمە بەندەی بچووکی ئەوین..

باشـە ئیدی ئێمەی مرۆڤ بۆچی لە مرۆڤی هاوشـێوەی خۆمان خۆش نابین؟!

بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە یەکێک بێت لە خۆشەویستانمان، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بووین!

بەداخەوە تۆ ئێستا واز لە کەسێک دەهێنیت کە خۆشـت ویسـتووە، بە هۆی ئەوەی لەدەســـتی دەرچووە هەڵەیەکی بەرامبەرت کردووە ئەو ڕۆژە خۆشـانەی بەیەکەوە بەسـەرتان بردووە، دوای ئەوە هەسـت بە تاوانی خۆی دەکات و بە پەشیمانی دەگەڕێتەوە بۆلات و

پاشان داوای لێبوردنیشت لێ دەکات کەچی تۆ هیچ گوێی پێنادەیت!

بیرت بێت.. بزانە ئەو کەسەی کە دەمرێت هەموو یادگارییە جوانەکانی کە لەگەڵی بوویت بە بیرتـدا دێـت، بەڵام هەڵە و خراپەکـانی لە یـاد دەکەیـت! ئـاوات دەخوازیـت بگەڕێتەوە بۆلات بۆ ئەوەیە بیبووریـت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە بێتەوە بۆ لات لێی دەبووریت!

زۆر دڵنیابە وادەبێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾ ﴾ مريم: ٤٥

خۆشەویستی ئەوەیە بترسیت لەوەی نەکەویتە ناو سزای خودای پەروەردگارەوە..

((ئەوەی هیچ گرنگی بە دوارۆژی نەدات لە ڕاستیدا ئەویش گرنگیان پێ نادات!))

**((ئەی باوکی خۆشەویستم! ئەمن ترسی ئەوەم هەیە: کە لەخوداوە سزایەکی سەختت لێ بکەوێ، مەترسی ئەوەت لێ دەکەم لە سەر ئەم بتپەرستییەت خودای خاوەن ڕەحم و بەزەیی تووشی سزایەکی سەختت بکا)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ ﴾ يوسف: ٨٣

به هەموو ئـاواتەكـان بڵێ.. به هەموو خەونەكـانـت بڵێ.. به هەموو خواستەكانت بڵێ.. به هەموو ویستەكانت بڵێ..

((پشتیوان به خودا هەموویان بەدی دێن)).

((فەرمووی: نەخێر ئەمە شتان فرتو فێڵێكی ترەو بۆ خۆتان ربەكەتان خ ستۆتە ناو باری بونیامینەوە بۆ ئەوەی بەگرتی بدەن، بەڵكوو ئەمەش پیلانێكە لە نەفسو دەروونتاندا داتانڕ شتووە بۆ ئەوەی بونیامینیش وەكوو یو سف لەناوبەرنو خۆتانی لێ رزگار بكەن، ئەگەر بۆ خۆتان بەدەمی خۆتان فتوا نەدەن بۆ عەزیزی میـ صر: كە هەر كە سێك ربەكەی لەبارەكەیدا دۆزرایەوە دەگیرێو دەكرێتە كۆیلە، عەزیزی میـ صر كوڕی منی نەدەگرتو گلی نەدەدا یەوە برا گەورەكە شتان لەمیـ صر هەڵەوگیر نەدەبوو! حاڵو وەزعی من لەئاكامی ئەم مو صیبەتانەدا خۆگریو دان بەخۆدا گرتنە، نە ئاخو ئۆف دەكەم، نە شكایەتو سكاڵام بۆ لای كەس دەبەم! رازیم بەقەزاو قەدەری پەروەردگار، سكاڵام بەس بۆ بارەگای خودا دەبەم، هەروەها ئەو كە سی بێكە سانە، هەر ئەو پەنای بۆ دەبرێو هاواری لێ دەكرێ، هەرگیز لەرە حمەتی خودا نائومێد نابم هومێدەوارم خودا هەر سێك كوڕەكانم بۆ بگێڕێتەوە (یو سفو بونیامینو روبیل) چاوەڕوانی بڕیاری خودا دەكەم دەربارەیان، ئاواتە خوازم خودا هەر سێك كوڕەكانم بۆ بنێرێتەوە (بەئیلهام ئەوەی دەزانی كە یوسف نەمردوە). بێگومان خودا بۆخۆی زاناو ئاگادارە بە حاڵی تەنیایی منو فەوتانی كوڕەكانمو غەمو ناڕە حمتی من بۆیان، داناو كارامایە لەكردەوەكانیدا، هەرچی دەیكا، ئەنجامی بێ هۆو حیكمەت نیە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَمَّآ أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗاۖ وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٣٣ ﴾ العنكبوت: ٣٣

مەترسە لەوانەی بە شەو و بە ڕۆژ لە کەمیندان بۆت، نیگەران مەبە پێیان.. خودا باشترین پشتیوانە و، چاکترین پارێزەرە خودا ئەوەی لە تۆ دەوێت کە تەنها: ﴿ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡ ﴾ دەرئەنجامی کۆتایی: ﴿ إِنَّا مُنَجُّوكَ ﴾

**((کە ئەم کۆمەڵە فریشتە فروستادانەی ئێمە هاتنە ماڵی لوط لەشێوەو روخساری کوڕی لاوی جوانخاص‌دا، حەزرەتی لوط تەنگەتاو بوو، ترسی ل ـێ نیشت گەلەکەی پێیان بزانن‌ودەستدرێژی بکەنە سەریان! وتیان: تۆ خەمی ئێمەت نەبێ‌و لەوە مەتر سە ئەوانە بتوانن ئەزیەتی ئێمە بدەن! خەمی ئەوە شت نەبێ: کە ئێمە چییان پێ دەکەین‌و چۆن لەناویان دەبەین! ئێمە هاتووین بۆ لەناو بردنیان بەعەزابی بە شیددەت ئێمە خۆت‌و شوێنکەوتوانت رزگار دەکەین‌و ئەو عەزابە نایانگرێتەوە جگە لەژنەکەت، ئەو لەپێری لەناو چوانە، چونکە ئەو لەگەڵ ئەواندا هاریکارو هەمئا هەنگە. داکۆکییان ل ـێ دەکاو رازییە بەکردەوە ناشیرینەکانیان!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَدَعْ أَذَىٰهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٤٨﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٨

واز بێنە لە بێزاری و وەڕسبوون لە خۆت بە دوورخە، پشوو دەدەیت!

واز لە ناخۆشی بهێنە و لە خۆتی بە دوورخە، پشوو دەدەیت!

واز لە ناڕەحەتییەکان بهێنە و لە خۆتی بە دوورخە، پشوو دەدەیت!

وەڵامی ئازارەکان مەدەرەوە، جا ئەو ئازارە لە کەسێکەوە بێت یان شتی دیکە..

وامەبە لە ئازار پێک بێیت، بەڵکوو وەک خودا هەواڵی پێداویت لە ناوی بە و

پشت بەو ببەستە

چونکە تۆ بەندەی ئەویت.. بەسە ئەو پشتیوانت بێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ التوبة: ٤٠

زۆر جار هەندێک کار ئەنجام دەدەیت:

هەندێکیان ((خوا پێت پێدەکەنێت))

هەندێکیان (( خودا شەرمت لێدەکات))

هەندێکیان (( خودا شانازیت پێوە دەکات))

بیرت بێت کە..

نیگەرانیت لە کاتی بوونی نیگەرانییەکە لە ناو دەچێت،

چونکە خودا لە دڵە..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلۡمَغۡفِرَةِۚ هُوَ أَعۡلَمُ بِكُمۡ إِذۡ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَإِذۡ أَنتُمۡ أَجِنَّةٞ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡۖ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ ﴾ النجم: ٣٢

بەر لە پەنجا هەزار ســـاڵ دروســـتكردنی بوونەوەران پەروەردگار پێنووسی بەدی هێنا، بە پێنووسی وت: ((بنووسە)).

هەموو ئەو شتانەی نووسی کە دەیکەیت!

هەموو ئەو شتانەی نووسی کە دێن (( لە ڕۆزی و پاراستن))

ئارخەیان بە..

خودا بەر لە بوونت لە خۆت باشـتر دەتناسـێت، ئەو باشـتر دەزانێت چی بۆ تۆ باشە بەر لە هاتنت..

ئەی بەندەکانی، ئەوە خودایە، پشـتیوان بە خودا هەموو شـتێک وەک خۆی دەگوزەرێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ ﴾ طه: ٦٨

خودایە ناخم گڕ دەگرێت

﴿ قُلْنَا لَا تَخَفْ ﴾

خودایە غەمەکانم زۆر زۆرن

﴿ قُلْنَا لَا تَخَفْ ﴾

خودایە بیستمان و گوێڕایەڵین

ناترسم، چونکە بەندەی تۆم.

**((وتمان مەترسە بێگومان تۆ سەرکەوتوی. ئەتۆ حەقت لەگەڵدایەو ئەوان لە سەر بەتاڵن، ئەتۆ بیرو باوەڕت لەگەڵدایەو ئەوان چاوبەستەکیٚو دەستسووکی، ئەتۆ خودات لەگەڵدایەو ئەوان فیرعەونی ملهوڕی ستەمکار لەپشتیانە!)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ﴿٥٦﴾﴾ الأحزاب: ٥٦

**ئیبنو تەیمییە دەفەرموێت:**

((سەلاوات و درووود لە سەر پەیامبەر بەر لە نزاکردن و، لەناو نزاکردن و، پاش نزاکردن لە باشترین ئەو هۆکارانەن کە ئومێد بەخشن خودا نزاکانت گیرا بکات)).

**((واتە: پەروەردگار رەحمەتو رەزامەندی خۆی دەرێژێ بە سەر پێغەمبەری خۆیدا، فریشتە دوعای بۆ دەکەن بەلێخۆشبونو پلەو پایەی بەرز، کەواتە: ئێوەیش ئەی مو سوڵمانینە دوعاو پاڕانەوەی رژانی رەحمەت بۆ سەر پێغەمبەر بکەن داوای بەرزبوونەوەی پلەو پایەو شکۆمەندی بۆ بکەن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾﴾ الإسراء: ٢٣

**له شافیعیان پرسی:**

((ئایا مرۆڤ ئەتوانێت دژی دایبابی بێت؟))

وتی: ((نەخێر تەنانەت بۆی نییە دژی نەعلەکانیشان بێت))

تەنانەت ئەگەر تۆ لەسەر ڕاستی بیت و ئەوانی لەسەر شتی ڕاستیش نەبن، چونکە دەبێت لە دنیادا بە باشی لەگەڵیان بجووڵێیتەوە..

**خودای پەروەردگار دەفەرموێت:**

﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾﴾ لقمان: ١٥

**تەفسیری سورەتی لوقمان ئایەتی ١٥:**

**((فەرمانمان بەئادەمیزاد کردوە لە سەرمان پێویست کردوە: کە گوێڕایەڵی فەرمانی باوك و دایکی بێ، چاکەیان لەگەڵ بکاو مافی باوکایەتی و دایکایەتییان بداتێ ئەرکی سەر شانی خۆی بەرامبەریان جێ بەجێ بکا.**



Scanned with CamScanner

بەتايبەتى  چاكە لەگەڵ دايكىدا بكا: كە بەزەحمەتو نارەحەتى بەپێ ستى
سك نۆ مانگو نۆ رۆژو زياتر هەڵى گرتووە، ئەمجار بەو هەموو ئێشو
ئازارە بەوەلەدى هێناوە، پا شان  شير پێدانو لە شيربرِينەوەى لەماوەى دوو
ساڵداو بەخێوكردنى بە  شەوو بەرۆژو  شەونخونى بە  سەريەوە تا پىَ
گەياندوەو دە ستو دووى خۆى پىَ نا سيوە. بەرا ستى ئەو فيداكاريەى دايك
بۆ رۆڵەى خۆى دەيكا هەر بەدايك دەكرىَو هەر لەخۆى دىَ، ئەو هەموو
ئەركو ماندوبوونەى پێوە دەكێ شىَو  سات لەدواى  ساتيش پتر ئامادەبا شى
تێدايە بۆ ئەو فيداكارىو  شەونخونييە. بەدڵى پر  سۆزى بەدە ستى نەرمى
بەباوە  شى گەرمى بەوزەو تواناى لەبن نەهاتووى هەمي  شە خەريكى
بەخێوكردنو پێگەياندنيەتى،  سات دواى  ساتيش هە  ست بەبەختەوەرى
خۆى دەكاو وا دەزانىَ دەستكەوتى دەست كەوتووە سوپاسى نيعمەتەكانى من
بكە، كە وجودم پىَ بەخ  شيوىو ئەو هەموو نيعمەتە جۆراو جۆرانەم پىَ
بەخشيوى هەروەها سوپاسى باوكو دايكت بكە چونكە هۆكارى رواڵەتين بۆ
پەيدا بوونت، لەدواى پەروەردگار ئەوان سەر چاوەى  چاكەكردنن لەگەڵ تۆ!
سەرەنجام بۆ لاى ئێمە دەگەرِێيەوە، لە  سەر كردەوەكانت  سزاو پادا شت
دەدەمەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌۚ أَفَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٧١﴾ ﴾ النحل: ٧١

**تەنتاوی دەڵێت:**

هیچ کەس ناتوانێت ڕۆزی تۆ ببات، هیچ کەسێک ناتوانێت ڕۆزی کەسی دیکە بۆ تۆ بهێنێت، هەرچی بۆ تۆبێت هەرچەند بێ دەسەڵاتیش بیت دەیبەیت، هەرچیش بۆ کەسی دیکە بێت هەرچەند بەهێزیش بێت ناتوانیت بیبەت بۆ خۆت!

تۆمارەکە کۆکراوەتەوە و، پێنووسەکە چارەی نوسیووە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ كُلّٞ فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٦﴾

هود: ٦

ڕۆزی من و ڕۆزی تۆ یەکلایی بووەتەوە.. تەنانەت ئەو مێروولەیەی لەســـەر بەردێکە بەو لاوازییە خۆی ڕۆزی بڕاوەتەوە، خودای پەروەردگــارمــان هەتــا ڕۆژی مردنی ڕۆزی بۆ دیــاری کردووە.. ئارخەیان بە...

((هیچ پێرۆو خشۆکو باڵندەو ئاژەڵێك نیە لەسەر زەوی مەگەر خودا رزقو رۆژی دەداو بژێوی لە سەر پەروەردگارە، ئەمە وێنەیەکی ترە لەوێنەکانی زانیاری پەروەردگار، کە عەقڵ تێیدا سەرسامەو هەستو شعوور لەبەرامبەریدا داماوە! ئەم هەموو پێرۆو زیندەوەرانە، هەر چی لە سەر زەوی گیانی تێدایەو دێو دە چێ: ئادەمیزادە، ئاژەڵە، خشۆکە، پەلەوەرە، باڵندەیە، هەر چی لەم زیندەوەرانە کە سەرزەوییان پڕکردوە، لەناو سکی زەویدا خۆیان حەشارداوە، لەکونو کەلەبەریدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەم هەموو زیندەوەرانەی: کە هەر خودا بۆخۆی ژمارەو جۆریان دەزانێو زانستی ئێمە پەییان پێ نابا، لای پەروەردگار زانیاری تەواوو وردو راست دەربارەیان هەیە، رزقو رۆژیشیان لە سەر ئەوەو ئەو بژێوییان دەدا، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو دەزانێ لەکوێ دەحەوێنەوە لەکوێوە هاتوونو بۆ کوێ دە چن، دەزانێ تا لەژیاندان جێگایان کوێیەو پاش مردنیان بۆ کوێ دەڕۆنو هەریەکێ لەم زیندەوەرو گیانلەبەرانە لەنێو زانستی رەهاو بێ سنووری پەروەردگاردا تۆمار کراونو کۆنترۆڵ کراون. هەموو زیندەوەرو گیانلەبەرێك چۆنیەتیو چەندییەتی، تەمەنو شێوازو روخساری، ژیانو مردنی بەئەوپەڕی وردیو لێزانیو ئاگالێبوونەوە لەلەوحولەحفوظ دا چەسپێندراونو نوسراون!

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٦٥﴾﴾ يس: ٦٥

پەیامبەری خودا (ﷺ) دەفەرمویّت:

((هەر ڕۆژێک بەسەر مرۆڤدا دێت هەموو ئەندامەکانی جەستەی داوا لە زمان دەکەن: لە خوا بترسە تووشی سزامان مەکە، ئێمە بە تۆوە بەندین، ئەگەر تۆ ڕاست بکەیت ئەوە هەموومان ڕاست دەبین، ئەگەر تۆ لار بیت هەموو مان لار دەبین)).

خۆت بۆ ئەو نمایشە ئامادە بکە!

خودای پەروەردگار پرســیاری هەموو وشــەکانت لێدەکات، یان هەر دەستەواژە و دێڕێک نووسیوتە..

خۆت ڕزگار بکە، ئەگینا لەناو دەچیت!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًاۖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ٨ ﴾ فاطر: ٨

وەک ئەوە وایە خودای پەروەردگار بفەرموێت:

کاتەکانتان بە بێ هوودە بەسەر مەبەن!

خۆتان لە پێناو شتی بێهوودە مەڕەنجێنن و داخی بۆ مەخۆن!

ئەگەر بە باشە بەسەرت بردووە ئەوە باشترە و، بە ڕۆشتنی هیچ نیگەران مەبە، گیان وو دەرونت ئارخەیان بکە، کاتەکانت هەمووی بە حەسرەت و ئاهـ هەڵکێشانەوە بەسەر مەبە...

تۆ ژیانی تایبەت بە خۆت هەیە، دەروونیشت مافی بەسەرتەوە هەیە..

ژیانێکی ئاسوودە بەسەر بەرە، سووود لە کاتەکانت وەربگرە، کارێک بکە سوودی بۆ دەروونت هەبێت و

خۆت سەرقاڵ بکە بە کارگەلێکەوە ببێتە هۆی خۆشنوودی پەروەردگارت، چونکە خۆشنودی ئەو

ئامانجی ژیانتە، ئەمە خاڵی جەوهەری وو بنچینەی سەرەکی هۆکاری بونی تۆیە لە

دنیادا.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًاۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ ١٠ ﴾ البقرة: ١٠

زۆر سەیرە؟!

چۆن توانای ئەوەیان هەیە بە ناشرینترین شێوە ئەو دڵانە بکشێنن کە ڕۆژێک

خۆشیان ویستوون!؟

**ئیبنو قەیم دەفەرموێت:**

((دوورترین دڵ لە پەروەردگارەوە دڵی مرۆڤی بێ بەزەییە)).

**((لە دڵو دەروونیاندا نەخۆ شی دووڕوویی‌و فێڵبازی هەیە، ناتوانن یان نایانەوێ ئایینی حەق بنا سن‌و شوێنی بکەون. بۆ پتر بەدبەختی‌و چارە رەشییان خودا نەخۆشی دڵو دەروونیانی بۆ دوو چەندانەو چەند چەندانە کردونەوە، تا بەتەواوی لە قوڕاویی گومڕایی‌دا سەرنگون ببن. بۆ ئەوان سزای بەئێ شی دۆزەخ ئامادەکراوە بەهۆی ئەوەوە: کە درۆو دوو روییان لەگەڵ پێغەمبەر موسوڵمانانندا کردووەو بەردەوامن لەسەری!)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ﴾ الكهف: ١٠٣

خودایە ئەوانە کێن؟!

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ﴿١٠٤﴾ ﴾
الكهف: ١٠٤

**((ئەی موحەممەد! بەو کافرە سەر رەقانە بڵێ: ئایا من هەواڵتان نەدەمێ بەخە سارەتمەندترین کە سانێك لەکردەوەکانیاندا؟ نەڵێم: کێ لەهەموو کەس زیاتر بەهەڵە چووە؟ ئەو کە سانەتان بۆ دە ست نیـ شان نەکەم: کە خۆ یان ما ندو کردوە لە کارو کردەوە یەکداو بەهیوای پاداشو جەزا وەرگرتنەوەن کەچی بەهیلاك چونو ئاکام بەپێچەوانەی مەبەستو هیوایان بوو. پێتان بڵێم: ئەو کەسانە کێن؟**

**ئەوانە کۆمەڵێکن بەهەڵە چون، هەڵخەڵەتاونو ڕێگایان لێ تێك چووەو گومرابونو کردوکۆیان بێهودەیەو مایە پو چن، لەحاڵێکدا بۆ خۆیان وا دەزانن کردەوەکانیان باشەو سودبەخشە بۆیان!))**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء: ٣٦

سەرەتای چیرۆکەکە: ئەگەر گوێدرێژەکەی خانەوادەی خەتاب موسوڵمان ببێت، عومەر موسوڵمان نابێت!

کۆتایی چیرۆکەکە: لە تەنیشتی پەیامبەر (ﷺ) ئەسپەردەی خاک کرا.

بۆیە.. بۆچوونت بەرامبەر هەر شتێک ناکرێت هەڵنەوەشێتەوە.

((نزيك ماڵو سامانی هەتیو مەكەونەوە بەمەبەستی خواردنی یان فەوتاندنی، ئاگاداری خۆیو ماڵو سامانەكەی بن، تەصەروف لەماڵی هەتیواندا مەكەن مەگەر بەجۆرێك لەبەرژەوەندیی هەتیوەكان بێ، كاتێك تەصەروف لەماڵی هەتیودا بكەن بەئاشكرا بەرژەوەندی ئەوی تێدا بێ، بەم جۆرە بیخەنە مامەڵەوەو پارێزگاری بكەن گەشەی پێ بكەن، تا هەتیوەكە پێ دەگاو عەقڵو هۆش پەیدا دەكاو رەسیدە دەبێو دەبێتە پیاوو دەتوانێ ماڵو سامانی خۆی رەدام بێنێو سەروكاری بكا. پابەندی وادەو بەڵێنی خۆتان بن، ئەو عەهدو پەیمانەی بەیەكتری دەدەن، ئەو سەوداو مامەڵانەی دایان دەبەستنو لەسەر خۆتانیان پێویست دەكەن وەكوو كڕینو فرۆشتنو ئیجارەو رەهن...هتد لێیان پاشگەز مەبنەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟
ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ
فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ
ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢٢

خودای پەروەردگار هێندە تۆبەکارانی خۆشدەوێت.. ئەگەر تاوانباران بیان زانیبا هەرگیز تاوانیان نەدەکردەوە!

ئەگەر بزانن خاوەنی جیهانیان چۆن پێشوازی لە تۆبەکاران دەکات و، دەرگایان بۆ لەسەر پشت دەنێت، تەنها بۆ ئەوە بگری کە ئەو دیمەنە ببینێت!

ئەو خۆشەویستمانە، هاوڕازمانە، دڵخۆشکارمانە، پەروەرشیارمانە.

وتراوە کە پەیامبەری خودا (ﷺ) ڕۆژانە نزیکەی حەفتا جار پەشیمانی و تۆبەی بۆ پەروەردگار دەربڕیوە، کە پەیامبەریشە!

ئەی تۆ لە ڕۆژێکدا چەند جار پەشیمانی دەردەبڕیت؟!

قَالَ تَعَالَى: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْۚ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ ﴾ النساء: ٢٨

ئەی خوێنەر بزانە ئەوەی خودا لێمانی دەوێت زۆر ئاسانە بەڵام ئەوەی کە ئێمە داوای دەکەین و دەمانەوێت زۆر گرانە، ئەگەر بگەینە تەنگانە ئەوە هاوار دەکەین خودایە ئاسانتر و ئاسانتری بکە لەسەرمان..

بۆیە.. هەرچەند بەڵا و مەینەتی لەسەرت گرانبێت و، نەهامەتی دنیا لە سەرت کەڵەکە ببێت، خودا دەتگەیەنێت بە خۆشگوزەرانی! ئەمەش ڕاستی ئەو فەرموودەیەیە: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ﴾

**(( پەروەردگار بە ناردن‌و دانانی ئەو حوکمانە، بەو فەرمان‌و نەهی‌و ئامۆژگارییانە، دەیەوێ ئەرکی سەر شانتان سووك بکا! لە کاتی ناتاجی‌و پێویستیدا مارەکردنی کەنیزەکی بۆ حەڵاڵ کردوون، هەندێك دەڵێن: مانای ئایەتەکە ئەوەیە؛ کە پەروەردگار هەموو ئەرکێکی بۆ سووك کردوون‌و لە ئاییندا شتی قورسی لێ داوا نەکردون، ئادەمیزاد دروست کراوە بە جۆرێکی وا کە زەبوون‌و لاوازە لەبەرامبەر هەواو هەوەسدا خۆڕانەگرە، بە تایبەتی لەبەرامبەر ئافرەتدا زوو دەست لە خۆ بەردەدا، عەقڵی لەلای خۆی نامێنێ‌و دڵی لێ دەستێندرێ‌و ناتوانێ بەرەنگاری هەواو هەوەسی خۆی بکا!!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡۚ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ۝٧٧ ﴾ يوسف: ٧٧

شـــاردنەوە و ئێش و ئازار پووختەی ڕێبازی پەیامبەرن بوون! کاتێک تووشـــی ئازاربوویت بە دوای ئازارەکە خۆشـــنوود بە، بەرامبەر ئازارەکان لێبوردە بە، چونکە خودای میهرەبان پاداشـــتت دەداتەوە، بەزرترت دەکاتەوە.

((وتیان: شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە کە ئەم برا باوکییەمان دزی بکا چونکە دایکی جودایە، جا ئەگەر ئەمڕۆ ئەم دزی کردبێ‌و دزی بکا ئەوە عەجایەب نیە چونکە لەوەپێش برایەکی تری هەبوو ئەویش هەر وا دزی کرد، ئەم سرو شتەیان لەدایکییانەوە بۆ ماوەتەوە، حەزرەتی یو سف وەڵامی ئەم قسە نا شیرینەی نەدانەوە، لێیانی نەگرت‌و پێناخۆ شبوونی خۆی بەرامبەر دەرنەبڕی‌و بەدرۆی نەخستنەوە، لەکاتێکدا لێی مەعلووم بوو کە خۆیشی‌و بونیامینی براشی لەتاوانی دزی دوورن، ئەوان بوختانیان پێ دەکەن، بەڵکوو لەدڵی خۆیدا بەڵکوو ئێوە بەم درۆهەڵبە ستن‌و بوختانکردنەتان لای خودا پلەو پایەی خراپتان هەیە، بوختانکەر زۆر لەبوختان پێکراو خراپترە، ئێوە خۆشەویسترین جگەر گۆشەتان لەباوکتان دزی‌و بەمەبەستی لەناو بردنی خ ستتانە بیری کەنعانەوە، ئەمجار درۆی ئەوەتان هەڵبە ست گوایە گورک خواردویەتی، خودا لەهەموو کەس زانا ترە بەو تاوانەی بەناحەق وەپاڵی من‌و بونیامینی برامی دەدەن!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُواْ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٠﴾﴾ البروج: ١٠

**حەسەنی بەسری دەفەرمویت:**

((سەیری ئەم هەموو لێبوردەیی و بەخشندەییە بکە، پیاوچاکان و بڕواداران تووشی کێشە دەبن، دواتر بانگیان دەکات بۆ ئەوەی پەشیمانی دەربڕن و پاشگەز ببنەوە)).

**((بێگومان ئەوانەی پیاوو ئافرەتانی موسوڵمانیان خستە ناو ئاگرەوەو لێیان نەگەڕان بە ئازادی پەیڕەوی ئایینی خۆیان بکەن، زەختیان لێ کردن: کە ئەگەر لە ئاینی مەسیحی پەشیمان نەبنەوە، دەبێ بچنە ناو ئاگرەوە. ئیتر خوداپەرستەکان لە ئاینی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، پاشای کافرو دارو دەستەی ستەمکاری خستیاننە ناو ئاگری هەڵگیرساوەوە، ئەوانەو هەموو کافرێکی تر: کە تۆبەیان نەکردبێ‌و تۆبە نەکەن، عەزابی دۆزەخیان بۆ ئامادە کراوە، بە ئاگری سوتێنەر دەیانسوتێنین. چونکە سزا بە گوێرەی کردەوەیە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ ﴾ الأعراف: ٣١

هەندێک لە پێشـــین خۆیان بە جوانترین شـــێوە دەڕازاندەوە لە کاتی نوێخوێندندا، دەیان وت: خودا لە پێشـــی هەموو شـــتێکەوە بۆ ئەوەی خۆت بۆ بڕازێنیتەوە..

بۆیە..

گرنگی بە بۆنخۆشی و، پاکژی پۆشاکەکەت و خۆت بدە..

ئیبنو کەسیر دەفەرموێت:

((سوننەتە مرۆڤ بۆ نوێژەکانی خۆی بڕازێنێتەوە، بە تایبەت بۆ ڕۆژی هەینی و ڕۆژی جەژن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ ٱلْجِبَالَ طُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الإسراء: ٣٧

خاكیبه له ڕۆشتنندا!

((بەفیزو خۆبەزلزانینەوە بە سەر زەویدا هاتو چۆ مەکە، چونکە تۆ بۆخۆت درو ستکراوێکی زەبون و لاوازی، چەندێك بەخۆت بنازی و خۆت بەبەهێز بزانی هێ شتا درو ستکراوی لەتۆ بەهێزترو گەورەتر زۆرن و تۆ لە چاویاندا هەر هیچ نی، بڕوانە لەژێر قا چتدا زەوی هەیە بەو هەموو پان و پۆڕیەوە، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆت بکە چەند کێوی بڵندو زەبەللاح دەبینی ئەتۆ چەندێك زل و بەهێزبی ناتوانی زەوی شەق بکەی، بەئەندازەی کێوەکانیش بەرزو بڵندو سەرکەش نی! دەی کەوابێ ئەو تەکەببورو خۆبەزلزانینەت لە چی یە؟ بۆ وەندە بەخۆت دەنازی و لەخۆت رازی؟ چەندێك خۆت بەقۆزو ئازاو زیرەك و هەڵکەوتوو بزانی، زۆر کەس لەوانەی ئێ ستا لەژێر خاکدان لەو رەو شتانەدا لەتۆ لەپێ شتر بون و شکۆمەندتر بوون. کاتێکیان بەخۆ زانیوە سلاربوونەوەو چوونە توونی نەمانەوە، هاکا رۆژێکیش مەرگ یەخەی پێ گرتی و خوستەی لێ بری!!!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾ ﴾ لقمان: ١٩

به سووكی و لەسەرخۆیی بدوێ!

(( بەرۆیی شتنێكی مام ناوندی بەرێگادا برۆ، وا مەرۆ: كە بەعا ستەم بجولێیەوە، وایش مەڕۆ كە مەیلەو راكردن بێ. لە شوێنێكدا كە پێویست بەدەنگ بەرز كردنەوەنیە دەنگ بەرز مەكەرەوە، لەئاخاوتن و گفت و گۆدا دەنگ نەوی بكە، چونكە دەنگ بەرزكردنەوەو نەرە نەركردن ئامێری بێ ستنی خەڵك ئەزیەت دەدا، نیشانەی لەخۆبایی بون و بەخۆنازین و بەسوكزانین و گرنگی نەدانە بەكەسانی دیكە، دەنگ بەرز كردنەوەو نەڕەنەڕ دەشوبهێتە زەڕەی گوێدرێژ و ناخۆشترین دەنگیش زەڕەی گوێدرێژە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾﴾ طه: ١٣١

ئاگات له تێڕوانینەکانت بێت، چاو زۆر مەگێڕە!

(( چاو مەبڕە ئەوەی لەلای مو شریکەکان هەیە لەنیعمەتو خۆ شگوزەرانی، لەماڵو سامانو کاڵای جۆراو جۆر، له ش ساغیو تەندروستی، ئەوە گوڵێکەو زوو سیس دەبێو هەڵدەوەرێ، خۆ شیەکی کاتی یەو پایەدار نیە، ئەوە بۆ بەتاقی کردنەوەو هەڵ سەنگاندیانە، تا دەربکەوێ هەڵوێستیان چۆنەو کرداریان چیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢ ﴾ الحجرات: ١٢

## ئاگات له چاو و گوێت بێت!

((ئەی ئەوانەی ئیمانتان بەتاك‌و تەنهایی خودا هێناوەو شوێن پەیامی نێ سلام کەوتوون‌و محمد ﷺ بەپێغەمبەر دەزانن، خۆتان لەزۆر شك‌و گومان بپارێزن، لەخۆتانەوە بەبێ بەڵگەی بەهێز گومانی خراپ بەمو سوڵمانان مەبەن، وەڵێ گومانی خراپ بردن بەکەسانی خراپ‌و ڕەوشت ناشیرین دروستە بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێ، بەڵام نابێ لەسەر ئەو گومانە قسەی ناڕاست هەڵچنێ‌و غەیبەت‌و بوختان ئەنجام بدا، چونکە هەندێ لەگومان تاوانەو لەککەدار کردنی مو سوڵمانەو دەبێتە هۆی ڵ ێ ڕەنجانی پەروەردگار. جا سوو سی بە سەر یەکترەوە مەکەن ولەعەیب‌و عاری یەکتری مەکۆڵنەوە، هەوڵ مەدەن نهێنی‌و کەم‌و کوڕی براکانتان بخەنەڕوو، گوێتان هەڵمەخەن بۆگفتوگۆی کەسانی دیکە کە پێیان ناخۆشە گوێیان ڵ ێ بگرن با هیچ کەس لەنێوە باسی خراپەی کەسانی تر لەنێوە نەکا، جا باسکردنەکە بەڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەو خۆ بێ، با سی خودی خۆی یا با سی منداڵ‌و خێزانی بێ، یان هەر شتێك پەیوەندی بەوەوە هەبێ چونکە با سکردنی کە سانی دیکە بەخراپە دەبێتە هۆی دڵڕەنجانی با سکراوەکەو حیقدو کینە لەدڵیاندا بەدی دێنێ. ئەمجار پەروەردگار غەیبەت کردنی شوبهاندوە بەخواردنی گۆ شتی برای مردووی بۆ ئەوەی مو سوڵمانان را چڵەکێنێ‌و قێزیان لەغەیبەتکردن بێتەوە، چونکە خواردنی گۆ شتی ئادەمیزاد تەبیعەتی سەلیم قێزی ڵ ێ دەکاتەوە چ جایی بەمردوییش‌و جگە لەوەی کە لەشەرعیشدا حەرامە!! تەقوای خوداتان هەبێ‌و بتر سن لەبێ‌گوێی فەرمان‌و جڵەوگیرییەکانی، خۆتان لە سزاو تۆڵە بپارێزن قێزتان لەغەیبەت بێ‌و توخنی نەکەون، بێگومان خودا تۆبە وەردەگری‌و بەزەیی دێتەوە بەوانەی لەتاوان دەگەڕێنەوەو پشت بەخوا دەبەستن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾ الأعراف: ٣١

خواردن و خواردنەوەت ڕێک بخە!

**((ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد! جوانیو شۆخو شەنگی خۆتان لە کاتی ئەنجامدانی هەموو تاعەتێك بنوێنن لە کاتی نوێژ یان لە کاتی تەوافدا پۆ شاکی خۆتان لەبەر بکەن. مەبەست بە (زینة) پۆشاکی جوانە، کەمترین پۆشاك ئەومیە شەرمگا داببۆشێ، داپۆشینی شەرمگا لە نوێژو تەوافدا واجبو پێویستە! جگە لە داپۆشینی شەرمگا داپۆشینی شوێنەکانی تری جەستە سوننەتە، شەرمگای پیاو وەکوو لە پێشەوە گوترا: نێوان ناووكو ئەژنۆیە. جەستەی ئافرەت هەمووی شەرمگایە جگە لە دوو دەستو دەمو چاو. ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد! بۆ هەر یەکێك لە ئێوە ڕەوایە خواردنو خواردنەوەی پاكو خاوێن بخواو بخواتەوە، دەی ئێوە لە خواردنو خواردنەوەی پاكو بەتامو لەززەت بخۆنو بخۆنەوەو زێدەڕەوی مەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی مام ناوەندیو مەیانەڕەوی کەڵکیان لێ وەربگرن، نە ئەوەندە کەم بخۆن کە پێداویستی جەستەتان دابین نەکا، نە ئەوەندەش زۆر بخۆن کە زیان بە جەستەو بیرو هۆشتان بگەیەنێ، ڕژدو بەخیل مەبن بەجۆرێك دڵتان نەیە بە گوێرەی پێویست لە ماڵی خۆتان بخۆن، ئەوەندەش دەست بڵاوو موسریف مەبن زیاد لە پێویست ماڵو دارایی خۆتان خەرج بکەن! دڵنیا بن خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە زیادەڕەوی دەکەن لە خواردنو خواردنەوەدا واتە: سزایان دەداو تۆڵەیان لێ دەستێنێ!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾ البقرة: ٨٣

وشه و دەربڕینەکانت ڕێک بخە!

((ئەوە بیری خۆتان بێننەوە کە وادەو بەڵێنمان لە نەوەی ئیـ سرائیل وەرگرتو پێمان گوتن: جگە لەخودا کەسی تر مەپەرستن بەندایەتیو گەردن کەچیی بەس بۆ خودا بکەن. لەگەڵ باوكو دایك دا چاکەکاربن یارمەتیو هاریکاری خزمو کەسو کارتان بن بەزەییتان بە هەتیواندا بێتەوەو دە ستی یارمەتیو سۆزیان بۆ درێژ بکەن. چاوتان لە فەقیرو هەژاران بێو داڵدەیان بدەن، ئەمجار قسەی جوانو شیرین بە خەڵك بڵێنو بەبا شی لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە. نوێژەکانتان بکەنو بە ڕێكو پێکیو بە ئیخلا صەوە ئەنجامیان بدەن. زەکات لە ماڵو دارایی خۆتان دەربکەنو مافی فەقیرو هەژاران پێ شێل مەکەن: کە چی ئێوەی جوولەکە لەجیاتی ئەوەی پابەندی ئامۆژگاریەکان بن. پاش ئەم هەموو فەرمانو ئامۆژگاری کردنە ئێوە پ شتتان هەڵکردو، پابەندی وادەو بەڵێنەکانتان نەبوون چەند کە سێکی کەمتان نەبێ - وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلامو هاوڕێکانی پابەندی ئەو پەیمانانە بوونو پەیڕەوی تەوراتیان کرد، کاتێکیش ئیـ سلام هات یەک سەر ئیمانیان هێنا. ئەگینا زۆرینەتان پ شتتان هەڵکرد، پابەندی فەرمانو نەهیەکانی ئایین نەبوون. ئێوە ئەی نەتەوەی ئیسرائیل ئێوە پ شتتان هەڵکرد، هەموو پەیمانو بەڵێنەکانتان پێ شێل کردنو لە ناخەوە بڕیاری ئەوە شتاندا بۆ هەتا هەتایە لەبیر خۆتانی بەرنەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ﴾ الحجرات: ١٢

ئاگات لە کۆڕ و کۆبونەوەکانتان بێت!

((ئەی ئەوانەی ئیمانتان بەتاک و تەنهایی خودا هێناوەو شوێن پەیامی ئیسلام کەوتوون و محمدﷺ بەپێغەمبەر دەزانن، خۆتان لەزۆر شک و گومان بپارێزن، لەخۆتانەوە بەبێ بەڵگەی بەهێز گومانی خراپ بەموسوڵمانان مەبەن، وەلێ گومانی خراپ بردن بەکەسانی خراپ و ڕەوشت ناشیرین دروستە بۆ ئەوەی خۆی لێی بپارێزێ، بەڵام نابێ لەسەر ئەو گومانە قسەی ناڕاست هەڵچنێ و غەیبەت و بوختان ئەنجام بدا، چونکە هەندێ لەگومان تاوانەو لەککەدار کردنی موسوڵمانەو دەبێتە هۆی لێ ڕەنجانی پەروەردگار. جا سووسی بەسەر یەکترەوە مەکەن ولەعەیب و عاری یەکتری مەکۆڵنەوە، هەوڵ مەدەن نهێنی و کەم و کوڕی براکانتان بخەنەڕوو، گوێتان هەڵمەخەن بۆگفتوگۆی کەسانی دیکە کە پێیان ناخۆشە گوێیان لێ بگرن با هیچ کەس لەئێوە باسی خراپەی کەسانی تر لەئێوە نەکا. جا باسکردنەکە بەڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ بێ. باسی خودی خۆی یا باسی منداڵ و خێزانی بێ، یان هەر شتێک پەیوەندی بەوەوە هەبێ چونکە باسکردنی کەسانی دیکە بەخراپە دەبێتە هۆی دڵڕەنجانی باسکراوەکەو حیقدو کینە لەدڵیاندا بەدی دێنێ. ئەمجار پەروەردگار غەیبەت کردنی شوبهاندوە بەخواردنی گۆشتی برای مردووی بۆ ئەوەی موسوڵمانان ڕا چڵەکێنێ و قێزیان لەغەیبەتکردن بێتەوە، چونکە خواردنی گۆشتی ئادەمیزاد تەبیعەتی سەلیم قێزی لێ دەکاتەوە چ جایی بەمردوییش و جگە لەوەی کە لە شەرعیشدا حەرامە !! تەقوای خوداتان هەبێ و بترسن لەبێگوێی فەرمان و چڵەوگیرییەکانی، خۆتان لە سزاو تۆڵە بپارێزن قێزتان لەغەیبەت بێ و توخنی نەکەون، بێگومان خودا تۆبە وەردەگری و بەزەیی دێتەوە بەوانەی لەتاوان دەگەڕێنەوەو پشت بەخوا دەبەستن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾﴾ الحجرات: ١٠

ئەو نێوەندانەی تێکت داوە یان کەسانی دیکە تێکی داوە چاکی بکەرەوە هیچ کەس مەڕەنجێنە!

ئەوەی لە دەروونی براکەتدا تێکت داوە چاکی بکەرەوە، هەرگیز دووزمانی نەکەیت و نەبیتە پەیامبەری شەیتان!

ببە بە پەیامبەرێک لە پەیامبەرەکانی خودا و پەیامبەرەکەی (ﷺ)، ئەو شتەی تۆ و براکەت لەسەر کێشەتان هەیە چاکی بکەرەوە، هەموو بڕواداران لە دینی خودای پەروەردگاردا برای یەکن.

((موسوڵمانان برای ئایینی یەکترن, پەیوەندی ئایین بەیەکیەوە بە ستوونو کۆی کردوونەتەوە, کەواتە صوڵحی نێوان براکانتان بکەنو ڕێکیان بخەنەوە، لەهەموو هەڵ سوکەوتێکی شتان دا تەقوای خودا بکەنو لایەنی ڕەزامەندیی خوداتان لەیاد بێ، پابەندی هەقو عەداڵەت بن ناوبژی کردن ونێوان کردنتان عەداڵەتکارانە بێ، مافی هیچ لایەنێك بۆ لایەنەکەی تر پێ شێل مەکەن, پابەندی فەرمانو جڵەو گیریەکانی خودا بن بۆ ئەوەی رەحمتان پێ بکرێ)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوْفُواْ بِٱلْعَهْدِۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا ﴿٣٤﴾﴾ الإسراء: ٣٤

له هەموو شـتێکدا سـەر ڕاسـت بە چونکە ئەم ئایەتە بە ترسـاندن و هەڕەشەی مەترسیدار تەواو دەبێت!

﴿إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا﴾

هەرگیز ناپاکی لە ئەسپاردەی خەڵک نەکەیت!

نزیك ماڵو سامانی هەتیو مەکەونەوە بەمەبەستی خواردنی یان فەوتاندنی، ئاگاداری خۆیو ماڵو سامانەکەی بن، تە صەروف لەماڵی هەتیواندا مەکەن مەگەر بەجۆرێك لەبەرژەوەندیی هەتیوەکان بێ، کاتێك تە صەروف لەماڵی هەتیودا بکەن بەئا شکرا بەرژەوەندی ئەوی تێدا بێ، بەم جۆرە بیخەنە مامەڵەوەو پارێزگاری بکەن گە شەی پێ بکەن، تا هەتیوەکە پێ دەگاو عەقڵو هۆش پەیدا دەکاو ڕە سیدە دەبێو دەبێتە پیاوو دەتوانێ ماڵو سامانی خۆی ڕەدام بێنێو سەروکاری بکا. پابەندی وادەو بەڵێنی خۆتان بن، ئەو عەهدو پەیمانەی بەیەکتری دەدەن، ئەو سەوداو مامەڵانەی دایان دەبە ستنو لە سەر خۆتانیان پێوی ست دەکەن وەکوو کڕینو فرۆ شتنو ئیجارەو ڕەهن...هتد لێیان پاشگەز مەبنەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الإسراء: ٢٩

خودای پەروەردگار یەکسانی و هاوسەنگی و نێوەندگیری و دانایی و دادپەروەری لە هەموو کارێکدا خۆشدەوێت..

بۆیە کارەکانت هاوسەنگ بکە، بۆ ئەوەی ژینت برازێتەوە.

((دە ستت بەگەردنتەوە شەتەك مەدە، واتە: ئەوەندە رژدو چروك مەبە، خۆت دوور بخەیتەوە لەخێرو خێراتو بەجێهێنانی یا سای خزمایەتیو پیاوەتیو بەخ شندەیی بەجۆرێك سودت بۆ خۆتو خزمو کەسو کارو ئاتاجان نەبێ، صیلەی رەحم بەجێ نەهێنیو هیـ چت لێ هەڵنەوەرێ! هەروەها ئەوەندەش دەست بڵاوو بەخشندە مەبە زیاد لەتوانای دارایی خۆت بێ، ئەوەندە دە ست بڵاو بی هیچ لەدە ستی خۆتدا نەهێڵیتەوە.. بەکورتیو پوختی بنەمای ماڵبەخ شین بریتییە لەمیانەڕەوی لەبوارەکانی ژیاندا، میانەڕەوی لەماڵبەخشیندا، بەبێ دەست قوچاندنو دەست بڵاوکردن، رژدی زێدەڕەوییە لەخۆگرتنەوە لەبەخشین، دەست بڵاویش بریتییە لەزێدەڕەوی لەبەخ شیندا، هەردوکیان ناپە سندن، با شترین کار ئەوەیە مامناوەندیی بێت)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ ٱلْجِبَالَ طُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الإسراء: ٣٧

خاكی به.. به ڕۆشتنت خۆت بەسەر زەوی هەڵمەکێشە بە سەرسام بوون بەخۆتەوە کێوەکان ڕیشە کێش مەکە وا مەکە بە بستەکانی دەستت شاخەبەرزەکان بچووک بکەیتەوە، ئیبنو عومەر پیاوێکی بینی زۆر بە لووتبەرزییەوە بە ڕێگادا دەڕۆشت، پێی وت: ((شەیتان برای هەیە)).

((بەفیزو خۆبەزلزانینەوە بە سەر زەویدا هاتو چۆ مەکە، چونکە تۆ بۆخۆت درو ستکراوێکی زەبون و لاوازی، چەندێك بەخۆت بنازی و خۆت بەبەهێز بزانی هێ شتا درو ستکراوی لەتۆ بەهێزترو گەورەتر زۆرن و تۆ لە چاویاندا هەر هیچ نی، بڕوانە لەژێر قا چتدا زەوی هەیە بەو هەموو پان و پۆڕیەوە، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆت بکە چەند کێوی بڵندو زەبەللاح دەبینی ئەتۆ چەندێك زل و بەهێزبی ناتوانی زەوی شەق بکەی، بەئەندازەی کێوەکانیش بەرزو بڵندو سەرکەش نی! دەی کەوابێ ئەو تەکەببورو خۆبەزلزانینەت لە چی یە؟ بۆ وەندە بەخۆت دەنازی و لەخۆت ڕازی؟ چەندێك خۆت بەقۆزو ئازاو زیرەك و هەڵکەوتوو بزانی، زۆر کەس لەوانەی تێ ستا لەژێر خاك‌دان لەو ڕەو شتانەدا لەتۆ لەپێ شتر بون و شکۆمەندتر بوون. کاتێکیان بەخۆ زانیوە سلاربوونەوەو چوونە توونی نەمانەوە، هاکا ڕۆژێکیش مەرگ یەخەی پێ گرتی و خوستەی لێ بڕی!!!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا ﴿٢٧﴾ ﴾ الإسراء: ٢٧

زیادەڕۆیی و ماڵ بە فیڕۆدان دوو ڕەوشــتی شــەیتانین، بۆیە مەبە بە برا و هاوبەشی شەیتان!

**((بێگومان ئەوانەی ماڵو سامانی خۆیان لەتاوانکاریدا دەبەخشن، لەپێناو ڕەزامەندیی خودادا نایبەخشن؛ ئەوانە پێڕو تاقمی شەیتانن، هاوەڵو هاونشینی شەیاتینی یەکانن، واتە: شەیتان نیعمەتەکانی خودای لەبەر چاو نەبوو، پێیان کافربوو، سوپاسی ئەو نیعمەتانەی خودای نەکرد، سپڵەیی نواند، فەرمانی خودای شکاندو ڕوی کردە خراپەکاریو سەرپێچی کردن، خۆی تەرخان کرد بۆ ئەنجامدانی تاوانو بڵاوکردنەوەی فەساد لەسەر زەویو گومڕاکردنی خەڵك)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ الشورى: ٣٧

لەسەرخۆ بە..

((لەسەرخۆیی و ئارامی لە ڕەوشتبەرزی و نەریتی جوانەکانە))..

خودای پەروەرگارمان هێمنە لەســـەر خۆیانی خۆشـــدەوێت بۆیە دان بەخۆدا بگرە، تەنها بە ڕەوشـــتی باش وەڵامی هەموو بەدکاران و ڕەوشتی ناشرینەکان بدەرەوە لێبوردە بە بزانە پاداشت بەرامبەر ئەو کارەیە دەیکەیت لێبوردەبە بۆ ئەوەی خودای لێبوردە بت بەخشێت.

**((ئەو خاوەن باوەڕانەی خۆیان دەپارێزن لە تاوانی گەورەی وەکوو هاوەڵدانان بۆ خوداو کوشتنی ئادەمیزاد بە ناحەق و ئەزیەتدانی باوك و دایك، هەروەها خۆیان دەپارێزن لەکاری فاحیـ شە ئامێزی وەکوو زیناو درۆزنی و غەیبەت و دزی و چەتەیی و ئاژاوە نانەوە لەسەر زەوی، ئەگەر خراپەیەکیان لەگەڵ کرا رقیان هەڵساو دەسەڵاتیان بوو تۆڵە بسێنن رقی خۆیان دەخۆنەوە، لێبوردن رەچاو دەکەن لەبەرخاتری خودا تاوانکار عەفوو دەکەن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ
فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ
جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ
بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ
بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى
ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ ۖ
وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ
جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ النور: ٣١

تەوبەکانت با زۆر و بەردوامبن، هەرگیز لە تۆبەکردن وەڕس مەبە، پەشیمانیت لە تاوانەکان

نیشانەی چاکەیە تیاتدا!

ئەمە ویژدانێکی زیندووە و خودا لە ناختدا چاندوویەتی بۆ ئەوەی ڕێگەی بەهەشت بگریتە بەر،

هیوادارم خۆتی لێ بێئاگا نەکەیت و، بەردەوام بیت لەسەری.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ۝١ ﴾ المطففين: ١

نەکەی هەرگیز دەست درێژی بکەیتە سەر دارایی خەڵکی!

((شیوی ناخۆشی پڕ عەزابی دۆزەخ بۆ ئەوانەی لە کڕین و فرۆشتنندا تەرازو بازی دەکەن. ربەو قـ سناغ کیلۆو حوققە تەغاریان کەم وزیادی تێدایە. ئەمجار پەروەدگار بۆ خۆی تەفسیری))

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١ ﴾ الهمزة: ١

نەکەیت هەرگیز دەستدرێژی بکەیتە سەر کەسێتی خەڵک!

((رێ سوایی‌و عەزابی دۆزەخ بۆ هەموو ئەوانەی پاشملە با سی ئادەمیزادانی تر دەکەن بە شێوەیەکی نا شیرین‌و لەڕێز داگرتنیان، یان ڕووبەڕوو تانەیان لێ دەدەن))



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم: ٤

پەروەردگارت ئەو کەسەیە پەروەردەی کردوویت

لە ئامێزی ڕێنموونی کردن چاودێری کردوویت

پاک و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی لافاوی چاکەی بەسەردا ڕشتوویت

ئەو چاکەی جگە لە تۆ نەداوە بە مرۆڤ و جنۆکە

لە جوانترین و بەرزترین شێوە بە دی هێنایت

جوانییەکت تێدایە، جگە لە تۆ لە کەسدا نییە

پاک و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی پەیامی پێدایت

لە هەردوو جیهاندا ڕێنموونی خۆت پێ بەخشین

خۆشەویستت لە ڕۆژی پەسڵاندا تکای دا بەدەستەوە

تۆ ستایش کراویت ئەوە تەنها بە تۆیە

خودا تۆی بۆ میهرەبانی نارد بۆمان

هەرگیز یەک هەنگاوی هەڵەت نەنا لە هەنگاوەکانت

ئێمە لە گێژاوی تاریکیدابووین، دونیات ڕووناک کردەوە

خۆری ڕێنما، بە ستایشی تۆ دونیا هەمووی درەوشایەوە...

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا ۝٤ ﴾ مريم: ٤

زەکەریا چۆن خودای پەروەردگاری بانگ کرد و لەگەڵی دوا؟!

بە نزمی و دەنگێکی شاراوە خودای پەروەردگار و بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرانی بـانـگ کرد بەڵام هەرگیز دەنگی بەنـدەیەکی لاواز و بریندار لای خودای بیســـەر شـــاراوە نابێت، خودا وەڵامی دایەوە و داواکەی پێبەخشی.

**((ئەی خودایە! ئەمن ئێسقانەکانم پۆڵکاون، هێزم تێدا نەماوە، پیرو کەنەفت بووم، چونکە: ئێسقان راگرو جیسرو کۆڵەکەی جەستەیە، کە ئەو پۆڵکا ئیتر هەموو جە ستە دەپۆڵکێ، هیچ ئەندامێکی لەش هێزو توانای تێدا نامێنێو ئەرکی خۆیان ئەنجام نادەن هەروەها موی سەرم دەڵێی گڕی تێبەر بووە، زۆر بەخێرای رە شی مووی سەرم سپی هەڵدەگەڕێو هەر دەڵێی ئاگر بەربووەتە پۆشو پەڵاشو پێوە دەچێ رەشایی لەسەرم نەهێڵێ. خودایە! من هیچ کاتێ لەئاکامی پاڕانەوەو دوعا کردنمدا بۆلای تۆ ناهومێد نەبووم، هەرگیز رەنجەڕۆ نەبووم، من لەوەپێش لەکاتی گەنجیو بەهێزو توانایپمدا کە هانام بۆ هێناوی فریام کەوتووی، کاری گرانم بۆ ئا سان بووە، لەتەنگو چەڵەمە رزگارت کردوم. ئێستا کە پیرم بوەو ئێسقانم پۆڵکاون، هێزو توانام نە ماوە، ز یاتر جێگای بەزەییمو پتر بەهیوای فر یارە سی تۆم، زۆرتر پێوی ستیم بەرەحمەتو یارمەتی تۆ هەیە، هیوادارم بەهانامەوە بێیو نیعمەتو رەحمتی خۆتم بەسەردا برێژی!!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾ الزمر: ٧٣

ئیبنو قەیم بەم شێوەیە ڕاڤەی ئەم ئایەتەی کردووە:

((خودای پەروەردگار ناهێڵێت بڕواداران بە یەک یەک بڕۆنە بەهەشت، بەڵکوو هەمووی لەگەڵ هاوەڵەکەی دەڕۆنە بەهەشت)).

بۆیە داوا لە خودای باڵادەست و بە توانا دەکەم من و ئێوە بخاتە ناو فیردەوسی باڵا.

**((ئەوانەی لەژیانی دونیایاندا خوداپەر ست بوون لە لایەن فری شتەکانەوە بەرێزو حورمەتەوە بەرەو بەهە شت بەڕێ دەکرێن، کۆمەڵ کۆمەڵ و یەك بەدوایەکدا بەگوێرەی پلەو پایەی ناو بەهە شتیان بەڕێ دەکرێن، پێری پیغەمبەران ئەمجار ڕا ستگۆیان و لەدوای ئەوان شەهیدان و بەدوایاندا زانایانی ئایینی، هەر تاقمەو بەجیا دەنێردرێن! هەتا بە سەر پردی سیراط دا تێپەڕین و گەیشتنە بەردەم دەرگاکانی بەهەشت دەرگاکانیان بۆ کراوەتەوە بەڕێزەوە پێ شوازیان لێ دەکرێ. بەرپرس و دەرگەوانانی بەهە شت بەخودا پەر ستان دەبێژن سڵاوتان لێ بێ، لەهەموو ناخۆ شی و غەم و پەژارەیەك بەدورن، چاکتان کرد لەدنیادا خوداپەرستی و یەکتا پەرستیتان کرد. هاوەڵ و هاوبە شتان بۆ خودا بەڕەوا نەزانی، بەق سەو بەکردەوە خوداپەر ست و گوێ ڕایەڵ بوون، پاداشتان باشەو لێی ڕازی دەبن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ﴾ الإسراء: ٢٤

له جوانترین ئەو یـادەوەریـانەی منـداڵی کە تیـایـدا ژیـام: لە هۆڵی ماڵەوەدابوو، لە خەو هەڵدەستام و، من لەناو جێگەی خەودابووم!

خودایە هەرگیز دەستی دایک و باوک ئاگریان بەرنەکەوێت.

((بەکردەوە پ چوکی خۆتیان بۆ بنوێنە، باڵی بەندایەتیو خزمەت چیەتی خۆتیان بۆ بکەرەوە، بەدڵ خزمەتکاریان بەو لەناخەوە رێزیان بگرە. نەك لەبەر لۆمەو رەخنەی ئەمو ئەو. داوای رەحمەتو بەزەیی خودایان بۆ بکە، بۆ یان ب پاڕێوە، لە کاتی پیری‌و لەدوا مردن یان دو عاو پاڕا نەوە یان بۆ لەپەروەردگار بکە، بڵێ: خودایە! رەحمیان پێ بکە، خودایە! بەرەحمەتو چاکەی خۆت دایانپۆ شە، وەکوو چۆن ئەوان لەکاتی منداڵیمدا چاکەیان لەگەڵ کردوم، بەخێویان کردوم، پێیان گەیاندوم، خودایە لەتاوانیان خۆش بە، خێرو خۆ شییان لە چارە بنوو سە، بیانخەرە بەر بارانی رەحمەتی خۆت!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ ﴾ البروج: ١٣

خۆشی و دڵخۆشی دەگەڕێنەوە، ئاسوودەی و خەندەکان دەگەڕێنەوە، بەختەوەری ون دووبارە دەبێتەوە، ناخۆشـــیەکان دەبن بە خۆشـــی، هەموو ئەو پەیوەندیانە پچڕاون دەگەڕێنەوە، هەموو شتێک وەک خۆی لێدێتەوە وەک ئەوی هیچ ڕووی نەدابێت، هەمووی بە دەستی خودایە.

**((بێگومان خودا خاوەنی دە سەلأتی ڕەهایە، هەرئەو سەرەتا بەدیهێنەرە، ئەوئادەمیزادی لە دونیادا درو ست کردوە، دوای مردن جارێکی دی زیندویان دەکاتەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾ ﴾ الأحزاب: ٥٩

باشــترین ژنی جیهان! ئەوانەن جەســتەیان دادەپۆشــن! دەوروبەر بە شێوەیەکی شەرم و شکۆوە سەیری دەکەن، بە تەمەنەکانیش هەمیشە نزا بۆ خۆی و ئەوەی پەروەدەی کردووە دەکەن.

((ئەی پێغەمبەری خۆ شەویـ ست! فەرمان بەهاو سەرەکانتو ک چەکانتو ئافرەتانی مو سوڵمان بکەو پێیان بڵێ: با پە چەو چار شێوەکانیان بە سەر خۆیاندا بدەنو دایبدەنەوە بەسەر دەمو چاوو گەردنو ملیاندا، چونکە ئەم شێوە نزیکترە بەوە: کە ئەوانە بنا سرێنو بزاندرێ کێنو چ کە سن، دوڕوو شەقاوەو چاوبرسیو داوێن پیسەکان تێبگەن: کە ئەوانە ئافرەتانی روسورو خاوەن حەیاو داوێنپاکو خاوەن رێزن، لەو ئافرەتانە نین سەرەرێیان لـ ێ بگیرێو تەماعی بێ ردو شتییان لـ ێ بکرێ. ئیتر لێیان دوور دەکەونەوەو ئافرەتەکان بەقـ سەی نا شیرینو نا بەجێ ئازار نادرێن، پەروەردگار لەکەمتەرخەمی لەوەپێ شیان خۆش دەبێ: کە بەبا شی پە چەو چار شێوی خۆیان دانەداوەتەوەو پاشگوێیان خستووە، هەروەها لێخۆشبووە بۆ ئەوانەی پابەندی فەرمانی پەروەردگارن دەربارەی پەچەو چارشێو، وەلـ ێ بەهەڵە وا رێ دەکەوێ کەمتەرخەمی تێدا دەکەن، رەحمەتو میهرەبانی خودا وا سیعو بەرفراوانە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۗ وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٨٩﴾ ﴾ البقرة: ١٨٩

خوشكم..

ڕێویە فڵێبازەکان فریوت نەدەن!

بە وتەی:

(ژمارەکەتم بدەرێ ئەمەوێت بتخوازم)

ببین بە هاوڕێ!

ئەگەر ڕاست دەکات، با لە دەرگای ماڵەوەتان بێتە پێشەوە..

بە دەربڕینی خۆشەویستی فریوت نەدەن، داوێن پاکیت لە دەست بدەیت!

پابەندی داوێن پاکی خۆت بە، سەیری خاتوو عائیشەی دایکت بکە، بە دوایدا ڕابکە، هەرگیز پشتی تێ نەکەیت، بە دوای ڕێویە وێڵەکاندا سەرگەردان نەبیت!..

ئای چەند جوانن ئەو ئافرەتە بڕوادارانەی پابەندنی دینن، دەستیان بەدینی پاکی خوداوە گرتووە و بۆ ساتێکیش نابزوتن.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الحشر: ٢٣

هەردوو زانـای بەرزی فەرمـووده بـوخـاری و مـوسـلـیم لە پەرتووكەكـانیـانـدا فەرمودەیەكیـان گێڕاوەتەوە لە پەیـامبەری خوداوە(ﷺ):

((خودا نەوەد و نۆ ناوی هەیە هەركەس لەبەریان بكات دەڕواتە بەهەشتەوە)).

بە باشـــی لەبەریان بكە، لە ماناكانیان ڕابمێنە، بزانە مەبەســت لێیان چییە، خۆت بخە ناو ئەم دەست پێشخەرییە گەورەیە.

((خودا خودایەكە بە دیهێنەرو ئەندازە كێشی مەخلوقاتە، هەرچی دروستی دەكا بە گوێرەی داخوازیو ویستی خۆیەتی، چۆنی بوێ ئاوا دروستی دەكاو دەیهێنێتە وجود، وێنەی هەموو مەخلوقاتی دەكێشێ لە سەر شێوەی پێویستو بە گوێرەی حیكمەت، ناوی جوانو صیفاتی جوانی هەن ، كەس هاو شانی ناكاو ڕایەی ناكەوێ هاو شانی بكا لەو ناوە جوان و صیفاتە جوانانەدا، چونكە عەزیزو بالادەستە پاكە لە هەموو عەیبو لەككەو كەمو كوڕییەك . بۆیە هەر چی لەئاسمانەكانو زەویدا هەیە بە زوبانی حاڵ یان بەزوبانی گوتن، تە سبیحاتی زاتی پیرۆزی دەكەنو بە تاكو تەنهای دەناسن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَأَسِرُّوا۟ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُوا۟ بِهِۦٓ ۖ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ ﴾ الملك: ١٣

ئەو شـــارەزایە بە خورپەی ناو دڵەکانتان، چونکە دەزانێت تۆ بە چی بارودۆخێکدا گوزەر دەکەیت

ناتوانیت هەمووی ئەوەی لە ناختدایە لە نزاکانتدا بیانڵێیت!

پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایە کە لەخۆت شارەزاترە،

بۆ تۆ لە خۆت بە بەزەیی ترە..

بۆ تۆ لە خۆت میهرەبانترە..

ئارخەیان بە..

((ئەی بەندەکانم یەک سانە ئێوە قـ سەکانتان بەنهێنی بکەن یان بەئا شکرا، خودا ئاگادارەو دەزانێ چی دەڵێن و نیازو مەبەستتان چییە، نەك هەر ئەوە بەڵکوو خودا ئاگای لەخەتەراتی دڵەو هیچی لێ گوم نابێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ ۝٩٩﴾ الصافات: ٩٩

منداڵەکان ئەگەر ســــکاڵایەکان هەبێت چۆن دەڕۆن بۆ لای دایکیان بۆ ئەوەی بیکەن تۆش بە هەمان شێوە ئەگەر سکاڵات هەبوو هاوشێوەی ئەو منداڵە ســــکاڵای خۆت بۆ پەروەردگار دەربڕە نموونەی باڵا بۆ پەروەردگار..

((وتی: من لە وڵاتو ناو خزمو کەسوکاری خۆم دەردەچم، کۆچ دەکەم، ئەو نەتەوەو خزمانەم بەجێ دێڵم کە سورن لە سەر بتپەرستیو ئیمان بە خودای تاكوتەنها ناهێنن، من لە ناو کۆمەڵگەیەکدا نامێنمەوە پەیامی خودا بەدرۆ بزانن و ئەزیەتی پێغەمبەری بدەنو بانگەوازیی حەق ڕەت بکەنەوە. دەڕۆم بۆ وڵاتێك خودا بۆم دیاری دەکاو بتوانم خوداپەرستی تێدا بکەم، دڵنیام خودا هیدایەتم دەدا بۆ هەر شتێك بەرژەوەندیی دینو دونیامی تێدا بێ)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴿٦٥﴾﴾ الإسراء: ٦٥

شـەيتان هيچ دەسـەڵاتێكی ئەوتۆی بەسـەر بەندەكاندا نييە، ئارخەيان بە، دەسـەڵاتی ئەو تەنها دروسـت كردنی گومان و فريودانە.. ئەوەی زانی شـەيتان زاڵبووە بەسـەريدا با پێداچوونەوە بە پەرستشـەكانيدا بكات..

**((بێگومان بەندە را ستاڵەكانی من پارێزراون، تۆ ئەی شەيتان! ناتوانێ ئەوانە لەخشتەبەرێ، دەسەڵاتت بەسەرياندا ناشكێ، كەسێك دڵی پەيوەست بێ بەخوداوە، روبكاتە خودا، دە ستی خۆی بە(عوروەتولوثقا)وە بگرێ، كە سێك نەفخەی يەزدانی ناو دڵی روناك كردبێتەوە هەرگيز شەيتان ناتوانێ كاری لێ بكاو هەڵی خەڵەتێنێ، چونكە ئەو دڵە روناكی نۆری ئيمانی تێدايە. كيفايەتە: كە خودای تۆ پارێزەرو چاودێر بێ، يارمەتی موسوڵمانان بدا نەهێڵێ شەيتان لەخشتەيان بەرێ، بييان پارێزێ، خودا بەتوانايە فرتو فێڵی شەيتان پووچەڵ دەكاتەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَوۡلَآ أَن ثَبَّتۡنَٰكَ لَقَدۡ كِدتَّ تَرۡكَنُ إِلَيۡهِمۡ شَيۡـٔٗا قَلِيلًا ٧٤ ﴾ الإسراء: ٧٤

خودای پەروەردگار بەرامبەر پەیامبەر ئەمە دەڵێت!

گومانی تیا نییە پەیامبەر باشترین و کامڵترین مرۆڤە..

ئەگەر خودای پەروەردگار پەیامبەری ڕاوەســتاو نەکردایە ئەوە ترس لەسەر پەیامبەر (ﷺ) دروست دەبوو!

ئەی چی دەربارەی خۆت دەڵێت؟!

بۆیە تۆش پەرستشەکەت لە خۆت نەگۆڕێت

داوای جێگیربوون و خۆڕاگری لە پەروەردگار بکە

بڵێ: ((خودایە ئەم خاوەنی گۆڕانکاری دڵەکان دڵم لەســــەر دینەکەی خۆت جێگیر بکە)).

**((ئەگەر ئێمە دڵی تۆمان لە سەر بیرو باوەڕی ڕا ستەقینەی خۆت دا مەزراو نەکردا یە بیرو باوەڕت بە پە یامی خۆت تۆکمەو پتەو نەبوایەن بێگومان نزیکبووی لەوەی کەمێ بەلایاندا مەیل بکەی، وات بەباش بزانیایە: کە کەمێ لەداخوازییەکانیان جێ بەجێ بکەی!!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾ ﴾ الإسراء: ٤٤

پرســـیار و وەڵام: بۆچی خودای پەروەردگار ئەم ئایەتەی بەم دوو ناوەی خۆت کۆتای هێناوە!

١- ئارام: چونکە بەربەســـتی داناوە لەوەی کە ئێمە تەســـبیحات و زیکری بوونەوەران ببیســـتین، ئەگەر وانەبوایە و بمان بیســـتایە ئەوە بەرگەیمان نەدەگرت!

٢- بەخشـــەر: مرۆڤ کەمتەرخەم و بێ ئـاگـان لە یـادی خودای پەروەردگار، ئەگەر ســـەیری یادی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە بکەیت دەبینیت هەمبانەیان بەتاڵە!!

بەڵام خودا بەخشـــەر و بەخشـــندەیە، بە ئـاوەز و گوفتـار، ئێمەی بەهرەمەند کردووە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ﴿٣١﴾﴾ مريم: ٣١

ئەگەر هەر یەکێکمان بەشێکی بچووکی بەهەشتمان بدیایە پشتمان لە نوێژکردندا دەچەماندەوە! ئەمە بۆ بینینی بەهەشــەت، ئەی ئەگەر خودا ببینین دەبێــت چی بکەین؟! بۆیە هەرگیز واز لە نوێژەکـانــت مەهێنە مادام لە ژیاندایت بۆ ئەوەی بەهەشتی نەبڕاوە و بینینی ڕووی جوانی خودای پەروەردگار بەنسیب ببێت.

((پەروەردگار وای لێ کردوم کە سوود بەخش بم بۆ ئادەمیزاد، فێری چاکەو شتی بە سوودیان بکەم، شارەزایان بکەم بۆ ڕێبازی نەجات و سەرفرازی لەهەر شوێنێك بم. پەروەردگار بۆ چە سپاندنی ئەم صیفاتانە صیغەی فیعلی ما ضی بەکار هێنا، تا ئاماژە بێ کە ئەو کردەوانە لەداهاتوودا دێنە جێ‌و گو مان لە پە یدابوونـ یاندا نـ یە. خودای خۆم فەر مانی پێ کردوم بەبەجێهێنانی نوێژ: کە پەیوەندی قایم و پتەوی نێوان بەندەو خودایەو پاککەرەوەی دڵ و دەروونە. ناهێڵێ خراپەکاری‌و کاری فەحـ شائامێز ئەنجام بدا. هەروەها فەرمانی پێ کردوم بەدەرکردنی زەکات لەماڵ‌و سامان: کە دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی ماڵەکەو یارمەتیدانی فەقیرو هەژار، فەرمانی پێ کردوم کە پابەندی بەجێهێنانی ئەم ئەرکانە بم تا گیانم تێدابێ!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾ الإسراء: ١

کێ دەزانێت؟! ڕەنگە شـــەوێک بە خەیاڵی شـــتێکەوە بخەویت و کە بێومێد بووبێت لێی... خودای پەروەردگـار دوای ئەوە بە خۆشـــی بەخەبەرت بهێنێت وەک ئەوەی لەگەڵ پەیامبەرەکەی (ﷺ) لە شــــەو ڕەویدا ئەنجامیدا و بەو گەشتەی دڵخۆشی کرد.

((پاكو مونەزهو بێ عەيبو بێ هاوەڵو هاو شانە ئەو خودا بەدە سەڵاتەی؛ كە لەبە شێكی شەودا شەوڕەوی بەبەندەی خۆی، موحەممەد ﷺ كرد، لەمزگەوتی كەعبەوە بۆ مزگەوتی قودس؛ كە بەگوێرەی وەسائیلی هاتو چۆی ئەو رۆژگارە چل قۆناغە رێ لێك دوور بوون، ئەم ئیـ سراو میعراجە ساڵێك پێش كۆ چكردن بووە. ئیبنو سەعد لەكتێبی (الطبقات)دا دەڵێ؛ شەوڕەوی كردنی پێغەمبەر هەژدە مانگ پێش كۆ چكردن بووە. شەوڕەویمان بەبەندەی خۆمان كرد لەمەككەوە بۆ مزگەوتی قودس؛ ئەو مزگەوتەی كە دەورو بەرەكەیمان كردۆتە خێرو بەرەكەت بۆ دانیـ شتوانی، ژیانو رزقو رۆژیو كێلگەو دارو درەختی ئاوو هەواو بەروبوومی هەمووی هەر خێرو بەرەكەتە. شەوڕەویمان پێكرد بۆ ئەوەی بەڵگەی تاكو تەنهاییو خودایەتی خۆمان نیشان بەندەی بەرێزمان بدەین. بەڵگەی بەهێزو پێز لە سەر بەتواناییو دە سەڵاتی بێ سنووری خۆمانی نیـ شان بدەین؛ بێگومان ئەو خودایەی شەوڕەوی بەبەندەی خۆی كرد، شنەوایە بەو قـ سەو قـ سەڵۆكانەی مو شریكەكانی مەككە دەربارەی ئیـ سراو میعراجی پێغەمبەر دەیكەن، بینایە بەكردارەكانیانو لە سەر زەویو لەئاسمانەكاندا هیـ چی لێ گوم نابێو ئاگاداری هەموو هەڵسو كەوتێكیانە، هەموو زانیاریەكی دەربارەیان هەیەو بەهەموو جۆرێك كۆنترۆڵی كردونو هەموو شتێكیان لە سەر تۆمار دەكاو سزاو پادا شیان پڕاو پڕ دەداتەوە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ۝٣ ﴾ الحجرات: ٣

لەسەر بابەتێک نامەیەکیان بۆ عومەری کوڕی خەتاب نوسیبوو:

کامیان باشترن لەم دوانە:

پیاوێک کە ئارەزووبازی بە خەیاڵیدا نەیەت و بیریشی لێ نەکاتەوە؟!

بەڵام پیاوێک ئارەزووی زۆر بێت، بەڵام لە پێناو خودا وازی لێ بهێنێت؟!

**عومەر نووسی:**

ئەوەی کە ئارەزووی تاوان دەکات، بەڵام لە پێناو خودا وازی لێ دەهێنێت:

﴿ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ۝٣ ﴾



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾﴾ آل عمران: ٧٦

**ئیبنو عوسیمین دەفەرمویت:**

خودای پەروەردگار سـەرناسـییەکی وەهای داوە بە پاریزکاران، تەنها بە بینینی کەسەکان دەزانیت ئەو کەسە ڕاست دەکات یان درۆ دەکات، پیاویکی باشە یان نا.

**((بەڵێ بۆ چوونەکەتان هەڵەیە، هەڵوێستەکەتان ناڕەوایە، هەرکە سێ وەفا بە وادەی خۆی بکاو تەقوای خودا بکا، ئەوە خۆ پارێزەرەو، خوداش تەقواکارانی خۆش دەوێن، کەوابوو نابێ ئێوە بە ناڕەواماڵی نا جولەکەو عەرەبو ناعەرەب بخۆن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر: ٦٠

پرسیار له پیاوچاکێک کرا:

پیاوێک دەناسیت که نزاو پاڕانەوەکانی گیرابێت؟

فەرموی: نەخێر، بەڵام ئەو کەسە دەناسم که وەڵامی پاڕنەوەکان دەداتەوە!

دڵت وابەستە بکە بە بەدیهێنەرەوە نەک بەدیهێنراو.

**((ئەی بەندەکانم هاوارم لێ بکەن، لێم بپاڕێنەوە دوعاتان گیرا دەکەم، چونکە دوعاو پاڕانەوە بۆ خۆی عیبادەتە، بەڵکوو کاکڵەی عیبادەتە، دوعا بریتییە لەوەی لەخودا بپاڕێیەوە بۆ هێنانی سوودو لابردنی زیان، بۆ سەرفرازی دونیاو قیامەت، بۆ بەمراز گەیشتنو شاد بوون بە بەهەشت، ئەوەشمان لەیاد نەچێ پاڕانەوە لە غەیری خودا بێ سوودو بێ بایەخە تەنیا خودا دەتوانێ دوعا قبووڵ بکاو مەبەست بێنێتە جێ...)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ القصص: ٦٥

نه له گۆڕدا نه له ڕۆژی قیامەت بۆ ناسینت: پرسیاری نەژاد و هۆز و عەشـــیرەت و حیزبت لێناکریت، بەڵکوو پێت دەوترێت: ﴿ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾

(( ئەی موحەممەد! یادی ئەو ڕۆژە بکەرەوە: کە پەروەردگار بانگی مو شریکەکان دەکاو پێیان دەفەرموێ: ئەرێ چیتان وەڵامی پێغەمبەرەکان دا یەوە؟ چۆن تان هەڵس و کەوت لە گەڵ کردن؟ چۆن بەپیر بانگەوزییەکەیانەوە چون؟)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ النحل: ٨٩

ئەگەر نەهامەتییەک دابەزییە سەرت برۆ لە قورئان دەبینیت:

١- هۆکارەکانی.

٢- ڕووداوەکە (دەبینی وادەزانیت ئەو ئایەتە بۆ ئەو کێشەیە دابەزیوە).

٣- ناخ و کەسێتی ئەوانەی لە دەور و بەرت و ئەو کارەیان کردووە.

٤- چارەسەر.

٥- خۆ پارێزی لێی.

((ئەی پێغەمبەر! با سی تەنگانەی ئەو ڕۆژە بکە ئەوە باس بکەو بەخەڵکەکەی رابگەیەنە: کە پەروەردگار لەرۆژی قیامەتدا پێغەمبەری هەموو گەل و نەتەوەیەك دەکاتە شایەد بەسەر گەل و نەتەوەکەیداو بەرێك و پێکی شایەتییان لێ دەدا، بەڵگەو بیانویان بەدەستەوە ناهێڵێ، بەڵگەیان لەسەر راست دەکاتەوە، قورپیان بەدەمدا دەداو بۆڕیان دەدا توش دێنین ئەی موحەممەد! دەتکەینە شایەدو گەواهیدەر بەسەر ئوممەتەکەتدا، شایەتییان لێ دەدای چییان کردوە، چییان وەڵام داویتەوە، چۆن لەگەڵ پەیامەکەی تۆدا هەڵس و کەوتیان کردوە، جا تۆ ئەو کاتە ڕێزو نرخی خۆت دەزانی و بۆت دەردەکەوێ چەند لای خودا ڕێزداری. ئەی پێغەمبەر! ئێمە قورئانمان بۆ سەر تۆ نازڵ کردوە ڕونکەرەوەی هەموو شتێکە، هەر چی ئادەمیزاد پێویستیان بێ لەژیانیاندا لەرێنمونی و ڕێکخستنی کۆمەڵ و چۆنیەتی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ یەکتریدا لەم کتێبە پیرۆزەدا بەیان کراوە، ئەم قورئانە ڕێنمونی و ڕەحمەت و فەڕو مزگێنییە بۆ موسوڵمان، بۆ ئەوانەی بڕوای پێ دەکەن و بەپێی ئەو بەرنامەیە هەڵس و کەوت دەکەن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخۡفَوۡنَ عَلَيۡنَآۗ أَفَمَن يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ۝٤٠ ﴾ فصلت: ٤٠

پەیامێک بۆ هەموو ئەو کەســانەی مولحیدن! لەم ئایەتە ڕابمێنن و لێی تێبگەن ئەم بەڵێنە مەترسییەی لە لایەن پەروەردگارەوە دڵەکان دەکات بە ئاو! لە کۆتایدا دەڵێت... ﴿ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ۝٤٠ ﴾

**((بێگومان ئەوانەی ڕوو لەحەق وەردەگێڕن، قورئان لە پلەو پایەی خۆی دادەبەزێنن و گۆڕانکاری تێدا دەکەن، بڕوا بە حیکمەت و دە سەڵاتی خودا لەبونەوەردا ناکەن، ئەوانە لە ئێمە شاراوە نین، پێیان دەزانین: ئاگامان لەهەڵس و کەوتییانە، تۆڵەیان لێ دە ستێنین، ناهێڵین ئاوا بۆیان سەرب چێ. ئەمجار جۆری تۆڵە ستاندنەکەو سزادانەکەیان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ئایا کە سێ ڕۆژی قیامەت بەتۆپزی تورِ بدرێتە ناو دۆزەخەوەو لەتۆڵەی بەدرۆخ ستنەوەی پیغەمبەردا سزا بدرێ، حاڵی با شترە یان ئەو کە سەی ڕۆژی قیامەت دێتە سارای مەحـ شەرەوەو دڵنیایە لە سەرەنجامی خۆی و ئەمینە لەعەزاب؟ بێگومان چون یەك نین و ناخرێنە تای تەرازوی یەکترەوە! دەی کەوابێ بەوپ ستی خۆتان چی دەکەن بیکەن، دڵنیابن خودا بەکردار و ڕەفتارتان ئاگادارو بینایەو هیـ چی لێ گوم نابێ، بەگوێرەی کردەوەکانتان پاداش و سزا وەردەگرنەوە، چاکە بەچاکە خراپە بەخراپە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ۗ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٩

ئیسلام پێک هاتووە لە:

ڕاستگۆیی، ئارامگری، چاکە کاری، دڵسۆزی ، شکۆ ، هێز پاراستن، پەلە نەکردن، لێبوردن، هاوکاری، شەرم، کارکردن، سۆز، نەرمی، هیوا بوون، داوێن پاکی، سوپاسگوزاری.

خاکی بوون، ئەمەک، نهێنی پارێز، دادگەری، خۆشەویستی، خۆ نەویستی، ئاشتی ویست، خۆشنوودی، بەخشندەیی.

چاکەکردن.

دڵسۆزی.

شکۆمەندی ، هێز.



Scanned with CamScanner

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤ ﴾ الإخلاص: ١ - ٤

بوخاری و موسلیم دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هەبوو هەمیشە سورەتی (الاخلاص)ی دەخوێند.

لێیان پرسی: بۆ وادەکەیت!

وتی: چونکە ئەو باسی سیفەتی خودای پەروەردگار دەکات، منیش حەز دەکەم بیخوێنم.

پەیامبەر (ﷺ) فەرموی: پێی بڵێن خودای پەروەردگاریش ئەوی خۆشدەوێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ النمل: ١٩

دەتەوێت ڕەوشتێکی سولەیمانی پەیامبەرت تیا بێت؟

ئازاری هەستی هیچ مێرووڵەیەکیش مەدە! تێدەگەیت!؟

زەردەخەنەیەکی لەخۆ شیان هاتێ، خێرا ئەم دیمەنو ڕوداوانە ناخیان جوڵاند و لەخۆ شیانوەلەرزە کەوت. دڵی گەڕایەوە بۆ لای ئەو خودایەی ئەو نیعمەتانەی پێبەخ شیوە، نیعمەتێك، کە خۆی لەخۆی دا موعجیزەیە. پەردە لابردنە لەنێوان حەزرەتی سولەیمان ﷺ و ئەو عالەمە دابڕاوانە لەخەڵکی تر، بۆیە لەناخەوە ڕوی کردە پەروەردگارو لێی پاڕایەوەو. وتی : خودایە! هەموو هە ستم ئامادەبکە، هەموو ئەندامەکانم ڕام بکە بۆ ئەوەی بتوانم سوپاسی نیعمەتەکانت بکەم، خودایە زوبانودڵم، هە ست.و دەروونم، و شەو ڕ ستەو کارو کردەوەم بیروبۆ چونم، هەموو هێزو توانام سەرەتاو کۆتایی ئەوەڵو ئاخری هەمووی سەرگەرمی سوپاسو ستایشی نیعمەتی تێگەییشتن لەزمانی باڵندەو گیانلەبەرانی تر بن. سوپا سی ئەو نیعمەتەو نیعمەتەکانی تری زاتی بێ چونت بکەم، کە بەمنت بەخ شیون ، هەروا ئەو نیعمەتە جۆراو جۆرانەی بەخ شیوتن بەباوکم. کە لەهەموو نیعمەتەکان بەرزترو گرنگتر نیعمەتی ئیمانو ئی سلامە. خودایە تۆفیقم بدە بۆ ئەوەی بتوانم کردەوەی پەسندیوابکەم تۆ پێی ڕازی بی. خودایە بەفەضلو گ ـەورەیی خۆت لەو دونیادا بمخەرە ناو بەهە شتی ڕازاوەی خۆتو لەپێڕی پیاو چاکانو پێغەمبەرانو خۆشەویستانی خۆت تۆمارم بکە!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤﴾
الإسراء: ١٤

**هەندێک لە پێشین دەڵێن:**

گەورەترین دادگەرییە کاتێک خۆت دەکەیتە بەرپرسی لێپرسینەوە لە کردەوەکانت.

**((دە تۆماری کردەوەکانی ژیانی دونیات بخوێنەوە، بزانە: فرێ شتەکانی لای راستو لای چەپت چییان بۆ نووسیوەو چییان لە سەر تۆمار کردوی. بۆ خۆت داد گایی خۆت بکە، جا کە ئادەمیزاد بۆ خۆی بەپرسیاربێ لەکردەوەکانی خۆی)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ يوسف: ٦٤

((مرۆڤی بڕوادار له کونێکدا دووجار مار نایگەزێت)).

ئیتر حەزرەتی یەعقووب کۆنەبرینی کولانەوەو سەر لەنوێ یو سفی بیر کەوتەوە، فەرمووی: من ئەگەر ئەمەتان بەقسە بکەم شتێکی سەیرە، دڵنیابن حاڵو وەزعی من ئەو کاتەی لێتان ئەمین دەبم دەربارەی براکەتان وەکوو ئەو حاڵو وەزعەم وایە: کە کاتی خۆی دەربارەی یو سف لێتان ئەمین بووم بردتانو ئێوارە گەڕانەوە وتتان: گورك خواردویەتی!! دەی چۆن ئێستا دەربارەی بونیامین لێتان ئەمین بم؟! من خودام بە سە بۆ پارێزگاری کوڕەکەم! ئەو با شترین پارێزەرو چاودێری کارە، خودا لەهەموو کەس بەرەحم ترە، سۆزو بەزەیی زۆر لەوە فراوانترە کە پاش ئەو ناخۆ شییەی بەهۆی یو سفەوە تو شم بوو، توو شی ناخۆ شییەکی تری لەو جۆرەم بکاتەوە، من تەواوی بتمانەم بەخودای خۆمەو پشتو پەنام هەر ئەوەو کاری خۆم بەئەو دە سپێرم! هەر ئەو بەزەیی بەجەرگی هەڵقر چاوم دادێو ڕەحمم پێ دەکاو بە سەلامەتی بۆم دێنێتەوە! ئەمە نیشانەی ئەوەیە: کە حەزرەتی یەعقووب لەبەر ناعیلاجیو پێوی ستیان بەخواردەمەنی ڕازی بوو بەناردنی بونیامین لەگەڵیاندا، بەتایبەتی کە هیچ دیاردەو نی شانەیەکی وای هە ست پێ نەکرد براکان ڕقو کینەیان لەگەڵ بونیامیندا هەبێ!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ ﴾ الشرح: ٥

خودای پەروەردگار فەرمووی لەگەڵ (مع) نەی فەرمووی (بعد) دوای، خۆشەویستان بیر لەم ئایەتە بکەرەوە و لێی ڕابمێنە!

ئەم ناخۆشییەی ئێستا تیایدان ئاوێتە و بەستراوەتەوە بە خۆشییەک..

دڵنیابە کە باش دەبێت.

((بێگومان لەگەڵ ئەو تەنگانەو ناخۆ شیانەی لەوەپێش هاتوونە ڕێت فەرەحیو خۆشی هەیە، لەدوا تەنگانە، ئازادیو خۆشی هەیە. بێگومان لەدوا ناخۆشی خۆشی هەیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ الأنبياء: ٩٠

یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشـــی دوای نەهامەتی ئەم ئایەتە کە پێت دەڵێت

پەلە بکەن لە پێشخستنی چاکەکان بۆ خۆشنوودکردنی خودای ئاسمان و زەوی..

بزانە دەستکەوت وو پاشکەوتت لە کاتی خۆشیدا سودی بۆ تەنگانەت دەبێت

پەیامبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: "لە خۆشـیدا خودا بناسـە، خوداش لە کاتی تەنگانەدا تۆ دەپارێزێت".

هەروەها پەیامبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

"هەرکەس پێی خۆشـــە خودا لە کاتی تەنگانەدا بە فریای بکەوێت، با لەکاتی خۆشیدا زۆر نزا بکات".



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلْنَٰهَا وَٱبْنَهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩١﴾﴾

الأنبياء: ٩١

خودای پەروەردگار زۆر باسی مریەمی کردووە، یەکەسەر کە خەڵک ناوی دەبیستێت دەڵێن ئەو داوێن پاکە، بۆیە داوێن پاکی گەورەییە بۆ ئافرەت و هێز و شکۆمەندی و سەربەزیی پێ دەبەخشێت.

((ئەی پێغەمبەرﷺ چیرۆکی مەریەم بۆ گەلەکەت بگێڕەوە، ئەو مەریەمەی خۆی لەهەموو پیاوێك پارا ست، نەبەحەلاڵیو نەبەحەرامی نەیهێ شت پیاو لێی نزیك ببێتەوە، لەگیانی خۆمان گیانمان بەبەر عی سادا کرد لەناو سکی دایکی دا. واتە لەو گیانەی: کەتەنیا بەفەرمانی ئێمە پەیدا بووەو لەناو درو ستکراوەکانماندا زیاتر تایبەتمەندیو پەیوەندی بەئێمەوە هەیە. ئێمە خاتو مەریەمو عیسای کوڕیمان کرد بەموعجیزەو نیشانەی بەدەسەڵاتی بۆ هەموو عاقڵمەندانی بوونەوەر. نیشانەی ئەومیە: کەخودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێك دا هەیە: هەرچی بیەوێ ببێ دەبێ، هیچی لێ عاسی نابێ.)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ
رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ١٠ هَٰذَا خَلۡقُ
ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي
ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ١١ ﴾ لقمان: ١٠ - ١١

یەکێک لە ســـوودەکانی تێڕامان و ورد بوونەوە لە بەدیهێنراوەکانی خودا دانایی دەبەخشـــێت بە مرۆڤ، باوەڕی زیاد دەکات، ئارامی پەروەردگار باڵ بەســەریدا دەکێشـێت، ئەم پەرســتشــە پێی دەوترێت پەرستشی بێدەنگ، بەندە بە ئەنجامدانی پاداشت وەریدەگرێت، دەرگای زانست و زانیاری بۆ دەکرێتەوە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ ۗ مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ ۚ سُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ القصص: ٦٨

عومەری کوڕی خەتـاب دەفەرمویـت: هەموو چـاکە و خێریـک لە خوشـنوودیدایە، هەتا بوت دەکریت خوشـنوود بە، ئەگەر نەت توانی ئارام بگرە.

((واته: با ئادەمیزاد بۆ خۆی بەراوردێك بكا، بابۆی دەربكەوێو بزانێ، ئەوەی لای خودایەو پە سندەو با شە ئەوە هەڵبژێرێو ئەوە تەرجیح بدا بە سەر نازو نیعمەتو کاڵای دونیاییدا. چۆنیەتی بەراوردییەکە بەم جۆرەیە: ئایا کە سێك ئیمانی بەنامەی خودا هێناوەو بڕوای بەوادەو بەڵێنی خودا هەیەو دڵنیایە: کە خودا بەفەضڵو گەورەیی خۆی لەپاداشی کردەوەی چاکیدا نازو نیعمەتی بەهە شتی پێ دەدا، ئایا وەکوو کە سێك وایە کافرو بەدرۆخەرەوە بێ بڕوای بەهاتنی قیامەتو وادەو هەڕە شەی خودا نەبێ؟ ماوەیەکی کورت لەززەتو خۆ شی دە چێژێو دوایی ڕۆژی قیامەت لەپێڕی سزادراوان دەبێو لەناو ئاگری دۆزەخدا دەسوتێندرێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾ ﴾ الكهف: ٤٦

چاكە بەردەوامەكان:

سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ للهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ

بۆیە بەو ناوە ناو نراوە (باقیات الصالحات) چونكە

پاداشتی زۆر گەورەی نەبڕاوەی هەیە

خودایە زمانمان بەو ناوە جوانانە پاراو بكە.

(( ماڵو ساماڵو كوڕو نەوە زینەتو جوانی ژیانی دونیانو زینەتو شەوكەتی ژیانی قیامەت نین، ژیانی دونیا كەمخایەنو زوو بە سەر چووە، كەواتە مافی ئەوەیان نیە بكرێنە ئامانجو مەبەستو پشتیان پێ ببەسترێ بەغایەو ناكام حەسێب بكرێن! هەر چەندە ئایینی ئیسلام جڵەوگیری لەوە ناكات كە لە چوار چێوەی راستو رەوادا خۆش بویسترێنو گرنگیان پێ بدرێ، وەلێ هەر شتێ بەردەوام نەبێو زوو بە سەر بچێو بەزوویی تێپەڕێ نابێ گرنگی پێ بدرێو بكرێتە مەبەستو ئامانجی سەرەكی! ئەو كردەوانەی باشنو پەسندنو پاداشتو بەرهەمیان دەمێنێتەوەو بۆ هەتا هەتایە سوودبەخشن ئەوانە لای خودا باشنو لەرۆژی دوایی دا پاداشتیان هەیە، ئەوانە شوێنی هیوانو خاوەنەكانیان سودیان لێ دەبینن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ وَتَرَى ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا ﴿٤٧﴾ ﴾ الكهف: ٤٧

واگومان دەبەیت توانای نییە ئاواتەکانت بەدی بهێنێت؟!

ئەمە لە دەسەڵاتی خودا دوورە

گومان دەبەیت ناتوانێت وەڵامی داواکارییەکانت بەدی بهێنێت و، ناتوانێت ئەو تەنگانەیەت لەسەر لابەرێت،

تکاکانت بەدی ناهێنێت؟!

بەڵی دەتوانێت!

هۆشیار بن

ئەوە بەدیهێنەرە

ئەی بەندەکانی (الله)!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾ الكهف: ٤٩

هەموو ئەوەی کردووتە، ئەوەشـــی هێشـــتا نەتکردووە و دەیکەیت لە ڕۆژی دواییدا دەیبینیتەوە! کردەوەی باش ئەنجام بدەن! بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا ئەنجامی جوانتان دەســت بکەوێت! خودا دادپەروەرە و ستەم لە هیچ بەندەیەکی ناکات.

((دەفتەرو نامەی کردەوەکانتان بە سەردا دابەش دەکرێ‌و ئەوی خواپەر ستو کردار باش بووە نامەی عەمەلی دەخرێتە دە ستی را ستییەوە، ئەوی بێدین‌و کافریش بوو بێ نامەکەی دەخرێتە دە ستی چەپیەوە، چییان کردوە لە چاکەو خراپە لەکردەوەی گەورەو پـ چوك دێتەوە رێگایان‌و بە چاوی خۆیان ئاکامی کردارەکانیان دەبینن! ئەتۆ دەبینی تاوانبارەکان دەتر سن لەوەی نوو سراوە لەنامەکانیانداو بەترس‌و لەرزەوە سەیری دەکەن‌و بەنا چاری دەیخوێننەوە، هاواریان لێ هەڵدەستێ‌و دەڵێن: ئەی هاوار بۆ خۆمان‌و ماڵوێران خۆمان ئەوە چیە ئەم کتێبە!؟ ئەم دەفتەرو نامەی عەمەلە هیچ تاوانێکی گەورەو پـ چوکی پا شگوێ نەخ ستووە، هیچ کردارێکی دونیای ئێمەی نەبواردوە، هەموویانی تۆمار کردوە! هەرچی گوتوومانە، هەرچی کردوومانە تێیدا نووسراوەو شی کراوەتەوە. هەرچی لەدونیادا کردویانە بەوردو درشتی یەوە لەنامەکەدا لەبەردەمیاندا ئامادەو حازرە، کەس ناتوانێ ئینـ کارـی یان لێ بـ کا، کەس ئەملاو ئەولای بۆ ناکرێ، ددان بەتاوانەکانیاندا دەنێن‌و سزای عادڵانەی کردەوەکانیان پڕاو پڕ وەردەگرنەوە خودای تۆ ستەم لەکەس ناکا، هەموو کەس بەپێی کردەوەکانیان سزاو پادا شیان دەدرێتەوە! حوکم‌و بڕیاری پەروەردگار هیچ ستەمێکی تێدا نیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الكهف: ٣٧

هەرجاریک خۆت بە گەورە زانی و شـانازیت بە خۆتەوە کرد و خۆت لە خەڵکی دیکە بە گەورە دانا. بیر لەم ئایەتە بکەرەوە لەم سـاتە بە دواوە ئەم دێڕە لە ناختدا دووبارەبکەرەوە:

((هەرگیز لەخۆبایی نابم و خۆم بە گەورە نازانم؟!)).

((هاوەڵە خودا ناسەکەی لەحاڵەتی گفتو گۆ لەگەڵ کردندا پێی گوتو ئامۆژگاری کردو سەرزەنشتی کرد وتی: ماڵوێران! تۆ بۆ واز لەو بیرو باوەڕە پو چەی خۆت ناهێنیو نایە سەر ڕێبازی هیدایەتو خوداپەر ستی؟ ئەوە چۆن تۆ ڕێگە بەخۆت دەدەی بڕوا بەو خودایە نەکەی کە لەگڵ باوکی تۆی بەدیهێناوە؟ بنەمای ئێوە کە باوە ئادەمە لەگڵ درو ستی کردوە، ئەمجار چین لەدوای چین ئادەمیزادی لێ کەوتوونەوە! هەروەها خۆراکی ئێوەو ئاژەڵو گیانلەبەرانی بەگ شتی لە دانەوێڵە پەیدا دەبێ، بژێوی درەختو ڕوەکیش لەگڵو ئاو دە ستەبەر دەبێ! ئەمجار ئەم خۆراکە دەبێتە خوێنو بەشێکی دەبێتە تۆماوو منداڵی لێ بەدی دەهێنرێ، ئەمجار وردە وردە گە شەت پێ دەکا پێت دەگەیەنێ تا دەتکاتە پیاوێکی ڕێكو پێكو ئەندام تەواوو بێ عەیب. ئەم شێوە جوانەت پێ دەبەخ شێ! دەی ئێوە چۆن ئینکاری هەبوونی خودا یەك دە کەن کە بەدیهێنەرو پەروەرد گاری ئێوە یە؟ نیـ شانەکانی درو ستبوونی ئێوە بەڵگەی هەبوونی ئەوە، هەر کە سێك بەوردی لەخۆیو ئادەمیزادانی تر ورد بێتەوە بەئا سانی خودای خۆی دەنا سێو بڕوا بەهەبوونو بەدەسەڵاتو زانایيو دانایی ئەو زاتە دەکا)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ ﴾ الكهف: ٣٩

هەرشـــتێکت بینی ســـەرنجی ڕاکێشـــایت بڵێ: (پاک و بێگەردی بۆ دەســـەڵاتی خودا). هیچ زیانێک ناکەیت ئەگەر جوانییەکی پەروەردگار ببینیـت و نزای پیـت و بەرەکەتی بۆ بکەیـت.. چـاوچنۆک مەبە، چاوچنۆکی ئازاربەخشـــە بۆ خۆت و، زیان بە برا مســـوڵمانەکەت دەگەیەنیت.

((ئەوە بۆچی کاتێك چویە ناو باغەکەتەوەو لەدیمەنەکانت روانی سوپاسی خودات نەکرد؟ با ئەو کاتەی چویتە ناو باغەکەتەوە بتگووتایە هەر شتێ خودا مەیلی لێ بێ هەر ئەوە دەبێو ئیش ئەوەیە خودا بیکا، هیچ هێزو توانایەك نیە جگە لەهێزو توانای خودا ... واتە: ئیعترافت بەوە بکردایە: کە هەر چی هەتە لەماڵو سامانو باخو کشتو کاڵی جوانو درەختی تێک چرژاوو کاذ یاوو جۆگاو جۆبار، هەمووی لەخوداوە یەو ئەو پێی بەخشیویی‌و سوپاست بکردایە؟!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٤٢﴾ ﴾ الكهف: ٤٢

گەورەترین زیـان، بێزراوترین تـاوانی مەزن، گەورەترین گونـاه، نزمترین کار، بریتییە لە:

((هاوبەشی دانان بۆ خودای بەدەسەلات))

هاوەڵدانان بۆ پەروەردگار بنچینەی هەموو شـتێکە، یەکتاپەرسـتی بنەمای ناردنی پەیامی مرۆڤایەتییە، تاجی سـەر سـەری مرۆڤایەتییە، کۆڵەکەی هەموو چاکە و باشەیەکە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾﴾ الكهف: ٤٣

تەنها هۆگری خودا بە

تەنها ئەو سەرخەرە

ئەگەر بە تەنها بوویت لەگەڵ ئەو دەبیتە کۆمەڵ

ئەگەر ئەوت نەبێت کۆمەڵیش بیت هەر بە تەنهایت

تەنها ئەو کاتە تۆ بەهێزیت کە لەگەڵ خودا بیت.

((هیچ تاقم‌و گرۆهێك نەبوو جگە لەخودا یارمەتی بدەن، کوڕو خزمەتکارو هۆزو دە ستو پێوەند بەفریای نەکەوتن، وەکوو بەتەمابوو وا دەرنە چوو، کەس بەهانایەوە نەهات، کەس نەبوو نەهێڵێ ی باخەکانی وێران بن! بۆخۆشی دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو تۆڵەی خودا بگێڕێتەوەو بەرگری لەخۆی بکات)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ﴾ الكهف: ٤٥

بۆچی خودا ژیانی دونیای به ئاو چواندووه؟! چونكه ئاو له یەک جێگەدا نامێنێتەوە! دونیاش لەسەر یەک حاڵ و شێوە نامێنێتەوە. پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگار ئەگەر نموونەیەکمان بە شتێک بۆ بهێنێتەوە بە وردترین و جوانترین شێوە بۆمان باس دەکات.

((ئەی موحەممەد! بەنموونەو مەثەل پەندێکی تر بۆ مو شریكەكانی قورەیش‌و خەڵكانی تریش لێ بدە، پەندو مەثەل بۆ ئەوانە بێنەرەوە: كە شانازی بەماڵ‌و منداڵ‌و عە شیرەت‌و بنەماڵەی خۆیان بە سەر مو سوڵمانە هەژارەكاندا دەكەن، نموونەیەكیان بۆ بێنەرەوە هیچ‌و پو چی دونیاو كەمخایەنی‌و زوو بە سەر چوونی روون بكاتەوە، پەندو مەثەل بە شتێك بێنەرەوە وەكوو ژیانی دونیا جوان‌و شیرین‌و كەمخایەن بێ، ئەو نموونەو مەثەلەش وەكوو شێوەی بارانێك وەهایە لەبەرزاییەوە دەینێرینە خوارێ، پاش ماوەیەك ئەو هەموو رووەك‌و گژوگیایەی زەوی پێ دەڕوێ‌و تێك دە چرژێ دیمەنێكی جوان‌و قەشەنگ پێك دەهێنن، ئەمجار زۆر بەخێرایی ئەو هەموو گیاو گژو رووەكە ناسك‌و جوان‌و شیرین‌و رازاوانە دەبنە پوش‌و پەڵاش‌و و شك هەڵدەگەڕێن، دەبنە قانگەلا شك‌و پڵ‌و پوش‌و با بڵاویان دەكاتەوە. پەروەردگار بەتواناو دە سەڵاتە بۆ بەدی هێنان‌و فەوتاندن، دەتوانێ هەموو حاڵێك بخوڵقێنێ، حاڵەتی سەوزی و گە شی بۆ گیاو گژو رووەك. هەروا حاڵەتی وشك كردن‌و لەناوبردنی ئەو دیمەنە جوانە!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ﴿٢٨﴾ ﴾ الكهف: ٢٨

هاوڕێی خەڵکانێک مەکە کە سەرگەردانن..

لەگەڵ برادەرێکت دادەنیشیت هەمیشە خەریکی باسکردنی پۆشاک و گەشت و سەیران و پیشە و کارەکانی خۆ دەکات، وای دادەنا باشترین شتی دونیا قازانکردنی مادییە!

لەم ساتەوە بیربکەرەوە کە هاوڕێیەتی کێ دەکەیت..

بزانە لەم ساتەوە ئەوەی هاوڕێی دەکەیت ئەوە خۆتە!

متمانەی پێ بکەیت و تۆ لەو هەموو شت یان هەندێک شت وەربگریت..

بۆیە..

هاوڕێیەتی قورئانخوێن بکە وەک ئەوان قورئان دەخوێنیتەوە.

هاوڕێیەتی خوێنەر بکە وەک ئەو دەخوێنیتەوە..

هاوڕێ هەڵگرانی سوننەت بکە، دەست دەکەیت بەزیندوو کردنەوەی سوننەتەکان..

هاوڕێیەتی زانست خوازان بکە، وەک ئەوانت لێدێت..



Scanned with CamScanner

هاوڕێیەتی داهێنەران بکە وەک ئەوان داهێنەر دەبیت..

هاوڕێیەتی گەشبینان بکە، گەشبین دەبیت..

هاوڕێیەتی خاوەن چاکە و باشە و سوودبەخشان بکە شێوەی ئەوان دەگەیت.. تەنها لەگەڵ کەسە چاکەکان دانیشە، ڕاوێژ بە ژیرمەندان و زانایان بکە.

**((بە صەبرو ئارام بەلەگەڵ هاوەڵانی هەژارتدا، خۆت رام بێنە لە سەر هەڵکردن لەگەڵ هەژارانی وەکوو عەمماری کوڕی یاسرو صوهەیبو بیلالو نیبن و مە سعوودو هاو وێنەکانیان؛ لەوانەی ئێوارەو بەیانیو هەموو کاتو ساتێك سەرگەرمی خودا پەر ستینو خەریکی ذیکرو یادی خودان! لەگەڵ ئەوان دانیشەو کۆڕو مەجلیس ببە ستە! ئەی موحەممەد! چاو لەهاوەڵانت لامەدەو چاو مەبڕە لەکۆبونەوەو مەجلیس گرتن لەگەڵ دەوڵەمەندە ملهوڕەکان، هەوڵو تەقەللای ئەوە مەدە: واز لەمان بێنیو ئەوان رازی بکەی! بەهیوای ئەوەی ئیمان بهێنن! وریابەو نەکەی ئیطاعەی ئەوانە بکەی: کە دڵیانمان غافڵ کردوە لەیادی خۆمان. نەکەی بەقسەی ئەوان، مو سوڵمانە هەژارەکان تەرە بکەی! ئەوانە بەهۆی کردەوەی نا شیرینی خۆیانەوەو بەویستی خۆیان ڕێگای گومڕاییان گرتووەو سوورن لە سەر بەردەوام بوون لەسەری! بەهۆی دونیاوە ئاگایان لەئایینو خوداپەرستی نیە. زێدەڕەوی دەکەن لەکردەوەو هەڵسو کەوتیان، شوێن هەواو ئارەزۆی خۆیان کەوتوون، بەجوانیو ڕازاوەیی دونیا هەڵخەڵەتاون،ماڵو سامانو لەشساغیو قسە ڕۆییشتویی بۆغرای کردون!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ٩﴾ ص: ٩

گەنجینەی خودای گەورە و میهرەبان لەبن نایەت!

هەرچەند داواکاریەکانت زۆربن لای خودا کەمن

بە ناوەکانی: بەخشـندە و خۆشـەویسـت (الوهاب، عزیز) بانگی بکە و هاواری لێ بکە تکای لێبکە، چونکە

هەموو داواکاریەکان لای خۆشەویست بەدەست دەهێنرێت، هەرچی لە بەخشەرت بوێت ئاسانی دەکات بۆتان!

هەمیشە بڵێ: ( یاعزیز، یا وهاب).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١١٨﴾ التوبة: ١١٨

ئەم ئایەتە باسی حاڵی زۆرینەی ئێمە دەکات، وەک ئەوە وایە بۆ ئەوان دابەزیوە و هـاتووە بۆ ئەوەی برینەکـانمـان تیمـار بکـات و مەینەتی ڕۆژگارمان لەسەر ئاسان بکات...

ئارامبە.. خودا دەتناسـێت، ئەوەتا خودای میهرەبان باسـی حاڵی تۆ دەکات، ئەگەر تۆ نیگەرانیت

تەنها پەنا بۆ ئەو بەرە

ئەو چارەسەرە

خودا نۆشدارمانە.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَتَمَنَّوْا۟ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍۢ ۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌۭ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌۭ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًۭا ﴿٣٢﴾ ﴾ النساء: ٣٢

سوفیانی کوڕی عویینە دەفەرموێت: ((داوای هەرشتێکم کردووە پێی داوم)). خودایە ئێمە داوی چاکەت لە گەنجینەی لەبن نەهاتوو لێ دەکەین.

((ئاواتەخوازی ئەوە مەبن کە ئەو ماڵو سامانەی خودا داویەتی بە هەندێ کەس بدرایە بە ئێوە، چونکە ئەوە حە سوودیو بەخیلییە، ئەو ماڵو ڕێزە کە دراوە بە برێ کەس دابەشکردنێکی خوداییە بە داناییو زانایی خۆی دایناوە بۆهەر کەسێك بەشی شیاوی خۆی بۆ داناوە، هەرکەسە بە گوێرەی شانو شکۆی خۆی ماڵو سامانو ڕێزو شکۆمەندی داوەتێ. پیاوان بەشی خۆیان هەیە لەوە کە بەرەنجی شانو عەرەقی ناوچەوان پەیدای دەکەن، ئافرەتانیش بە گوێرەی هەوڵ وتێکۆشانیان بەشی دیاری خۆیان هەیە، هەردوولایان لە بەروبوومی خەباتو تێکۆشانی خۆیان دەخۆن. داوا لە پەروەردگار بکەن ئیحسانو نیعمەتی خۆیتان بە سەردا برێژێ، چیتان دەوێ داوای لێ بکەن، ئەگەر مەیلی لێ بێ دەتاندات، گەنجینەی خودا پڕەو هیچ کاتێ خاڵی نابێ، ئاواتەخوازی ئەوە مەبن بەشو باری خەڵکی تر بدرێ بە ئێوەو حەسوودی بەکەس مەبەن. بێگومان پەروەردگار زاناو ئاگادارە بە سەر هەموو شتێکدا، دەزانێ کێ شیاوی ئەوەیە ماڵو سامانو پلەو پایەی دونیای بدرێتێ، کێ شیاوی ئەوەیە هەژار بێ، کێ شیاوی ئەوەیە کە پلەو پایەی قیامەتی بدرێتێ رام بکرێ بۆ کارکردن بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایەی قیامەت، کێ شیاوی ئەوەیە ریسوا بکرێو هەوڵو تەقەلای کاری خێر نەدا.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾ ﴾ القصص: ٢٢

((نزای موســـایه له پەروەردگار بۆ ئەوەی ڕێنموونی بکات بۆ دین و دونیا، خودای بەخشندە هەرچی ویست پێی بەخشی، کردیە بە یەکێک لە پەیامبەرە هەرە گەورەکان، بۆیە تۆش دەســـت بە ئاوەزی خۆتەوە بگرە و جگە لە خودا لە هیچ کەسی دیکە مەپاڕێرەوە و تەنها لەو داوا بکە، دینداری بە پاکی و دڵســـۆزی بۆ ئەنجام بدە، ئەســـتەمەکانت بۆ بەدی دەهێنرێت)).

(( کاتێك مو سا ﷺ ڕێگای مەدیەنی گرتەبەرو پایتەختی فیرعەونی بەجێ هێشت، وتی: هیوادارم خودا بەفە ضلی خۆی ڕێگای را ستو کورتو ئەمینم نیشان بدا، لەنێوان سێ ڕێگادا ڕێگای ناوەڕاستی هەڵبژاردو درێژەی بەڕەوی خۆی داو جار جار پر سیاری ڕێگای لەهەندێ کەس دەکرد، کەتوو شیان دەبوو...).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾﴾ القصص: ٢٢

لە قوڵایی ئەو دەریادا کاتێک شـــەپۆلە بەرزەکان بە ڕاســـت و چەپیدا دەبرد، بەرەو ناو دەسەڵاتی ستەمکاری فیرعەون!

خودای گەورە گەڕاندیەوە بۆ ئامێزی.. گەشـــــتەوە بەردەم لێدانی دڵی دایکی!

تۆ لەوە گەورەتر تاقی کراویتەتەوە؟!

بزانە..

هەر کێشە و نەهامەتییەکت هەبوو بە دڵنیاییەوە خودا لای دەبات.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى ۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾ الأعراف: ١٤٣

دانایی خودای پەروورەدگار بۆ بەندەکانی ئەوەیە هەرشـــتێکی پێ نەدا چاکەیە بۆ بەندەکان، چونکە

ئەمەش لە میهرەبانی پەروەردگارە بۆی، بێبەشکردنی بەندەکانی

لە هەنـدێک بەهرەمەنـدی لابردنی هەنـدێک خراپەیە بۆی، ئەمەش بەخشندەیی خودایە کە دەیەوێت

خراپە و شـــەڕانگێزییەکان لە بەندەکەی دوور بخاتەوە و بە باشـــتر قەرەبووی بکاتەوە.

بۆیە بە موسا دەفەرموێت:

﴿ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّى ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِى وَبِكَلَٰمِى فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ الأعراف: ١٤٤

قەرەبوویەکی زۆر گەورەیە!!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢﴾ ﴾ الحديد: ٢

بە باشی بیبخوێنەوە و هەموو ڕۆژێک لە دڵتدا دووبارەی بکەرەوە...

چونکە دڵنیابە هەموو ئەوەی کە داوای دەکەیت لەسەر

پەروەردگار زۆر زۆر ئاسانە و گرانی تیا نییە...

بۆیە ئارامبە..

((هەر بۆ خودایە خاوەنێتیو فەرمانڕەوایی ئاسمانەکانو زەوی، بەویـ ستی خۆی هەڵیان دە سوڕێنێو گۆڕانکاریان تێدا دەکا، دە سەڵاتی رەهاو بێ سنووری هەیە، کەس نیە هاوەڵو هاو شانی بێ، کەس ناتوانێ تەگەرە بخاتە ئیشوکارییەوە، فەرمانی رەوایەو دەبێ بیتە جێ، جگە لەویـ ستی ئەو هیچی تر نایەتە دی، ژیان دەبەخشیو زیندوان دەمرێنێ، ژیان دەخولقێنێو مردن وەدی دێنێ، ئەندازەی ژیانو تەمەن بۆ هەموو زیندەوەرێك دەکا، کاتی مردن بۆ هەموو گیاندارێك تەقریر دەکا. ئەو زاتە بە سەر هەموو شتێکدا بەتواناو بەدەسەڵاتە. هەرچی بییەوێ ببێ دەبێ، هەرچی نەیەوێ نابێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَأَنَا ٱخْتَرْتُكَ فَٱسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰٓ ١٣ ﴾ طه: ١٣

ئەی ئەوانەی سەرقاڵن بە قورئانەوە..

ئەم کارەی تۆ کارێکی سەرپشک کردنە، خودا هەمووی کۆ دەکاتەوە بۆت

سوپاسی ئەو بەهەرەمەندییە ناوازەیە پێی بەخشیویت..

خۆشەویستان پێویستە لە قورئان ڕابمێنن..

سەیری چواردەوری خۆت بکە!

هێندە بە دونیا سەرقاڵ بوون قورئانیان لەبیر چووەتەوە!

هێندە دونیا مەدهۆشی کردوون بوونەتە بەندەی دار و دۆلار!

هەندێکی دیکە سەرگەرمی بێداری شەوان و ڕابواردن و بەدکردارییە!
بەڵام تۆ؟!

بەردەوام چاوت لەسەر قورئانەکەتە، ئایەتەکانی دووبارە دەکەیتەوە تا لە ناو سنگدا ڕەگ دابکوتێت!

ئەم ئایەتەت لە بیر بێت: ﴿ وَأَنَا ٱخْتَرْتُكَ فَٱسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰٓ ١٣ ﴾.

سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەو بەخشش و بەهرەمەندییە، کاری لەسەر بکە، بەسە خودا پشتیوانت بێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾ ﴾ التوبة: ٧٢

هیچ شتێک هێندەی خۆشنوودی پەروەردگار گەورەتر نییە، تەنانەت ڕۆشتنە بەهەشتیش،

چونکە بەخشش و جوانییەکانی بەهەشت کەم و کورتی تیایە: **(أحل عليكم رضواني)**

خودای پەروەردگار بانگی بەهەشتییەکان دەکات!

دەڵێن: لە خزمەتتداین ئەی پەروەردگارمان!

دەفەرموێت: ئایا خۆشنوود بوون؟!

دەڵێن: چۆن خۆشنوود نەبین، ئەوەنەت بە ئێمە بەخشیوە بە هیچ بەندەیەکی دیکەت نەبەخشیوە؟!

خودا دەفەوێت: من لەوە باشترتان دەدەمێ؟!

ئەوانی دەڵێن: چی لەوە باشترە؟!

دەفەرموێت: خۆشنوودی خۆمتان پێ دەبەخشم، لە دوای ئەم ساتەوە هەرگیز تورەنابم لێتان.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾ الحجرات: ١٢

ئاگادار بە هەرگیز تۆمەت بە کەس نەکەیت!

مەکحود دەگێڕێتەوە:

پیاوێکم بینی نوێژی دەکرد

هەرجارەی دەچووە ڕکوعەوە

یان سوژدەی دەبرد دەگریا!

وتم ئەوە ڕووپامایی دەکات!!

بۆ ماوەی یەک ساڵ نەم دەتوانی بگریم.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ ﴾ طه: ٢٥

پێشەوا شافیعی دەڵێت:

زۆر جار خودا کەسێک تاقی دەکاتەوە

تەنها لای خودا دەرگای دەرباز بوونی هەیە

کاتێک باسی نەهامەتییەکانی دەکات کۆتایی نایەت

بەلام لە کاتێکدا ڕزگاری دەبێت کە گومانت وابووە ڕزگاری نابێت

خۆشەویستم گەشبین بە

چونکە خودا چاکەی بۆ تۆ دەوێت..

بۆیە تۆش ئارام بە..

((موسا ﷺ ووتی: خودایە: سینگم فراوان بکە دڵو دەروونم بەهێز کە بۆ وەرگرتنو هەڵگرتنو گەیاندنی ئەو پەیامە، بە دڵێکی فراوانەوە بە بڕوایەکی پتەوەوە بتوانم ئەو پەیامو سروشە بگەیەنم. بێگومان ئەو ئەرکە ئەرکێکی قورسو کارێکی گەورەیە پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾ ﴾ البقرة: ١٨٤

هەرکەس کەمتەرخەمی بکات تیایدا وەک ئەوە وایە چەند مانگێک ژیاوە

بەڵام تیایاندا مانگێکی زۆر پیرۆز و پڕ بەرەکەتی تیایە

ڕۆژەکانی زۆر کەمن و کاتەکانی زۆر کورتن

بۆیە کۆششی خۆتی تێدا بدە

پەلە بکە و دەستپێشخەری بکە بۆ بەرکەوتنی لێخۆشبوونی پەروەردگارت

ئەوەی چاکەکارە با لەو مانگەدا زیاتر چاکە بکات

داوای چاکەی زیاتر لە دەروونتان بکەن بۆ خودا

مانگێکە زۆر گەنجینەی چاکەی تیایە

چەندین شەوی پڕ بەهایان تیایە

شەوی قەدر پاداشتی هەزار مانگی هەیە

دەستکەوتێکی باشە بۆ هەرکەس تیایدا بژی



Scanned with CamScanner

ئەمە دەرفەتێکە و لە دەســـتی خۆتی مەدە، خۆت ســـەرقاڵ بکە بەو چاکانەی لە خودای پەروەردگارت نزیک دەکاتەوە...

داوای سەرکەوتن لە خودا بکە و، پشت بەو ببەستە، هیوات بەو بێت، هیچ پەنایەک نییە
جگە لە پەنای پەروەردگار.

((ڕۆژانی ڕەمەزان کە فەرزکراوە لە سەرتان تێیاندا بەڕۆژوو بن، چەند ڕۆژێکی دیاری کراون، ژمارەیان دەزانرێ، پەروەردگار لەڕووی ڕەحم و بەزەیی خۆیەوە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ یان زۆربەیانی لە سەر واجب نەکردووین، بۆئەوەی بتوانین فەرمانەکەی جێبەجێ بکەین. ئەگەر یەکێك لەئێوە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو، نەیتوانی بەڕۆژوو بێ و ڕۆژووەکەی شکاند ئەوە پێویستە دوای چاکبوونەوەی لەنەخۆشی یان گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی ڕۆژووە خوراوەکانی بگرێتەوە، نەخۆشی و سەفەر دەبنە عوزرو بیانوو بۆئەوەی موسوڵمان تێیاندا بەڕۆژوو نەبێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ﴿١٣٠﴾ ﴾ النساء: ١٣٠

تەنانەت لە جیابوونەوەدا! لە زیان پێگەشتندا!

بڵێ: ڕەنگە خێرێکی تیابێت، تۆ چوزانیت، ڕەنگە خودا شـتی باشـتری وەهای لە چارە نووسـیبێت تۆ هەرگیز پێش بینیت نەکردووە و، لە بەرنامەیشـتدا نەبووە، دانایی خودای پەروەردگار زۆر گەورەترە لە دانایی مرۆڤ، ئەوەی خودا بۆی داناویت ئەوە باشترە لەوەی گومانت هەبوو، ئەوەی کە پێت دەبەخشـێت لە سـەروو ئەو شـتانەوەیە کە وێنات کردووە، دوو دڵ مەبە، ئەوە پەروەردگارە، بۆیە ئارام بە..

**((ئەگەر لێك جیابوونەوە، نە ئافرەتەکە وازی لەبڕێ ماڵو دارایی خۆی هێنا نە پیاوەکەش لە هەڵوێ ستی خۆی ژێوان بووەوەو کار گەی شتە ئەوەی دە ست لێك بەردەن ئەوە دڵنیا بن هیچ لایان پەکی ناکەوێ بەڵکوو پەروەردگار هەر یەکەیان لەوی تریان بێ ئاتاج دەکا، بە لوطفو کەرەمی خۆی بۆ پیاوەکە ئافرەتێکی با شتر دەرەخ سێنێ، بۆ ژنەکەش مێردێکی چاکتر پەیدا دەبێ، لەبارەی بژێوو ماڵو دارایی شەوە خودا هەردوو لایان بێ ئیحتاج دەکا! پەروەردگار رزقو ڕۆژی دەری هەموو گیانلەبەرێکە گەنجینەی فراوانەو هەرگیز کۆتایی نایە. دانایە لە ئیشو کارەکانیدا، لەهەموو ڕوویەکەوە لەبارەی درو ست کردنو دە ست ڕەنگێنیو شەریعەت دانانو هەڵسوڕاندنی بوونەوەرو پاداش دانەوەو تۆڵە سەندنەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ ﴿٤٩﴾ ﴾ القمر: ٤٩

کاتێک مرۆڤ تووشی شکست دەبێت دەیداتە پاڵ قەزا و قەدەر...

بەڵام کاتێک سەردەکەون یان دەیبەنەوە یان شتێکی ئەستەم بەدی دەهێنن، زۆر لەوانە بڕوایان وایە

ئەو توانیویەتی ئەو شتە ئەستەمە بەدی بهێنێت و، ئەو تاکە کەسێکە کە ئەستەمی

لا نییە!

ئەمانە چۆن ڕێگە بە خۆیان دەدەن بەو شێوەیە بیر بکەنەوە؟!

چۆن بیر لە سوپاسگوزاری پەروەردگار ناکەنەوە؟!

ئەگەر شتێکی ئەستەمت ئەنجامدا ئەوە بڵێ هیچ شتێک بۆ خودا ئەستەم نییە، نەک هیچ شتێک بۆ من

ئەستەم نییە!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١

خۆشەویستی واتە: وابەستە بوونی دڵ بەو پەیوەستنامەیەوە هەرچەند ماوەیەکی زۆریش تێپەڕیبێت...

خۆشەویستی واتە: مانەوەی دڵ لەسەر پاراستنی یادەوەرییە جوانەکان هەرچەند

نێوەندیشیان زۆر بێت..

خۆشەویستی واتە: مانەوەی دڵ لەسەر دڵسۆزی هەرچەند چەندین ڕووخسار و شێوەی مرۆڤ هاتبێتە بەردەستمان..

خۆشەویستی واتە: ناوی خۆشەویستەکەت لەسەر دڵت هەڵکۆڵیت تا ئەوکاتەی لە لێدان دەکەوێت،

لەگەڵ ئەو کەسە زیندوو بیتەوە کە خۆشت دەوێت.

دەزانیت؟!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ۚ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ ﴾ النساء: ٢٨

مرۆڤ له بەردەم ئافرەتاندا لاوازە، ئارامیان لەســـەر ناگرن.. پیاو زۆرتر پێویستی بە ژنانە، بەڵام ژن وانییە.

وەکیعی کوڕی جەراح دەڵێت:

ئافرەتان ئاوەزی پیاوان دەبەن، باشە ئیدی لەمە لاوازتر چییە؟!

**((پەروەردگار بە ناردنو دانانی ئەو حوکمانە، بەو فەرمانو نەهیو ئامۆژگارییانە، دەیەوێ ئەرکی سەرشانتان سووك بکا! لە کاتی ئاتاجیو پێویـ ستیدا مارەکردنی کەنیزەکی بۆ حەڵاڵ کردوون، هەندێك دەڵێن: مانای ئایەتەکە ئەوەیە: کە پەروەردگار هەموو ئەرکێکی بۆ سووك کردوونو لە ئایینـدا شتی قورسی لێ داوا نەکردون، ئادەمیزاد دروست کراوە بە جۆرێکی وا کە زەبوونو لاوازە لەبەرامبەر هەواو هەوە سدا خۆڕانەگرە، بە تایبەتی لەبەرامبەر ئافرەتدا زوو دە ست لە خۆ بەردەدا، عەقڵی لەلای خۆی نامێنێو دڵی لێ دە ستێندرێو ناتوانێ بەرەنگاری هەواو هەوەسی خۆی بکا!!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ لقمان: ١٥

سەعیدی کوڕی موسەیب دەڵێت:

(ئەوەی چاک بێت بۆ دایک و باوکی بە خراپی نامرێت)

خودایە بمانگێڕە بەو کەســـــانەی کە چاکەکارن بەرامبەر دایک و باوکیان.

((ئەگەر بەئیلحاجەوە داوایان لـ ـێ کردی؛ کە هاوبەش بۆ من دابنێی‌و شتێك؛ کە شیاوی خودایەتی نیە تۆ بەخودای بزانی، زۆر داوایان لـ ـێ کردی‌و لێیان تابیلا کردییەوە: کە بەنەفامی شوێن بیرو باوەڕی ئەوان بکەوی، بەگوێیان مەکە، لێیان قبوڵ مەکەو ئەو فەرمانەیان ڕەت بکەرەوە، بە چاکە لەژیانی دونیادا هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵ بکە، ئەگەر پێوی ستیان بوو بەماڵ‌و سامان کۆمەگییان پێ بکە، پۆ شاك‌و بژێویان بۆ دابین بکە، لەکاتی نەخۆ شی‌دا هەوڵ بدە چارەسەریان بۆ بدۆزەوە، ئازارەکەیان لەسەر سوك بکە، ئاگات لەخۆت بێ لەبواری ئایینەدا مەبدەئی‌بە، ڕێبازی مو سوڵمانانی را ستاڵ بگرەبەرو پەیڕەوی شەریعەت بکە، شوێن کوفرو بێدینی ئەوان نەکەوی! پا شان لەقیامەتدا ئەتۆش‌و ئەوان بۆ لای من دەگەڕێنەوە، پادا شی ئیمان‌و باوەڕی تۆو سزای کوفرو هاوەڵدانانی ئەوانیش دەدەینەوە، هەواڵتان دەدەینێ بەوەی کردوتانە لەخێرو لەشەڕو پاداش‌و سزای لەسەر وەردەگرنەوە)).



Scanned with CamScanner

قال تعالى: ﴿ وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٦٠﴾ ﴾ النور: ٦٠

مەبەست لە چەمکی شەرم و شکۆ تەنها پۆشاک ناگرێتەوە! دەنگیش شەرمی تیایە.. پێکەنینیش شەرمی تیایە.. کردارەکانت شەرمی تیایە.. ڕەوشتەکانت شەرم و شکۆمەندی تیایە. ئەی ئافرەتان دەست بگرن بە شەرمی خۆتانەوە و، پێداگری لەسەر بکەن..

((وەکوو زانیمان لەوەپێش فەرمانی کرد بەوەی ئافرەتان زینەتی خۆیان بشارنەوە بۆ ئەوەی فیتنەو شەهەوات نەوروژێن. ئەمجار لێرەدا دەگەڕێتەوە سەر بەیانکردنی حوکمی ئەوە، کەئەو ئافرەتانەی پیرو پەلۆ بوون‌و چ حەزو ئارەزۆی پیاوانیان نەماوە، لەش‌و لاریان چرچ‌و لۆچ بووەو چ جوانییەکیان پێوە دیار نیە، ئەو جۆرە پیرەژنانە چ خراپەیەکیان لە سەر نیە، کەلەناو ماڵ دا کەمێ لەپۆشاکی خۆیان کەم بکەنەوە واتە، پۆشاکی دەرەوەیان دا بکەنن، بەمەرجێ عەورەتیان بەدەر نەکەوێ‌و کە شفی زینەتی خۆیان نەکەن. بەڵام ئەگەر پۆشاکی دەرەوەیان بە سەر خۆیانەوە بێڵن‌و داینەکەنن‌و بەو پۆشاکە پان‌و پۆڕە داپۆشەرەوە لەماڵ دابنیشن باشترە بۆیان. ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ پەروەردگار شنەوایە بەقسەو گفتوگۆی ئەو پیرەژنانە لەگەڵ پیاوان دا، زاناو ئاگادارە بەگوفت‌و گۆی ئەو پیرێژنانە لەگەڵ ئەوان دا، زاناو ئاگاداری مەبەست‌و نیازیانە، هیچی لێ گوم نابێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا
تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ
لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ
هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ التوبة: ٤٠

وتراوه:

ئەگەر نەبیتە پشتیوانی براکەت

کاتێک هەڵەی کرد ڕاستی بکەیتەوە

ئەگەر بریندار بوو تیماری بکەیت

بیری بخەیتەوە ئەگەر لەبیری چووەوە

لە هەموو نشووستێکدا پشتیوانی بیت

کەواتە تۆ چی شتێکی براکەتیت؟!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ ﴾ الأنعام: ١٦٢

- بيستووته چی بەسەر فلاندا هاتووه؟

- نا نەم بيستووه!

- بينيت فلان چی لێهات؟

- نا نەم بينيوه!

- بيستووته چی به فلان وتراوه؟

- نا نەم بيستووه!

- تۆ لەكوێ دەژيت؟

- من له ژيانی خۆمدام، ژيانێك بۆ خودا، نەك بۆ خەڵك بژيم.

دەزانيت؟!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾

البقرة: ١٤٤

دەتبینێت هاوار دەکەیت: خودایە!

دەت بینێت تۆ بە چاوێک نیگەران سەیری ئاسمان دەکەیت..

ئارام بە.. خودای پەروەردگار دەتبینێت، زۆر لێتەوە نزیکە، هەرگیز لە ناوهێنان و هاواربۆکردنی مەوەستە

بانگی بکە.. خودایە!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ ﴾ الطلاق: ٢

ئیبنو مەسعود دەڵێت:

خودای پەروەردگار ئەمەی فەرموە، هەر ئەو دەتوانێت ببەخشێت و، هەر ئەویش دەگرێتەوە و، هەر ئەویش تاقی دەکاتەوە و، سـزادەر، هەر ئەو دەتوانێت خراپەکانت لێ دوور بخاتەوە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ الواقعة: ٧٩

ئبنو تەيمييە دەفەرمويّت:

ئەگەر ئەمە دەربـارەى پەڕە كـاغەزەكـان بيّـت: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴾

ماناى وايە تەنها ڕيّنموونى ئەو دلاّنە دەكات كە پاكن!

((بيّگومان ئەو نامەيەى بۆ تۆ بەنيگا نيّردراوە قورئانيّكى گەورەو پيرۆزە، پڕە لەفەڕو بەرەكەت، سودو بەهاى زۆرە، هيدايەتو زانيارىو حيكمەتو ڕەهنومايى بۆ بەدەست هيّنانى بەختەوەريى دونياو قيامەت بىّشمارە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾ يوسف: ٦

گەورەترین نیشانەکانی بەهرەمەندبوون (زانستە).

((ئەی کوڕی خۆشەویستم! وەکوو چۆن پەروەردگار لەخەودا ئاوا ئەستێرەو خۆرو مانگی نیـ شان داوی سوژدەیان بۆ بردوی، خودای خۆت هەڵت دەبژێری‌و دە ست نیـ شانت دەکا بۆ پێغەمبەرایەتی‌و پلەو پایەی ڕێزو ئیحترامت بە سەردا دەڕێژی‌و جۆرەها بەهرەو سەروەریت پێ دەبەخـ شێ! لەلایەن خۆیەوە زانیاری خەون لێدانەوەت فێر دەکا، واتە: زانیاری تایبەتی خۆیت فێر دەکا، دەتوانی مانای خەون لێ بدەیەوەو بزانی چۆن دێتە جێ‌و ئاکام چی دەبێ. هەروەها پەروەردگار نیعمەتی خۆی لە سەر تۆ تەواو دەکا، بەو جۆرە دەتکاتە پێغەمبەرو ڕەوانەت دەکا بۆ بانگەوازیکردن، هەروەها نیعمەتی خۆی بە سەر یەعقووب‌و بنەماڵەکە شیدا تەواو دەکا، بەم جۆرە هەلیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لەلادێوە بێنە ناو شاری میسرو جێگەو ڕێگەی با شیان بداتێ‌و پا شان زنجیرەی پێغەمبەران لەم بنەماڵەیەدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێ. هەروەکوو چۆن لەوەپێش نیعمەتی خۆی ڕژاند بە سەر باپیرت‌و باوکی باپیرتدا. کە ئیـ سحاق‌و ئیبراهیم بوون.. لەئایەتەکەدا ئیبراهیمی پێش خـ ست چونکە پلەو پایەی ئەو بەرز ترەو بەباوکی پێغەمبەران‌و (خلیل الله) نا سراوە. بێگومان خودای تۆ زاناو دانایە بەو کە سانەی هەڵیان دەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتی‌و دەزانێ کێ شیاوی فە ضل‌و نیعمەت‌و ڕێزلێنانە، هۆکاری بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی‌و ئاواتەکانی بەدی بێن. هەر چی دەیکا لەزانیاری‌و داناییەوەیە، ئیشی نابەجێ ناکاو کاری خراپی لێ ناوەشێتەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ ﴿١٣٠﴾ ﴾ طه: ١٣٠

**ئیبنو تەیمییە دەفەرموێت:**

هەرکەس خۆی ڕابهێنێت لەســـەر ئەوەی بەر لە نووســـتن ویردەکان بخوێنێت، کە هەستا ڕۆژێکی پڕ وزە و چالاکی دەست دەکەوێت.

**((بە صەبرو ئارام بە لەبەرامبەر پشت هەڵکردنو گوێ پێ نەدانی ئەوان بە پەیامەکەتو بەدرۆ خستنەوەی ئایاتی خوداو گاڵتە کردنو بوختان کردنیان بەتۆ: کەپێت دەیەژن ساحیرو درۆزنە، یان شێتو دە ست لێ وە شاوە، یان شاعیرە، یان قوتابی فلان کاهینو فلان جندوکەیە....هتد. گوێ مەدەرێ گرنگیان پێ مەدە، چونکە بۆ عەزابو سزایان کاتێکی دیاریکراو هەیە، پاشو پێش ناکا... ئەو نوێژانەی فە ر ضن و ئەرکی سەر شانتە لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدە، نوێژی بەیانی لەکاتی پێش خۆر هەڵاتن دا، نوێژی نیوەڕۆ عە صریش لەپێش خۆر ئاوا بوون دا، لەکاتەکانی شەودا نوێژی شێوانو عیشاو لەدوا کاتەکانی شەودا شەو نوێژو لە سەرەتاو کۆتایی ڕۆژدا نوێژی بەیانیو نوێژی شێوان ئەنجام بدە، بەڵکوو خودا ئەوەندەت نازو نیعمەت پێ ببەخشێ رازی بی)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ ۗ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ القصص: ٦٨

خۆشەویستانم بە باشی لەم ئایەتە ڕابمێنن.. بزانە خوای پەروەردگار نایەوێت تۆ نیگەران بکات، بەڵکوو ئەو دەزانێت چی شتێک بۆ تۆدیاری بکات.. تەنانەت ئەگەر ئەو شتەشت بە دڵ نەبێت! هەموو شتەکان نهێنی و پەنهانی خۆی هەیە کە بۆت دەرکەوت لە خۆشیدا پێی سەرسام دەبیت!! ڕەنگە بە هۆی ئاشکرا بوونیان لە خۆشیدا هاوار بکەیت و، نەزانیت چۆن خۆشییەکان دەربڕیت.

((خودای تۆ ئەی موحەممەد، هەروەها خودای هەموو بێ سەرێک! تاک‌و تەنهاو بێ شەریکە لەزات‌و لەصیفاتیدا، بەدیهێنەرو هەڵبژێرەرە، کەس نیە بەربەرەکانی بکا، چی بوێ دەیکاو چۆنی بوێ ئاوا دێتە دی. کاروبار هەمووی بەچاک‌و خراپییەوە بەدەستی ئەوەو بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەویستی خۆی کەسانێک هەڵدەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتی، دەیانکاتە فرستادەی خۆی، هەروەها لەفریشتەو ئادەمیزاد هەندێک هەڵدەبژێرێ بۆ ئەنجامدانی کارە تایبەتیەکان. پاک‌و مونەزەهی‌و بەرزی‌و پیرۆزی بۆ خودایە لە هەموو هاوەڵ‌و نەنگی‌و کەم‌و کوڕیەک: کە موشریکەکان بۆ خودای بەرەوا دەزانن، زۆر بەرزترە لەوەی کە سێک بتوانێ بەربەرەکانی بکاو رەخنە لەئیشەکانی بگرێ، مەبەست ئەوەیە: خودا بۆ خۆی مەخلووقاتی خۆی دەناسێ‌و ئیختیاری موطلەقی هەیە بۆ بەرزکردن‌و نەوی کردن، بۆ زەلیل کردن‌و عەزیز کردن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾ النحل: ١٢٧

وتراوه:

هەرکەس ویستی لە ژیانت دەربچێت کونی دەرگاکەشت ببینێت دەڕوات...

ئەوەشی بیەوێت بێتە ناو ژیانتەوە ئەگەر لە دیوارەکە دەرگای دروست کردبێت دێتە ژوورەوە.

**((بە صەبرو ئارامو پشوو درێژ بە لەبەرامبەر ئەزیەتدانی خەڵکدا، دڵنیاش بە بە صەبرو ئارامیت لەخوداوەیە، ئەگەر یارمەتیو تۆفیقی خودا نەبێ ئەتۆ ناتوانی بە صەبر بی، کەوابێ داوا لەخودا بکە صەبرو ئارامت پێ ببەخشێ تا بتوانی پەرە بەبەرنامەکەی خۆت بدەییو ئەرکی سەرشانت بەئەنجام بگەیەنی! ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! بەپشت هەڵکردنی موشریکەکان لەپەیامەکەت دڵتەنگ مەبە، گوێ مەدەرە هەڵوێستی ناشیرینو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرایەتیەکەت. ئەوە تەقدیری خودایەو وای بڕیار داوە! یان ئەتۆ دلگران مەبە بۆ شەهیدانی ئوحود، بە صەبرو ئارام بە. دڵتەنگ مەبە لەو فرتو فێڵانەی ئەو موشریکانە ئەنجامی دەدەن، بەتێکۆشانی بەردەوامیان بۆ دژایەتی کردنی پەیامەکەت تەنگەتاو مەبە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر: ٥٣

تەنانەت ئەو تاوانانەی کە گومانت وایە خودا هەرگیز لێیان خۆش نابێت و چاوپۆشیت لێ ناکات ئەوانەش دەشواتەوە پاکو بێگەردی بۆ تۆ خوایە چەند میهرەبانیت!

(( ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵکە بڵێ: ئەی بەندەکانی خودا ئەوانەی زێدەڕەوییان کردووە لەتاوانکردنو سەرپێچیکاری فەرمانی خودا، هەرگیزاو هەرگیز لە ڕەحمەتی خودا نائومێد مەبن، ئەی تاوانباران لە لێخۆشبوونی خوا نائومێد مەبن. چونکە بێگومان خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێ مەگەر هاوەڵدانان بۆ خوداو لێشی ژیوان نەبێتەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ الأنعام: ٤٤

ئایا خودا تۆڵەیان لێ دەکاتەوە؟!

ئایا خودا بە چاوتروکانێک لەناویان دەبات؟!

نەخێر!

﴿فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ﴾

دارایی و، جوانی و، ناو بانگ و، هەموو خۆشییەکانی دونیا
وەک ئەوە وایە کە خوا وازی لێ هێنابن!
تا کاتی خۆی دێت
کاتی تاقی کردنەوە!

ئەوکات بەهەشت و بەهرەمەندییەکانی لەدەست دەدەن..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾﴾ فاطر: ٣٤

ئەوانە كێن؟!

ئەوانە ئەو كەسانەن لە دونيادا تاقی كراونەتەوە و ئارامگر بوون..

كاتێک دەڕۆنە بەهەشت لە لووتكەی خۆشيدان

دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خودايەی خەم و پەژارەی لە كۆڵ كردينەوە!

ئەمەش لە خۆشی و جوانی بەهەشت كە لە هەندێک گێراوەتەوە..

پلەو پايەيان، پێگە و شوێنی تايبەتيان لە بەهەشتدا هەيە، چوكە ئەمانە لە دونيادا لەسەر تاقی كردنەوەكان

ئارامگربوون و، بەشمەنەتی بە ڕوخساريانەوە دياربوو!

بەڵام كاتێک چاويان كەوت بە بەهەشت، هەموو ناخۆشی و خەمۆكييەكانيان لەبير دەچێتەوە..

يەكێكيان دەڵێت: هەرگيز تووشی ناخۆشی و ناهەمواری نەبووينەتەوە!

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴿١٧﴾﴾ الروم: ١٧



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةً وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٍ فَتَمَّ
مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةًۚ وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي
قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٤٢﴾ الأعراف: ١٤٢

((پەیامبەرێک، ئامۆژگاری پەیامبەرێکی دیکە دەکات، بۆیە بۆ ساتێکیش بیر لەوە نەکەیتەوە کە تۆ پێویستت بە ئامۆژگاری نییە، دین هەمووی ئامۆژگارییە، گەورەترین چاکە لە بازنەی ئامۆژگاریدا دەسوورێتەوە)).

**پەروەردگار وادەی گفتوگۆ کردنی لەگەڵ مووسا دا دوای تەواو بوونی ( سی) شەو، فەرمانی پێ کرد کە ئەو سی رۆژە بەرۆژوو بێ، ئەویش بەرۆژوو بوو، سی رۆژەکە لەمانگی (ذیلقِعیدة) دا بوو، کە تەواو بوو مووسا بۆنی دەمی خۆی پێ ناخۆش بوو بەداقەدارێك سیواکی کرد، پەروەردگار فەرمانی پێ کرد کەدە رۆژی تر لەمانگی (ذیلحیجة) بەرۆژوو بێ، کاتی ئاخاوتنو گفتوگۆ کردن لەگەڵ پەروەردگار دا بەرۆژوو بێ. ئیتر کاتی گفتوگۆکە کەوتە کۆتایی تەواو بوونی چل شەوەکە. حەزرەتی مووسا کاتێك ویستی بۆ گفتوگۆ کردنی پەیام بڕوا بۆ سەر کێوی (طور) بەحەزرەتی هارونی برای گوت کە لەتەمەن دا باڵاتر بوو، ئەی برای خۆشەویستم ببە بەجێنشینمو تا دێمەوە لە شوێنی من کاروباری قەومەکەم بەڕێوەبەرە، هەر پرسیارو کاروبارێکی ئایینی هاتە پێشتان بۆیان رون بکەرەوەو شتی نارێكوپێکیان بۆ راست بکەرەوە، ئاگات لەخۆت بێو وریابە شوێن رێبازی ئاشوبگێڕان مەکەوە لەخراپەکاریو فیتنە جۆیی دا هاوبەشییان مەکە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِن تُبْدُوا۟ ٱلصَّدَقَـٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾﴾ البقرة: ٢٧١

قورتوبی دەڵێت:

ئەوەی تاوانی زۆرە با ئاو بدات بە خەڵک، خودای پەروەردگار بە هۆی ئاودانی سەگێک لە ئافرەتێک خۆشبوو، ئەی چۆن لەو کەسە خۆش نابێت کە ئاو بدات بە بڕوادار؟!

**((ئەگەر بە ئا شکرا ماڵ بەخشینو خێرو خێرات بکەن بەو مەبەستەی کە ببن بەسەر مەشقو خەڵکی تر چاوتان لێ بکا، شوێنتان بکەوێ ئەوە کارێکی باشەو پەسەندە، خۆ ئەگەر بە نهێنی ئەو کارە ئەنجام بدەنو جگە لە خودا کەسی تر ئاگای لە ماڵبەخشینەکەتان نەبێو بەشی هەژاران بدەن، ئەوە زۆر باشترە بۆ ئێوەو خودا برێ لە گوناهەکانتانی پێ ڕەش دەکاتەوەو لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ خودا ئاگادارو بینایە بە هەموو کردارێکتانو هەموو نهێنییەك دەزانێ، بگرە لە (نهێنی)یش نهێنی تر دەزانێو ئاگای لێیەتی، پاداشی کردەوەکانتان دەداتەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ الأنعام: ٦٤

ئەگەر خودا بیەوێت کارێکت بۆ ئاسان بکات لە جێگەیەکەوە کارسازی دەکات کە هەرگیز بڕوات نەدەکرد و چاوەڕوانیش نەبوویت لەوێوە بێت.. متمانەت بە خوا هەبێت، پەنا تەنها بۆ ئەو بەرە، خودا بەخشندەترە لەوەی تۆ داوای دەکەیت و دەتەوێت.

((بەڵێ خودای باڵادەست چەند جار لەم تەنگو چەڵەمانەو هی تریش ڕزگاری کردنو ڕزگارتان دەکا، کە چی لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەو هەموو چاکەو ڕەحمو بەزەییەی خودا، ئێوە کە ڕزگارتان بوو هەڵدەگەڕێنەوەو شەریك بۆ خودا دادەنێنو وادەو بەڵێنی خۆتان نابەنە سەر، خیانەت لە عەهدو پەیمانی خۆتان دەکەن، سوێندی جەخت لە سەر کراوی خۆتان لە بیر دەچێتەوەو پاشگەز دەبنەوە هەروەك نە باتان دیبێو نە باران!! بەمەش سپڵەیی و ناکەس بەچەیی خۆتان دووپات دەکەنەوە...)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ الشمس: ٩ - ١٠

شەڕی ویستەمەنییەکان لە دنیادا جەنگێکی بەردەوامە..

ئەو جەنگەیە کە هەتا گیانت مابێت و ، دەگەڕێتەوە بۆلای بەدیهێنەری کۆتایی نایەت، ئەو ململانێیەی لە گەڵ دەروونندا دەیکەیت!

یان ئەوەیە بەسەرکەوتوویی لێی دەردەچیت و، دەستکەوتی گەورە بە دەست دەهێنیت..

یان ئەوەی بە شـکسـت خواردوویی لێی دەردەچیت تاوانی زۆرت لە ئەستۆ دەبێت.

**(( بێگومان رزگاری بوو بەختەوەر بوو ئەو نەفـ سەی خودا پاکی کردووە، بەپاکی دروستی کرد، ریسوا بوو ئەو نەفسەی خودا بەکافری دروستی کرد، یان هەموو ئاواتەکانی هاتنە دی‌و بەمراز گەیـ شت کە سێك نەفـ سی خۆی لەبێدینی‌و پاك کردەوەو بەتەقواو خوداپەر ستی گە شەی پێ کرد، خەسارەتمەند بوو کە سێك نەفسی خۆی گومڕا کردو بەخراپی پەروەردەی کرد، رامی نەکرد بۆ خوداپەرستی‌و کردەوەی چاك)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩﴾ العنكبوت: ٦٩

خودا هەرگیز ئەو ســاتەی بیر ناچێتەوە کە تۆ ململانێت لەگەڵ تاواندا دەکرد.. هەرگیز ئەو ســـاتەش لە یاد ناکات کە تووشـــی کەوتن و شـکسـت بوویت.. هەرگیز ئەو سـاتەش لەیاد ناکات دوای تاوان چەند ئـازارت چەشـــت.. بەڵکوو دێت بە هۆی ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بە پاداشـــت و چاکەی زۆر قەرەبووت دەکاتەوە، ڕێگای گەیشـــتن بە کۆشـــکی ڕێنموونیت بۆ گوڵ ڕێژ دەکات تەنها بڵێ: اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ.

((ئەوانەی لەپێناو ئایینی ئێمەدا جیهادو کۆ شش دەکەن دژی ئەو سپڵەو مو شریكو کافرانە دەجەنگێن، بەتێکۆ شانو جیهادەکە شیان مەبە ستیان بەرز بوونەوەی و شەی ، ئێمە زیاتر شارەزایان دەکەین بۆ ڕێبازی خێرو چاکە تۆفیقیان دەدەین بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازێك بیانگەیەنێ بەبەهەشتو بەختەوەری هەردو جیهانیان بۆ دەستەبەر ببێ، بێگومان پەروەردگار لەگەڵ ئەوانەدایە کردەوەکانیان چاکەو چاکەخوازن، یارمەتی ئاینییان داوە، جیهاد لەگەڵ ئەهلی کوفرو شیرك دەکەن، بەپیر بانگەوازی پێغەمبەرەکەیەوە دەچن، پەیامەکەی قبووڵ دەکەن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًاۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥۚ وَٱلَّذِينَ يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۖ وَمَكْرُ أُو۟لَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ ﴿١٠﴾﴾ فاطر: ١٠

سەعدی دەفەرموێت:

وشەی جوان و گوفتاری جوان لە قورئان خوێندنەوە و ستایشکردن و تەهلیلە و یادی پەروەردگار و، هەموو وشەیەکی ناوازە و خۆشگوێی دەگرێتەوە، خودای پەروەردگار بەرزی دەکاتەوە بۆ لای خۆی و، لە ناو کۆمەڵی بالا لە فریشتەکان ستایشی دەکات.

((کەسێك بیەوێ شەرەفو شکۆمەندیی بەدەست بێنێ، با لە ڕێگەی بەندایەتیکردن بۆ خودا وەدەستی بێنێ، با هەر لە خودا داوای عیززەتو شکۆمەندیی بکا، چونکە سەر چاوەی عیززەتو تواناو بالادەستی بۆ خودای مەزنە، هەر ئەو شکۆمەندییو بەختو ئیقبالْ دەبەخشێ بە کەسانێك بیەوێ پێیان ببەخشێ، ئەگەر ئێوە خودا نابینن و ناگەنە لای، ئەوە باش بزانن خودا ئاخاوتنی ئێوە دەبیستێ، قسەی پاكوخاوێن وەردەگرێ، یەکتاپەرستیو ذیکرو تەسبیحاتو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەو پاڕانەوە لەخوداو قورئان خوێندن پەسەند دەکاو قبووڵە لای. وتنی لە گەورەترین جۆری ذیکرو تەسبیحاتەکانە، کردەوەی باشو پەسەند وشەی باش بەرز دەکاتەوە بۆ لای خۆی! ئەوانە پیلانی خراپەو سەرپێچی کردنی خودا دادەڕێژن، کردەوەی خراپو بەد، ئەنجام دەدەن، وەکوو ئەوانەی پیلانی کوشتنی پێغەمبەریان دارشت، هەروەها ئەوانەی هەوڵی لاوازبوونی ئایینی ئیسلام دەدەنو لەمپەڕ دروست دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکیی موسوڵمان نەبێ، وایش نیشان دەدەن: کە ئەوان عیبادەتی خودا دەکەنو کارێك ئەنجام دەدەن خودا لێی ڕازییە، ئائەوانە عەزابی بە ئێشو سامناکیان بۆ داندراوە، پیلانو هەوڵو تێکۆشانیشیان هەڵوەشاوەو بێ ئاکامن، ڕەنج بە خەسارو کردەوە پوچن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعٗا سُجَّدٗا يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمَۢا ﴿٢٩﴾ ﴾ الفتح: ٢٩

پەسنێکی مەزنە!

مەبەستێکی مەزنە!

چەند بە بەختن ئەوانەی شوێنی دەکەون!

((موحەممەد رەوانەکراوی خوایەو، خودا هەڵیبژاردوەو رەوانەی کردووە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەتاریکی کوفرو بێدینی رزگاربکا. ئەوانەی لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەدان‌و شوێنی کەوتوون، جوانمەردن خاوەنی هەڵوێستی مەردانەن:

لەگەڵ کافرو دوژمنانیان توندو تیژو رەق‌و سەر سەختن، تۆزقاڵێك مو ساوەمەو ساز شیان نیە، هەرکە سێك هاوەڵ بۆ خودا دابنێ‌و کافر بێ‌و زیان بەئایین‌و مو سوڵمانان بگەیەنێ ئەوان دژی دەجەنگێن‌و بەدە ستی پۆڵایین زەبری گور چکبڕی لێ دەدەن. لەناو خۆ شیان رەحمیان بەیەکتر هەیەو بەنەرم‌و نیانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، رێز بۆ یەکتری دادەنێن‌و هەماهەنگ‌و هاریکاری یەکترن‌و وەکوو چینی دیوار یەکیان گرتووەو یەکیان پتەو کردووە، وەکوو ئەنـ ـ ـدامی جـ ـ ـەستەیەك وان دەیانبینی ئەوانە زۆر نوێژدەکەن‌و دڵسۆزن بۆ ئایین زۆربەی کاتیان لەرکوع‌و سوجدەدان، هەوڵ‌و تەقەللای پاداش‌و رەزامەندیی خودایانە، بەتەما ئەوەن خودا لێیان رازی بێ‌و بەهە شتیان بداتێ. لەئاکامی زۆر سوژدە بردنیان نیـ شانەو دروشمیان بەدەم‌و چاوەوە دیارە، رەنگی نورانی‌و هەیبەت‌و ویقارو رێزو حورمەتیان لێ دەتکێ، جوانمەردن‌و پیاوەتیان تێدا بەرجە ستە بووە. ئەو وە صفـو ئەناو پەسنیەی هاوەڵان؛ کەباسکرا هەمان وەصفـو پەسنیە کە لەتەورات‌و ئینجیل دا راگەیەندراوە .. ئەو هاوەڵانە لە سەرەتادا کەم‌و بێ هێزبوون‌و وردە وردە زیاد یان کردو بەهێزبوون‌و پەل‌و پۆ یان هاوێ شت، وەکوو کشتوکاڵێك؛ لەسەرەتادا زەبوون‌و بێ وەچ بەڵام وورده وورده رەگ دادەکوتێ‌و گەش‌و نما دەکات‌و خۆهەڵدەپێچێ، وای لێ دێ کشتیارەکە پێی سەرسام دەبێ‌و سەرنجی کێش دەکا، هاوەڵانیش لەسەرتادا کەم‌و بێ هێز بوون گەشو نما یان کردو هێزو توانا یان زیادبوو بۆ ئەوەی کافرەکان دڵتەنگ بن‌و خەفەتی پێ بخۆن! پەروەردگار وادەی بەو ئادەمیزادانە داوە کەئیمانیان بەخوداو بەپێغەمبەری هێناوە، وێڕای ئەوەش کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، وادەی پێداون کە لێیان خۆش ببێ‌و تاوانیان سرپۆش بکا، پاداشتی چاکەیان زۆربکاو بیانخاتە ناو بەهەشتەوە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٥﴾ يوسف: ٥

ئيرەيی بردنی کەسە نزيکەکان زۆر مەترسيدارە..

ئەوانەی کە پەيوەندييەکتان بە يەکەوە هەيە زياترە لە خەڵکانی ديکە..

با هەميشە کاروبارەکانت بەشاراوەيی بمێنێتەوە باشترە.

**((وتی: ئەی کوڕی پ چکۆلەو خۆ شەوي ستم! خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە، نەوەکوو حە سوودیت پێ بەرن‌و پیلانی وات بۆ دابرێژن توو شی ناخۆ شی‌و چەرمە سەریت بکەن، چونکە بێگومان شەيتان دوژمنی سەر سەختی ئادەميزادە، بەئا شکرا دوژمنايەتی خۆی لەگەڵ بەرەی ئادەميزاددا ڕاگەياندوە، نەکەی با سی خەونەکەت لای براکانت بدرکێنی، بتر سە لەوەی شەيتان بـ چێتە بن کلێ شەی براکانتەوەو هەڵيان خەڵەتێنی‌و دەنە دەنەيان بدا بۆ ئەوەی زيانت پێ بگەيەنن، دابـو نەرێتی شەيتان ئەوميە: کە ناکۆکی‌و دژايەتی بخاتە نێوان ئادەميزادانەوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ١١﴾ يوسف: ١١

لێکۆڵینەوە و وردەکاری بکە لەوانەی خۆیان بە ڕاستگۆ دادەنێن: بۆچی بڕوامان پێ ناکەیت؟!

ئەوەتا براکانی یوسف ئەمەیان بە یەعقوبی باوکیان وت، کەچی ناپاکییان بە پەیمانەکەیان کرد!

((وتیان: ئەی باوکی بەڕێزمان! ئەوە تۆ چیتە لەئێمە دڵنیانی دەربارەی یوسف؟ دەترسی لێمان تووشی ئەزیەتی بکەین؟ ئێمە خۆشمان دەوێ، دڵسۆزین بۆی، دەمانەوێ لەخێرو خۆشیدا بێ، بەدڵو بەگیان نەصیحەتو ئامۆژگاری دەکەین، وەکوو چاوی خۆمان دەیپارێزین،!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ﴿١١﴾ ﴾ يوسف: ١١

براكانی یوسف وایان نیشاندا كه دەیانەوێت ئامۆژگاری یوسف بكەن و و سـەر ڕاسـتیشـین بۆی ، چونكه دەیان زانی ئامۆژگاریكاریش هەرگیز ئازاری بەرامبەر نادات..

ئەگەر پارێز بەندیت دەوێت دوای خودای پەروەردگار، پشت بە مرۆڤی ڕاستگۆ و سەرڕاست ببەستە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ⑫ ﴾ يوسف: ١٢

براكانی یوسف فێڵێكیان له ژێر سه‌ردابوو...

به‌ باوكیان وت: ﴿أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا﴾

هه‌ركاتێک كه‌ســـێک له‌ پڕێكدا گۆڕا له‌گه‌ڵتدا و خۆشـــه‌ویســـتی بۆ ده‌ربڕیت هۆشدار به‌ به‌رامبه‌ری!

((جا وا ئێمه وه‌كوو دابو نه‌رێتی خۆمان به‌یانی ده چین بۆ سه‌یران، بۆ یاری‌و رابواردن، جه‌نابیشت به‌دڵنیاییه‌وه یوسفمان له‌گه‌ڵ بنێره، با بۆخۆی به‌ئاره‌زۆی خۆی له‌و ده شتو سارایه، له‌و كێوو كه‌ژه به‌روبوم بخوا، له‌گه‌ڵ ئێمه‌ش‌دا یاری بكاو پێ شبركێ‌و تۆپێن‌و سێ بازێن ئه‌نجام بدا، ئێمه پارێزگاری ده‌كه‌ین ناهێڵین تووشی هیچ ناخۆشییه‌ك ببێ، هه‌ر له‌به‌ر خاتری تۆ وه‌كوو چاوی خۆمان ده‌یپارێزین)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيٓ أَن تَذْهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ۝١٣﴾ يوسف: ١٣

یەکەم ڕاز و مەترسی بە دڵتدا دێت پشتگوێی مەکە!

چونکە زۆر ڕووداو هەیە سەرەتا بە مەترسییەک یان بە خەون دەبینیت.

((وتی: هە ست دەکەم بەغەمو ناڕەحەتیو دڵتەنگ دەبم ئەگەر یو سف لێم دوور کەوێتەوە، ئەگەر ئێوە لەگەڵ خۆتان بیبەن بۆ دەشتو دەر من بێ ئەو هەڵنا کەم، دەتر سم رێگا بدەم لە گەڵ خۆ تانی بەرنو لەبیا بان لێی کەمتەرخەم ببنو گورگ بیخوا، دەتر سم ئێوە سەرگەرمی یاری کردنی خۆتان بنو ئاگاتان لەیوسف نەمێنێو گورگ پەلاماری بداو بیخوا))

قَالَ تَعَالَى: ﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ ١٦﴾ يوسف: ١٦

دوای ئەوەی براکانی یوســـف ناپاکییان بەرامبەر باوکی و براکەیان کرد.. بە درۆ و نواندن فرمێســکی دەســتکردەوە هاتن بۆلای باوکیان (فرمێســکی تیمســاحاوی) بۆ ئەوەی گومانی باوکیان لەســەر خۆیا لابەرن! چۆن دەزانیت کەسێک بە ڕاستی دەگری و؟ کەسێک بە درۆوە دەگری؟! سەیری ڕابردووی بکە! واز لەو گریانەی ئێستای بهێنە!

((ئێوارە درەنگانێك كاتی عیشاء هاتنەوە بۆ لای باوكیان، خۆیان بەغەمبارو دڵتەنگ نیشان دەداو شینو رۆرۆیان دەكردو دادو فیغانو برا رۆیان بوو!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ١٧ ﴾ يوسف: ١٧

ڕۆژی پێشوو یەعقوب بە براكانی یوسفی وت ئەترسم گورگ بیخوات، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر براكانی بە باوكیان وت: ﴿فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ﴾ ئەمڕۆ بوون بە تۆمەتبار! بۆیە.. سەرەنجامی درۆ زۆر كورتە!! ئەمڕۆ سبەی دەردەكەوێت.

**((وتیان: ئەی باوكی بەڕێزمان! چیت لێ وە شێرین ئێمە چوین بۆ یاریو پێ شبڕكێو بازبازێن یو سفمان لای كەلو پەلەكانمان دانابوو گورك خواردی، ئێمە لێی دوور بووینو سەرگەرمی یاریو ڕەبازی خۆمان بووین، ئێمە دەزانین: ئەتۆ بڕوامان پێ ناكەی با ئێمە ڕا ستگۆو جێگای بتمانەی جەنابت بین! چۆن تۆ گومانی خراپ بەئێمە دەبەیی‌و پێت وایە ئێمە ڕاست ناكەین؟ بەهەر حاڵ لەمەدا جەنابت بیانووت هەیە چونكە ڕوداوەكە هێندە غەریبە نا چێتە عەقڵەوە شتی وا ڕوبدا؟! ئەتۆ دوێنێ لەم كارە ساتە تر سانتینو ئێمە ڕەدمان دایەوە، بەڵام وا كارەسات ڕویداو شتەكە قەوماوە!))**.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍۚ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ يوسف: ١٨

ئاگات لەو كەسـە بێت كە بەڵگە و نیشـانە دەخاتە ڕوو بەر لەوەی لێی داوا بکەیت .. ئەمە بەڵگە نییە کە ڕاسـت دەکات، بەڵکوو بۆ شـێواندنی ڕاستییەکانە.

**((هەر بۆ چەواشەکاریو چەسپاندنی فێڵەکەی خۆیان، ئاسکێکیان سەربڕیو بەدرۆ خوێنی ئا سکەکەیان لەکرا سی یو سف هەڵ سوو بەناڕێكو پێکی کرا سەکەیان خوێناوی کردو وایان نی شان دا: کە ئەم کرا سە ئەومیە: کە گورگەکە یو سفی تێدا خواردووە، بەڵام وی ستی خودا وابوو: کە دەبێ شوێندە ستی تاوانەکەیان دەربکەوێ، فێڵەکەیان ئا شکرا ببێ، ئەومیان لەبیر چوو کە هەندێك کرا سەکە ب شێوێنن، بیدڕێنن، بیهەنجنن، چونکە ئەگەر گورك بیخواردایە دەبوایە کرا سەکە بدڕایەو ونجڕ ونجڕ ببوایە: بەڵام مەیدانی درۆ کورتەو زۆر ناخایەنێ. یەعقوبی باوکیان پێی گوتن بەڵکوو ئەوە دڵو دەروونی ناپاکتان ئەمەی پێ کردونو کارێکی وا ناپە سندی پێ ئەنجام داون، ئەوەی دەیڵێن لەراستییەوە دوورەو عەقڵ وەری ناگرێ! صەبر دەگرم، صەبری جوانو پە سند بۆمان با شەو ئەوە چەکی خاوەن باوەڕانەو ئارام دەگرم، پ شت بەخودا دەبە ستم، چاوەڕوانی دەرووی ڕەحمەتم، خودا یارمەتیدەرمە لە سەر ئەوەی با سی دەکەنو بۆمی دەگێڕنەوە لەم هەواڵە دڵتەزێنە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ٨٣﴾ يوسف: ٨٣

یەعقوبی پەیامبەر زۆر ژیر و بلیمەت بوو! چۆن یوســــف مردووە و، ئەستێرەکانی دیکە هێشتا سوژدەیان بۆ نەبردووە؟! یەعقوب متمانەی زۆر بەو مزگێنیەی پەروەردگار هەبوو لەو خوێن و فرمێســـکانەی ئێستا دەیبینێت!

((فەرمووی: نەخێر ئەمە شتان فرتو فێڵێکی ترەو بۆ خۆتان ربەکەتان خ ستۆتە ناو باری بونیامینەوە بۆ ئەوەی بەگرتی بدەن، بەڵکوو ئەمەش پیلانێکە لەنەفسو دەروونتاندا داتانڕ شتووە بۆ ئەوەی بونیامینیش وەکوو یو سف لەناوبەرنو خۆتانی لێ رزگار بکەن، ئەگەر بۆ خۆتان بەدەمی خۆتان فتوا نەدەن بۆ عەزیزی مێ صر: کە هەر کە سێك ربەکەی لەبارەکەیدا دۆزرایەوە دەگیرێو دەکرێتە کۆیلە، عەزیزی مێ صر کوڕی منی نەدەگرتو گلی نەدەدا یەوە برا گەورەکە شتان لەمێ صر هەڵەوگیر نەدەبوو! حاڵو وەزعی من لەئاکامی ئەم مو صیبەتانەدا خۆگریو دان بەخۆدا گرتنە، نە ئاخو ئۆف دەکەم، نە شکایەتو سکاڵام بۆ لای کەس دەبەم! رازیم بەقەزاو قەدەری پەروەردگار، سکاڵام بەس بۆ بارەگای خودا دەبەم، هەروەها ئەو کە سی بێکە سانە، هەر ئەو پەنای بۆ دەبرێو هاواری لێ دەکرێ، هەرگیز لەرە حمەتی خودا نائومێد نابم هومێدەوارم خودا هەر سێك کوڕەکانم بۆ بگێڕێتەوە (یو سفو بونیامینو روبیل) چاوەڕوانی بڕیاری خودا دەکەم دەربارەیان، ئاواتە خوازم خودا هەر سێك کوڕەکانم بۆ بنێرێتەوە (بەئیلهام ئەوەی دەزانی کە یوسف نەمردوە). بێگومان خودا بۆخۆی زاناو ئاگادارە بە حاڵی تەنیایی منو فەوتانی کوڕەکانمو غەمو نارە حەتی من بۆیان، داناو کارامایە لەکردەوەکانیدا، هەرچی دەیکا، ئەنجامی بێ هۆو حیکمەت نیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾﴾ يوسف: ١٨

دابڕان ئازار بەخشــــە! دووری پڕســــوێیە! بەڵام چەند ڕۆژێکی جوان چاوەڕوانە کە ناخۆشییان لەبار دەبات! تەنها پێویستە ئارام بگریت تا دێت ئەمە دروشمی یەعقوب بوو سەلامی خوای لەسەر بێت: ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ ئارامی گرت، پاشــان بینی ئەوەتا کوڕەکەی بووە بە ســەرۆک وەزیرانی وڵاتێکی گەورە بێ ئومێد مەبە، ئارامگر بە..

هەر بۆ چەواشەکاریو چەسپاندنی فێڵەکەی خۆیان، ناسکێکیان سەربڕیو بەدرۆ خوێنی نا سکەکەیان لەکرا سی یو سف هەڵ سوو بەناڕێکو پێکی کرا سەکەیان خوێناوی کردو وایان نیـ شان دا: کە ئەم کرا سە ئەومیە: کە گورگەکە یو سفی تێدا خواردووە، بەڵام ویستی خودا وابوو: کە دەبێ شوێندەستی تاوانەکەیان دەربکەوێ، فێڵەکەیان ئا شکرا ببێ، ئەوەیان لەبیر چوو کە هەندێك کرا سەکە بـ شێوێنن، بیدڕێنن، بیهەنجنن، چونکە ئەگەر گورك بیخواردایە دەبوایە کرا سەکە بدڕایەو ونجڕ ونجڕ ببوایە: بەڵام مەیدانی درۆ کورتەو زۆر ناخایەنێ، یەعقوبی باوکیان پێی گوتن بەڵکوو ئەوە دڵو دەروونی ناپاکتان ئەمەی پێ کردونو کارێکی وا ناپە سندی پێ ئەنجام داون، ئەوەی دەیڵێن لەرا ستییەوە دوورەو عەقڵ وەری ناگرێ! صەبر دەگرم، صەبری جوانو پە سند بۆمان با شەو ئەوە جەکی خاوەن باوەڕانەو ئارام دەگرم، پشت بەخودا دەبەستم، چاوەڕوانی دەرووی ڕەحمەتم، خودا یارمەتیدەرمە لەسەر ئەوەی باسی دەکەنو بۆمی دەگێڕنەوە لەم هەواڵە دڵتەزێنە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣﴾ يوسف: ٢٣

ئەگەر بینیت دەرگاکان داخراون، ئەوە بزانە ئافرەتێک بە شوێنتەوەیە!

شەیتانەکان هەمیشە بە دەورتەوەن!

هۆشداری خۆت وەربگرە..

ئەگەر دەرگاکانت داخســـت و بە تەنها مایتەوە ئارەزووی زۆر خراپ هێرشت بۆ دەکات!

ڕەنگە ئەو ئارەزووانە فریودەری دارایی یان پیلان دانانی نەگریس یان داوێن پیسی... هتد.

بە چاوکراوەیی مامەڵە بکە..

**((داوای دەست تێکەڵکردنی لەیوسف کرد ئەو خانمەی کە یوسف لەماڵەکەیدا ژیانی بەسەردەبرد، بەڵێ زولەیخا (ژنی عەزیز) کە ئاغا ژنو گەورەی یوسف بوو داوای لەیوسف کرد کە دەستی لەگەڵ تێکەڵاو بکا. حەوت دەرگای باڵەخانەی داخستن، فەرمانی دابوو کەنیزەکو کارەکەرو خزمەتچی لەو ماڵەدا نەمێنن، بەکردەوە هەموو شتێکی مادی ئامادە کردو**



Scanned with CamScanner

حەزو ئارەزۆی گەیە شتە ئا ستێك پەردەی حەیا بدڕێو بە شێوەی فەرمان ڕوبکاتە حەزرەتی یو سف، بەئا شکرا داوای لێ بکا ئارەزۆی جیذ سی دابمرکێنێتەوە پێی گوت، دەی خۆت ئا مادە بکەو وەرە پێ شەوەو دەس بەکاربەو دوامەکەوەو خێرابە! حەزرەتی یو سف فەرمووی، پەنا دەگرم بەخودا هانای بۆ دەبەم لەوەی، کە من شتی ئاوا بکەم! هەر خودا دەم پارێزێ لەوەی، کە من بە چمە پێڕی نەفامانەوە، من هەرگیز ئەوەی تۆ داوام لێ دەکەی‌و دەتەوێ ئەنجامی بدەم توخنی ناکەوم، ئەوە خیانەتەو بێ وەفاییەو ناکەس بە چەییە من داوێنپیس سی لەگەڵ تۆدا بکەم، چونکە تۆ خێزانی عەزیزی میس صری ئەویش خاوەنی مـنەو گەورەمەو ئەمن بەملکایەتی هی ئەوم مامەڵەی لەگەڵمدا زۆر پیاوانە بووە ڕێزی لێ گرتووم، وەکوو کوڕی خۆی حسێب کردووم، تەنانەت ئامۆژگاری تۆشی کرد: کە ڕێزم بگری! بێگومان ستەمکاران سەرکەوتوو نابن، خودا ستەمکاران سەرناخا: ئەوانەی ستەم لەخۆیان دەکەن‌و ستەم لەخەڵکی تر دەکەن خیانەتیان لێ دەکەن، دەستدرێژی دەکەنە سەر نامووسیان، نەلەدونیا سەرکەوتوو دەبن‌و دەگەنە مەرامی خۆیان نەلەقیامەتدا ڕەزامەندی خودایان دە ست دەکەوێ‌و دەچنە بەهەشتەوە!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾﴾ يوسف: ٢٣

هەندێک پیاو ببورە (نێر) کەمتەرخەمییان هەیە!

وا دەزانن ئەگەر قسەی خۆش بۆ کچان بکەن، یان دەستیان لێ بدەن، یان سەرجێییان لەگەڵ بکەن

ئەوە پێی دەوترێت لووتکەی پیاوەتی!

ئەمە نزمترین ئاستی نێرینەییە نەک پیاوەتیش!

بەلام ئەو پیاوە داوێن پاکانەی لەبەر خاتری خودا لە ئافرەتان هەڵدێن،

دەڵێن: (پەنا بەخودا) کچینە دەتانەوێت شتێک بکەم کە خودا یاساغی کردووە، ئەمە لە لووتکەی پیاوەتییە، لووتکەی داوێن پاکی و کەسێتییە.

بۆ نا؟!

خودای گەورە ئەو کەسەی خۆی لە ئافرەتان لادەدات بە یەکێک لەو حەوت کەسە داناوە کە لە ژێر سێبەری عەرشدان..

خۆشەویستان بزانن..

کەسی داوێن پاک و بەڕەوشت شەرمگەی ناکاتە دروشم و دەری بخات بەڵکوو لە هەموو نەنگی و خراپەیەک دەیشارێتەوە زۆر جیاوازن ئەوانەی هەمیشە ئافرەتان دەلاوێنن و ئەوانەی کە خۆیان لە لاواندنەوەی کچان دوور دەگرن خودایە دامێنمان بپارێزە، مەمانکە بەوانەی کە داوێن پیسن..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱسْتَبَقَا ٱلْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلْبَابِۚ قَالَتْ مَا جَزَآءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٥﴾ ﴾ يوسف: ٢٥

ئەگەر ئارەزوو ڕایکرد بۆت..

تۆش بەرەو دەرگاکە هەڵبێ.

((هەردووکیان بەرەو دەرگای دەرەوە رایان کرد؛ یو سف لەپێشەوەو زولەیخا بەدواوە، یوسف دەیەویست بگاتە دەرگای حەوشەو دەرچێ، زولەیخا بەدوایدا رادەیکرد دەیەوی ست نەهێڵێ لەدەرگا دەر چێ، لەکاتی یەکتر راونانەکەدا زولەیخا لەدواوە لەیو سف نزیك کەوتەوە کرا سی یو سفی گرتو دڕاندی، وی ستی لەدواوە یەخەی کرا سەکەی بگرێو بۆ دواوە بیگێڕێتەوەو نەهێڵێ دەربارز ببێ، یەخەی کراس دڕاو لەو کاتە نا سکەداو بەو حاڵەتە سەرنج ڕاکێشە موفاجەئەیەکی سەیر قەوما چونکە هەردوکیان؛ یو سفو زولەیخا لوتیان بەلوتی عەزیزەوە هەڵتەقییەوەو لە ناو دەر گا کەدا بەرەوڕوی بوونەوە!ئیتر زولەیخا هەوڵیدا تاوان لەخۆی دووربخاتەوە وتی: ئەوە سزای ئەو کەسە چیە: کە بیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر خێزانی تۆ؟ مەگەر بەند بکرێ، یان دارکارییەکی باش بکرێو سزایەکی بەئێش بدرێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى ۚ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾ يوسف: ٢٦

مەترسە لەو کراسەی لەبەرت دەدڕێ، ئەگەر خۆپارێز بیت بەرامبەر یاساکانی خودای پەروەردگار خودا پۆشاکی شکۆمەندیت لەبەر دەکات، بێ نیاز دەبیت لە هەموو کراسێکی دیکە!

**((حەزرەتی یو سف فەرمووی: نەخێر وا نیەو من هیچ دە ستدرێژییەکەم نەکردۆتە سەر ئەم ئافرەتە بەڵکوو ئەو هەوڵی دا بەمەکرو حیلەبازی لەخ شتەم بەرێ، هەڵم خەڵەتێنێ ئەو وی ستی من کەمەندکێش بکاو من بەقسەم نەکرد، کێشەیان تێکەوتو هەریەکەیان ئەوی تری تاوانبار دەکردو بەڵگەی لەسەر بێ تاوانی خۆی دەهێنایەوە، هەتا کار گەییشتە ئەوە یەکێك لەخزمەکانی زولەیخا شایەتی دا وتی: سەیر بکەنو بزانن ئەگەر کراسەکەی یو سف لەپێ شەوە دادڕاوە، ئەوە زولەیخا را ست دەکاو یو سف لەیەڕی درۆزنانە)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾ يوسف: ٢٦

مرۆڤی بێتاوان تووڕە نابێت و هەڵناچێت بەرامبەر ڕووداوەکە!

بێتاوان دەنگ بەرز ناکاتەوە بۆ ئەوەی بڕوا بە بەرامبەر بکات!

بێتاوان هەمیشە لەسەر خۆیە

هێندە متمانەی بەخۆیەتی پەنا ناباتە بەر سوێند و قورئان!

یوسف بە لەسەرخۆیی وتی: ﴿ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي ﴾

تەواو!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعْصِرُ خَمْرًاۖ وَقَالَ ٱلْءَاخَرُ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾ یوسف: ٣٦

خەوی ڕاست لە خودای پەروەردگارەوەیە

ئەگەر مزگێنیت بۆ هات ئەوە نزیکی پەروەردگارەو، تیماری بریندارانە.

((واتە: کاتێ ویستیان یوسف بەند بکەن و بەندیان کرد، وێڕای حەبس کردنی یوسف دوو خزمەتکاری پاشاشیان بەند کردن. ئەمەش ڕێکەوت نەبوو بەڵکوو تەقدیری خودا وا بوو. ئەم دوو خزمەتچییانە بەتاوانی ئەوە زیندانی کران گوایە: ویستوویانە پاشا دەرمانخواردوو بکەن! یەکێکیان وتی: لەخەوما دیم ترێم دەگوشی و دەمکردە شەراب بۆ پاشا ئەویتریان وتی: لەخەوما دیم نانم لە سەر سەرم داناوەو باڵندە دائەبارین بە سەرماو لەو نانەیان دەخوارد! وتیان: دەمانەوێ مەعنای ئەم خەونانەمان پێ بفەرمووی: بزانین چی دەگەیەنن بێگومان ئێمە وا دەزانین جەنابت مرۆڤێکی لیزان و لەپێری پیاوچاکانی و لەتەعبیری خەوندا زۆر شارەزاو کارامەی. پیاوێکی مرۆڤ دۆستی و خێرو چاکەی ئادەمیزادانت دەوێ)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٍۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾ يوسف: ٤٤

دانشان به نەزانیندا ئازایەتییە!

پێویستە شتێکت نەزانی نەڕۆیتە ناو بابەتەکە و وازی لێ بهێنیت.

((هەموویان وتیان: ئەمە جۆرێکە لەخەونو خەیاڵی تێکەڵو پێکەڵو بێ سەرو بەرو پڕو پووچ، نو ستوو لەلا شعووری خۆیدا دەیانبینێو مانا نادەن بەدەستەوە، لەئاکامی ناڕێکی هەزمکردنو تێکچوونی مەعیدەو ماندووبوونی گیان پەیدا دەبێ. ئێمە مانای خەونی ئاوەها بێ بناغەو پڕوپووچ نازانین چونکە حەقیقەتی نیە! تا ئێ ستا سێ خەون بینرانو هەوڵی مانا لێدانەوەیان درا، جا کە خەونی پا شا بەمانا لێ نەدراوەیی مایەوەو بووە مو شکیلەی ناو قە صرو پا شا پێی تەنگەتاو بوو، دە سێتو پێوەند کەوتنە هەوڵو تەقەلالای تەعبیری خەونەکە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ﴾ يوسف: ٥١

ئارامبگره لەسەر هەموو ئەو تۆمەوت و وتی و درۆیەی لەسەرت دەکرێت لە کۆتاییدا ڕاستی دەردەکەوێت!

((وتی: مەبە ستتان چی بوو ئەو ڕۆژەی: کە دەوری یو سفتان دابوو لەماڵی عەزیزی می صرو دەتانەوێ ست یو سف لەخ شتە بەرن‌و رامی بکەن بۆ ژنی عەزیز، ئایا یو سف هاتە سەر مەبە ستی ئێوەو بەڵێنی دا داخوازییەکەتان جێ بەجێ بکا!! ئەوانیش هەموو وتیان: نەوەڵڵا حا شا ئێمە هیچ ڕەفتارو هەڵس‌و کەوتێکی ناپەسەندمان لەیوسف نەدیوە، نە لەسەرەتاوە نەلەکۆتایی دا هیچ خراپەیەکمان لێ نەدیوە!! ژنی عەزیز کەوتە قسەو وتی: ئێستا حەق دەردەکەوێ‌و خۆی دەنوێنێ، چیتان لێ بـ شێرمەوە، ئەم ژنانە پەیوەندییان بەقەزیەی یو سفەوە نیە، من هەوڵم لەگەڵ داوەو وێ ستوومە بۆ خۆمی ڕام بکەم، زۆرم ئەملاو ئەولا لەگەڵدا کردو هەوڵ‌و تەقەلادا بۆ ئەوەی سازی بکەم‌و بۆخۆمی بگونجێنم، بەڵام ئەو ملی نەداو بەق سەی نەکردم‌و نەهاتە سەرخەت. بەرا ستی یو سف داوێنپاکەوبێگومان ئەو لەگوفتارو هەڵوێ ستدا ڕاست‌و ڕاستخوازە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥٣ ﴾ يوسف: ٥٣

مەلی: من متمانەم بە خۆم هەیە، زۆر دڵنیام هەرگیز هەڵە ناکەم!

((هەڵبەتە من پاکانە بۆ نەفسی خۆم ناکەم، من ناڵێم هەڵەی نەکردووەو نەخلیسکاوە، چونکە نەفس بەسروشت ئارەزۆی شەهوەتو خۆش رابواردنی هەیەو فەرمان دەکا بەخراپەو داخوازی کاری نا شیرینە، جگە لەکەسانێک کە خودا رەحمی پێ کردونو لەخراپەکاریو مەیل بۆ تاوانکردن پاراستوونی! بەڵام من لەرەحمەتی خودا ناهومێد نیمو نابم چونکە خودای من زۆر لێبوردو لێخۆشبووە بەزەیی بەبەندەکانیدا دێتەوە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾ يوسف: ٥٢

شکۆی ناپاکان دەشکێنێت!

چونکە تەنها خودا ڕێنموونی کارە، خودای پەروەردگار لە تەڵەکەی ناپاکان دوورت بخاتەوە.

((ئەم دان پیانانەم ئاوا بەئا شکراو بێ منجە منجو شایەتیدانم بەرا ستگۆیی‌و بێ تاوانی یوسف بۆ ئەوەیە: کە یوسف بزانێ من لەو کاتانەدا کە ئەو لەبەندینخانەدا بوەو خیانەتم لێ نەکردوە، تانەو تە شەرم لە شەرەفو داوێنپاکی‌و نەفس بەرزی ئەو نەداوە، تەنانەت کە ژنەکانی شم بانگ کردن بۆ ماڵی خۆمو خواردەمەنی‌و کێردم دانە دەستو یوسفم هێنایە سەریانو لەعەیبەتاو لەتاوا دەستی خۆیان بری، بەئاگاداری ئەوان دانم بەوە دانا: کە من هەوڵم داوە لەخ شتەی بەرەو بۆخۆمی کەوی کەمو کوڵی دڵی خۆمی پێ دامرکێنم! بەڵام یو سف بەیدە ست نەبوو، خۆی گرتو بۆم رام نەبوو. زومەخ شەری دەفەرموێ: ر ستەی وێ دە چێ لەئاخاوتنی حەزرەتی یو سف بێو پەیوە ست بێ بەوتەکەی پێ شووی کە فەرمووی ئەو کاتە مانای ر ستەی بەم جۆرە دەبێ: من کە داوای ئەم لێکۆڵێنەوەم کردو وی ستم پا شا ئەنجامی بدا بۆ ئەوە بوو: کە عەزیز (مێردی زو لەیخا) بزانێو دڵنیا بێ من خیانەتم لێ نەکردوە، لەماڵ نەبوونی ئەوم بەهەل نەزانیوە دە ست لەگەڵ خێزانەکەیدا تێکەڵاو بکەم! با هەموو کەس بزانێو دڵنیا بێ کە خودا فرتو فێڵی خائینان جێ بەجێ ناکاو سەرکەوتوویان ناکا بەڵکوو بەتاڵیان دەکاتەوە)).



Scanned with CamScanner

قال تعالى: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ الفرقان: ٣٢

ئەگەر تووشی هەڵە و کەوتن بوویت، بگەڕێرەوە بۆ قورئان.

((کافرەکان وتیان: ئەوە: بۆ چی قورئان بەیەکجارو بەکۆمەڵ بۆ موحەممەد نایەتە خوارێ؟ ئەم چکە چکە چیە هەر ڕۆژە ئایەتێکی بۆ دێ و هەر ڕۆژە سورەتێکی بۆ دێتە خوارێ؟ بۆ چی وەکوو تەورات کەبەیەک جەل بۆ موسا ﷺ هاتە خوارێ، یان ئینجیل بۆ عیساو زەبوور بۆ داود کە بەیەکجار نازڵ بوون، ئەمیش ئاوا نازڵ نابێ؟ بۆ وەلامی ئەو ڕەخنەیە دەفەرموێ: ئێمە بۆیە بەو جۆرە قورئان بۆ تۆ ڕەوانە دەکەین، بەشبەش و پارچەپارچە دەینێرینە خوارێ بۆ ئەوەی دڵت بەو قورئانە پتەو بکەین، بتوانی لەبەری بکەیو فێری ببێ و تەنفیذی بکەی، هەربەشێکی بۆت دێ بەتەواوی لەدڵت دا جێگیربێ و موسوڵمانەکان پێوەی رابێن و ئەحکامەکانی بەجوانی هەزم بکەن!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةٗ لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوۡ أَرَادَ شُكُورٗا ٦٢ ﴾ الفرقان: ٦٢

له عومەری کوڕی خەتاب پێشەوای ئیمانداران ڕابمێنە:

ڕۆژێک نوێژی چێشت هەنگاوی زۆر درێژکردەوە

پێی وترا: هەرگیز وەک ئەمڕۆ نوێژی چێشت هەنگاوت درێژ نەبوو!

هیچ شـــتێک نەبوو لەســـەرم لەوە خۆشـــتر بێت کە بەردەوام بومایە لەسەری..

پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةٗ لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوۡ أَرَادَ شُكُورٗا ٦٢ ﴾

((پەروەردگار خودایەکی وەهایە شەوو ڕۆژی بەدیهێناون یەك بەدوای یەك پەیدادەبن، ڕۆژ تەواو دەبێ شەو دێتە جێگای شەو دەڕواو ڕۆژ دێتە شوێنی، هەریەکەیان دەبێتە جێ‌ نشینی ئەویتریان، کە سێك بەڕۆژ ئی شی ڕۆژی بۆ تەواو نەکرا دەتوانێ بەشەو ئەنجامی بدا، ئ ـەگ ـەر شەو ئیشی ش ـەوی بۆ تەواو نەکرا دەتوانێ بەڕۆژ قـەرەبـوی بکاتەوە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ١١٠﴾ النساء: ١١٠

سەعدی دەفەرمویّت:

بۆیە وتراوە (ستەمی دەروون) چونکە مرۆڤ خاوەنی نەفس و گیانی خۆی نییە، بەڵکو خودا بە ئەسپاردەیی لای بەندە دایناوە.

((کە سێك تاوانێکی کرد زیانی بەکە سێك گەیاند، دزی لێ کرد لێی دا، پاش ملە بەخراپە با سی کرد یان تاوانێکی کرد زیانی بەخۆی گەیاندو ستەمی لەخودی خۆی کرد، وەکوو ئەوە سوێنی بەدرۆی خوارد، دوایی پە شیمان ببێتەوەو تۆبە بکاو داوای لێخۆ شبوون لەخودا بکا دەبینێ خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێ، بە بەزەیی و بەڕەحمەتی خۆی عەیبو لەکەکانی دادەپۆ شێ! ئەمەش لەڕووی فە ضڵو ئیحـ سانی بێ شماری نەك واجب بێ لەسەری)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ قُلْنَا ٱهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعًاۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ البقرة: ٣٨

تەنها لە خودای پەروەردگار داوەی ڕێنموونی بکە ئەگەر ڕێنموونی کردیت بزانە هەڵبژاردوویت.

((فەرمانمان بە ئادەمو حەوا کردو گوتمان بڕۆنە خوارێ بۆ سەر زەویو دە ست بکەن بە ئاوەدانکردنەوەی زەویو هەموو کاتێ چاوەڕوان و بەئاگابن هەرکاتێك پەیامێك، پێغەمبەرێك هات بۆ ناوتان گوێڕایەڵیان بن و بە قسەیان بکەن. چونکە هەرکەسێك شوێن پەیامی من بکەوێ هیچ ترسی ڕۆژی دواییان لەسەر نیە داخ و خەفەتی ژیانی ڕابوردوشیان ناخۆن، پەرۆشی ماڵ و خێزانی دوای خۆیان نیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِي ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الفرقان: ٢٩

ئەگەر وەڵامی داواکاریەکانی شـەیتانت دایەوە، ئێسـتا کاتی ئەوەیە کە بکەویتە ناو داوەکەیەوە و، پاشـان شـەیتانیش پاکانە لە خۆی دەکات، تۆ ناناسێت و تووشت دەکات و خۆی دەردەچێت.

((بێگومان ئەو هاوەڵە خراپەم رێگەی لێتێکدام، گومڕای کردم، لە یادی خوداو قورئان لای دام، پاش ئەوەی قورئانم پێگەیشت ویستم شوێنی بکەوم سەری لێ تێکدام.و نەیهێشت ئیمانی پێبهێنم، لێم بوو بە شەیتان و لەخشتەی بردم! ئەمجا پەروەردگار دەفەرموێ: بێگومان شەیتان بۆ ئادەمیزاد رێسواکەرە، هەر دەیەوێ ئادەمیزاد لەخشتەبەرێ و رێسوای بکا، لەحەق و راستی لای بدا بیخاتە زەلکاوی گومڕاییەوەو دوایی خۆی لێ بەری بکاو لەکاتی تەنگانەدا هیچ دادی نەدا!!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ ﴾ الشرح: ٤

ئیبنو قەیم دەفەرموێت:

شـوێن کەوتووانی پەیامبەری خودا (ﷺ) بەشـێکیان لەم بەخشـشـە بەردەکەوێت.

واتە ناویان بە بڵندی دەهێڵینەوە..

بانگخوازانی ڕێگەی خودا، شوێن کەوتووانی سوننەتی محمد، خودا لە ناو ملیۆنـاندا هەڵیـان دەبژێرێت، ئەوان بـانگخوازی ئەون، ئەی چۆن ئەو ناویان بە بەرزی ناهێڵێتەوە؟!

تۆ مامەڵە لەگەڵ خودایەکی بەخشندەی میهرەبان دەکەیت.

**((ناوی تۆمان بەرز کردەوە، لەدونیاو لەقیامەتدا ناوت بەرزو پیرۆزە بەهۆی روتبەی پێغەمبەرێتیو سەرمۆرکردنی زنجیرەی پێغەمبەران بەڕەوانە کردنی تۆ، بویتە سەرداری پێغەمبەرانو پەیامی هەموو نامە ئاسمانییەکان لەپەیامی تۆدا ڕەنگی داوەتەوە)).**

قال تعالى: ﴿ قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ يوسف: ٦٤

گلەییم لێ مەکە کە بڕوام پێ نەکردیت! پێشتر درۆت لەگەڵ کردووم..

ڕۆحەکان یەکەم وێنەی بەرکەوتنی من و تۆ دەگرن و، بۆ هەمیشــەیی لە ناخی خۆیدا دەیپارێزێت.

((فەرمووی، من ئەگەر ئەمەتان بەقسە بکەم شتێکی سەیرە، دڵنیابن حاڵو وەزعی من ئەو کاتەی لێتان ئەمین دەبم دەربارەی براکەتان وەکوو ئەو حاڵو وەزعەم وایە، کە کاتی خۆی دەربارەی یو سف لێتان ئەمین بووم بردتان و ئێوارە گەڕانەوە وتتان، گورگ خواردویەتی!! دەی چۆن ئێ ستا دەربارەی بونیامین لێتان ئەمین بم؟! من خودام بە سە بۆ پارێزگاری کوڕەکەم! ئەو با شترین پارێزەرو چاودێری کارە، خودا لەهەموو کەس بەرەحم ترە، سۆزو بەزەیی زۆر لەوە فراوانترە کە پاش ئەو ناخۆ شییەی بەهۆی یوسفەوە توشم بوو، تووشی ناخۆشییەکی تری لەو جۆرەم بکاتەوە، من تەواوی بتمانەم بەخودای خۆمەو پ شتو پەنام هەر ئەوەو کاری خۆم بەئەو دە سپێرم! هەر ئەو بەزەیی بەجەرگی هەڵقر چاوم دادێو ڕەحمم پێ دەکاو بە سەلامەتی بۆم دێنێتەوە! ئەمە نیـ شانەی ئەوەیە، کە حەزرەتی یەعقووب لەبەر ناعیلاجیو پێوی ستیان بەخواردەمەنی رازی بوو بەناردنی بونیامین لەگەڵیاندا، بەتایبەتی کە هیچ دیاردەو نیـ شانەیەکی وای هە ست پێ نەکرد براکان ڕقو کینەیان لەگەڵ بونیامیندا هەبێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿۞ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡۚ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾﴾ يوسف: ٧٧

وتەیەکی بەربڵاو هەیە زۆر هەڵەیە: (ئەوەی لەناو دڵمە لەسەر زمانیشمە) هەرچی بە خەیاڵدا بێت ناوترێت! ئەوەتا یوسف ئەو نهێنیەی لە براکانی شاردەوە، چونکە ئەو زۆر زیرەک و ئازابوو، دەیزانی کەی دەدوێت و، کەی بێدەنگ دەبێت...

**((وتیان: شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە کە ئەم برا باوکییەمان دزی بکا چونکە دایکی جودایە، جا ئەگەر ئەمڕۆ ئەم دزی کردبێ‌و دزی بکا ئەوە عەجایەب نیە چونکە لەوەپێش برایەکی تری هەبوو ئەویش هەر وا دزی کرد، ئەم سرو شتەیان لەدایکییانەوە بۆ ماوەتەوە، حەزرەتی یو سف وەڵامی ئەم قسە نا شیرینەی نەدانەوە، لێیانی نەگرت‌و پێناخۆ شبوونی خۆی بەرامبەر دەرنەبڕی‌و بەدرۆی نەخ ستنەوە، لەکاتێکدا لێی مەعلووم بوو کە خۆی‌شی‌و بونیامینی براشی لەتاوانی دزی دوورن، ئەوان بوختانیان پێ دەکەن، بەڵکوو لەدڵی خۆیدا بەڵکوو ئێوە بەم درۆهەڵبە ستن‌و بوختانکردنەتان لای خودا پلەو پایەی خراپتان هەیە، بوختانکەر زۆر لەبوختان پێکراو خراپترە، ئێوە خۆ شەویستترین جگەر گۆ شەتان لەباوکتان دزی‌و بەمەبە ستی لەناو بردنی خ ستتانە بیری کەنعانەوە، ئەمجار درۆی ئەوەتان هەڵبە ست گوایە گورك خواردویەتی، خودا لەهەموو کەس زانا ترە بەو تاوانەی بەناحەق وەپاڵی من‌و بونیامینی برامی دەدەن!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ ﴾ یوسف: ٨٣

یەعقوب سەلامی خوای لەسەر بێت زۆر دڵنیابوو کە بنیامین و یوسف و لاویشی بۆ دەگەڕێتەوە هەموویان گەڕانەوە بۆیە، ئەوەی ڕۆشتووە و لێت دوورە دەگەڕێتەوە! تەنها پێویســــتە نزا بکەیت، بە دڵنیاییەوە وەڵامت دەدرێتەوە... ئارام بە.

((فەرمووی: نەخێر ئەمە شتان فرتو فێڵێکی ترەو بۆ خۆتان ربەکەتان خستۆتە ناو باری بونیامینەوە بۆ ئەوەی بەگرتی بدەن، بەڵکوو ئەمەش پیلانێکە لەنەفس و دەروونتاندا داتانڕشتووە بۆ ئەوەی بونیامینیش وەکوو یوسف لەناوبەرن و خۆتانی لێ ڕزگار بکەن، ئەگەر بۆ خۆتان بەدەمی خۆتان فتوا نەدەن بۆ عەزیزی میسر: کە هەر کەسێك ربەکەی لەبارەکەیدا دۆزرایەوە دەگیرێ و دەکرێتە کۆیلە، عەزیزی میسر کوڕی منی نەدەگرت و گلی نەدەدایەوە برا گەورەکەشتان لەمیسر هەڵەوگیر نەدەبوو! حاڵ و وەزعی من لەناکامی ئەم موصیبەتانەدا خۆگری و دان بەخۆدا گرتنە، نە ئاخ و ئۆف دەکەم، نە شکایەت و سکاڵام بۆ لای کەس دەبەم! ڕازیم بەقەزاو قەدەری پەروەردگار، سکاڵام بەس بۆ بارەگای خودا دەبەم، هەروەها ئەو کەسی بێکەسانە، هەر ئەو پەنای بۆ دەبرێ و هاواری لێ دەکرێ، هەرگیز لەرەحمەتی خودا نائومێد نابم هومێدەوارم خودا هەر سێك کوڕەکانم بۆ بگێڕێتەوە (یوسف و بونیامین و روبیل) چاوەڕوانی بڕیاری خودا دەکەم دەربارەیان، ئاواتە خوازم خودا هەر سێك کوڕەکانم بۆ بنێرێتەوە (بەئیلهام ئەوەی دەزانی کە یوسف نەمردوە). بێگومان خودا بۆخۆی زاناو ئاگادارە بەحاڵی تەنیایی من و فەوتانی کوڕەکانم و غەم و نارەحەتی من بۆیان، داناو کارامایە لەکردەوەکانیدا هەرچی دەیکا، ئەنجامی بێ هۆو حیکمەت نیە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ يوسف: ١١١

چیرۆکەکانی قورئان باشترین و بەنرخترین چیرۆکن!

وادەزانی خەیاڵین!

بەڵام ڕاستین..

هەرکەسێک ئەگەر سەیری قورئانی کرد و هیچ پەندی وەرنەگرت، با خوێندنەوەیەک بۆ

ئاوەزی بکات!

بزانە هەرگیز ڕووناکی و ڕێنیشاندەری نادۆزینەوە تا ئەو کاتەی بڕوا بە خودا نەهێنێت و، شوێن پەیامبەرەکەی نەکەویت، ئاشتی و میهری خودا بۆ سەر گیانی پاکی ئەوانە شوێن هیدایەت و ڕێنمووونی کەوتوون.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٥٦﴾ هود: ٥٦

هەرکەس خودا لەســـەر دین ڕاوەســـتاوی بکات، هاوکاری خاوەن ڕاستییەکان دەکات بەسـەر ئەوانەی پووچگەران، چونکە دەستیان بە ڕاســتییەوە گرتووە و، پشـــتیان بە خودا بەســـتووە.. دەســـت بە دینەکەتەوە بگرە، وەک ئەوەی فەرمـانت پێکراوە بڕۆ، خودای گەورە سەرت دەخات، بەسەر ئەوەی سەکەوتووە بەسەرتدا.

((من پ شتم بەخودای خۆم قایمەو تەوەککولم لە سەر پەروەردگارە، ئەو خاوەنی ئیش‌و کاری من‌و ئێوە شە، ئاگاداری هەڵوێ ستی من‌و هەڵوێ ستی ئێوە شە، ئەوم بە سە، پیلانی ئێوە دەپو چێنێتەوەو هیچ شتێك نیە بتوانێ نەهێڵێ خودا یارمەتیم بدا، خودا توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە. هیچ گیانلەبەرێك نیە لە سەر زەوی‌و شوێنی تریش ئیللا جڵەوی هەڵ سوڕان‌و کاروباری بەدەست خودایەو ئەو خاوەنیەتی، چۆنی بوێ ئاوا ڕەدامیان دێنێ. بێگو مان کردەوە کانی خودای من بەگوێرەی حەق‌و داد پەروەری ئە نجام دەدرێن، ستەم‌و ستەمکاری تێدا نیە، داب‌و نەرێتی خودا وا هاتووە موسوڵمانانی ڕاستاڵ یارمەتی دەداو کافرانی ئاشوبگێڕ لەناو دەبا)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْۚ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔاۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴿٥٧﴾ ﴾ هود: ٥٧

پێویستە بانگخواز پەیامی ڕاست بە مرۆڤ بگەیەنێت، ئەگەر هەندێکیان پشتیان هەڵکرد لێی، ئەمە سوننەتی خودایە بەرامبەر ئەوانەی کە پشت هەڵ دەکەن و بڕوا ناهێنن.

((ئەی نەتەوەکەم! ئەگەر رو لەپەیامەکەم وەربگێڕنو گوێ بۆ ئامۆژگاریو نەسیحەتەکانم نەگرن، پشت هەڵبکەن لەو نیگاو سروشەی پێتان رادەگەیەنم، هەڵوێستتان نەگۆڕنو هەر بەدرۆم بخەنەوە، ئەوە من خەتا بارنابم، چونکە ئەو پەیامو سروشەی پێی نێردراوم گەیاندومەو پێم راگەیاندوون، کەمتەرخەمیم نەکردوە لەبەجێهێنانی ئەرکی سەرشانم، ئێوەش بۆخۆتان دانی پێدا دەنێن: کە من بانگەوازیم کردوونو داوام لێ کردوون تەنها خودا بپەرستنو هاوەڵی بۆ دامەنێن. ئەوا من پەیامی خۆم گەیاندو بوو بەبەڵگە لەسەر ئێوەو بیانووتان نەما، موستەحەقی سزاو عەزاب بوون. خودا بەهیلاکتان دەباو گەلو نەتەوەیەکی تر دێنێتە گۆڕێو دەبنە جێنشینی ئێوەو ماڵو نیشتمانتان بەمیراتی دەکەوێتە دەستی ئەوان. ئێوە بەپشت هەڵکردنتان لەپەیامی خودا، بەسوور بوونتان لەسەر کوفرو بتپەرستی هیچ زیانێك بەخودا ناگەیەنن، بەڵکوو زیانی ئەوە لەسەر خۆتانەو بۆخۆتان تووشی دەردیسەریو کێشمەکێشم دەبن. بێگومان خودای من بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارو چاودێرە، هیچ شتێ لەکردەوەی ئێوەی لێ هون نابێو غافڵ نیە لەتۆڵە لێ ستاندنتان! ئەگەر ماوەیەکیش مۆڵەتتان بدا دڵنیابن پاشگوێتان ناخا)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْۚ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔاۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴿٥٧﴾ ﴾ هود: ٥٧

خودا خۆی دۆستانی سەردەخات لەبەر ئەمە هەمیشە بڵێ:

((خودایە پشتم بگرە لەوەی کە دەیکەم و ڕام دەسپێریت)).

چونکە ئەگەر خودا پشتی گرتیت ئەوە پارێزراو دەبیت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآ أَتَنْهَىٰنَآ أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾ ﴾ هود: ٦٢

هەرکام لە ڕێبازی پەیامبەران هەڵبژێریت بۆ ئەوەی بانگەوازی پێ بکەیت، تووشـــی هەندێک دژایەتی دەبیت، یان هەندێک بە ڕووتدا هەڵدەگژێن، هەرچەند لە ناو هۆزەکەشتدا زۆر بەڕێز و شکۆمەند بیت و، خاوەن ڕەوشت و کرداری بەرز بیت..

**((وتیان: ئەی صالح! تۆ لەوەپێش لەناو ئێمەدا شوێنی هومێد بووی! لەناو دڵماندا ڕێزو تەقدیرمان بۆ دانابووی، هیوامان پێت بوو بەتەما بووین ببیە گەورەو تەگبیرکەرو ریش سپیمان، چونکە زیرەکیو بلیمەتیو عاقڵمەندیو بیرتیژیو لێهاتووییمان پێوە دەبینی، ئێستا تۆ ئێمەت ناهومێد کرد، هەموو ئاواتێکت بڕین، سەدمخابن ئێمە بەتەما بووین ببیە پا شاو گەورەمان بەڵام وا ئێ ستا هیوا بڕاوت کردین. ئەوە جڵەوگیریمان لەوە لێ دەکەی: کە ئەوەی باوکو باپیرانمان پەر ستویانە ئێمەش بیپەر ستین؟ دەتەوێ واز لەپەر ستنی ئەو بتانە بێنین کە باوکو باپیرانمان پەر ستویانو لە سەری ڕاهاتوون؟ ئێمە گومانی زۆرمان هەیە دەربارەی بانگەوازییەکەت: کە بانگمان دەکەی بۆ یەکتاپەرستی، بەراستی ئەمە جێگای گومانەو دڵمان لێ پیس کردوی)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿۞ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۖ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ﴿١٠٨﴾﴾ هود: ١٠٨

مژدەت لێبێت برای ئیماندار.. مژدەت لێبێت خوشـــکی ئیماندار.. ئەگەر خۆتان پاراســـتووە لەوەی تووشـــی داوێن پیســـی نەبن و، خۆتان گرتووەتەوە، مژدەی چێژ و خۆشـــییە بێکۆتـا و بێســـنوورەکانی بەهەشتتان لێبێت.

((ئەهلی سەعادەت، کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانن، ئەوانە شوێن‌و ماوایان بەهە شتەو بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە، هەتا ئاسمانی بەهە شتیان بەسەرەوە بێ‌و زەوی بەهەشتیان لەژێرەوە بێ بەویستو ئیرادەی خودا تێیدا دەمێننەوە، ئەو بەهەشتە بۆ ئەوان بەخششێکی نەبڕاوەو ناپاساغە، بۆ هەتا هەتایەیە!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالُواْ بَشَّرْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ الحجر: ٥٥

ئەگەر لە لای خودای پەروەردگارەوە خەوی دروســـتت بینی، ئەوە مزگێنییە بۆ تۆ..

بۆیە پێویســـتە گەشـــبین بیت، گومانی باش بە پەروەردگارت ببەیت، خەونی ڕاست لە

پەیامبەرانەوەیە.

وەک پەیامبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: " خەوی ڕاســـت بەشـــێکە لە چل و شەش بەشی پەیامبەرێتی".

ئەگەر مزگێنیت لە ڕێگەی خەوەوە بۆ هات ئەوە وەک ڕاستی وایە..

چونکە ئەو خەوە سەرچاوەی ڕاستییە و بێ بنەما نییە...

**((وتیان: ئێمە موژدەمان پێ داوی بەشتێکی حەق و واقیع و چەسپاو، ئەوەی مزگێنیمان پێ دای ویستی خودایە بەڵێنی خودایە و پاشگەزبوونەوەی نیە، ئەتۆ ئەی ئیبراهیم! لەپێڕی ئەوانە مەبە: کە لەفە ضل و رەحمەتی خودا ناهومێد دەبن)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾﴾ الحجر: ٥٦

میهر و سـۆزی پەروەرەدگار زۆر بەرین و فراونە بۆیە ئەم یاسـایە وەربگرە:

((ئەوەی گومانی هەبێت بەر میهرەبانی خودا دەکەوێت ئەوە دەسـتی دەکەوێت ئەوەشـی گومانی هەبێت کە بەر میهرەبانی خودا ناکەوێت ئەوە ئەوەی بەردەکەوێت کە گومانی پێیەتی))

خودای پەروەردگار لە فەرموودەیەکی قودسـیدا دەفەرموێت: "من لەگەڵ گومانی بەندەکانمدام، ئەگەر گومانی باشـم پێ ببات ئەوەی دەست دەکەوێت، ئەوەی گومانی خراپم پێ ببات ئەوەی بەردەکەوێت".

هەرگیز نائومێد مەبە لە سۆز و میهرەبانی پەروەردگار.

((وتی: کێ لەرەحمەتی خودا نائومێد دەبێ؟ کەس لەرەحمەتی خودا ناهومێد نابێ جگە لەوانەی رێبازی راستو حەقیان گوم کردوە، ئەمن یەقینی تەواوم بەوە هەیە هەر شتێك خودا بیەوێ بێتە دی دێتە دی، هیچ شتێك لەخودا یاخی نابێ، چی بوێو چۆنی بوێو کەی بیەوێ ئاوا دێتە دی!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ ﴾ الحجر: ٨٥

ئەو بەندەیەی کە خاوەنی سینەیەکی تەندروستە هەر ئەوە دەتوانێت ببەخشێت و چاوپۆشی بکات، چونکە ئەوە لە بەرنامەی ئێمەدا نییە کە لێبوردە نەبێت و چاوی لە تۆڵەبێت سینە سافان هەرگیز ڕق و کینە لە خۆیان ناگرن، لێبوردە بە وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت.

((ئێمە ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ئەوەی لەناویاندا هەیە بەحەق نەبێ دروستمان نەکردوون. کە بەدیمان هێناون بەحەق‌و را ستی درو ستمان کردون، بەعەدالەت‌و حیکمەت‌و زانایی‌و دانایی هێناومانە گۆڕەپانی بوونەوەرەوە، بەشێوەی ستەمکارو بەتاڵ‌و بێهودە نەمان خستوونە ڕوو! بۆیەمان دروست کردوون خەڵکەکە سەرگەرمی عیبادەت‌و تەقواو یەکتاپەرستی بن. بێگومان ڕۆژی قیامەت دێ‌و هیچ شك‌و گومان لەهاتنەکەی دا نیە، جا ئەو کاتە خودا تۆڵە لەوانە دەستێنێ کە شیاوی سزاو تۆڵەن، پاداش‌و بەخششی خۆی دەدا بەو کە سانەی شیاوی پادا شی بەهە شتی رازاوەن. ئەی پێغەمبەری خۆشەویستـ ئەتۆ رو لەو موشریکانە وەرگێڕە، گوێیان پێ مەدە، لەئا ست ئەزیەت‌و بەدڕەفتارییەکانیان پ شوو درێژ بە، خۆگربە، بەرەو شتی جوان‌و بەرز هەنگاویان بەرە هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵدا بکە، ئامۆژگارییان بکە، بیانترسێنە بەڵکوو بەخۆیاندا بچنەوەو بێنە سەر ڕێگای ڕاست‌و واز لەکوفر بێنن!!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٢

ئەگەر خۆر هەڵهات بە یادی خودا پێشوازی بکە..

ئەگەر خۆر ئاوابوو بە یادی خودا ماڵ ئاوایی لێبکە..

ئەوە دەبێتە چاودێری پەروەردگار لەهەموو ڕۆژەکەتدا...

چاودێری دڵت دەکات لە پەراگەندە و ماندوو بوون.

((ئەی ئەو کە سانەی ئیمانتان هێناوەو بڕواتان بەتاكو تەنهایی خوداو را ستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەی هێناوە، بەدڵو بەزوبان یادی خودا بکەن، بەجۆرێك ئەو ذیکرو یادە هەستو شعورتان داپۆشێ، بەهەموو حاڵو وەزعێکتان لە سەرەتای ڕۆژو ئێوارەدا، لەهەموو کاتو شوێنێکدا تر سی خوداتان هەبێ، نوێژەکانتان بەرێكو پێکی ئەنجام بدەن. خودای مەزن لەهەموو عەیبو کەمو کوڕییەك بەدوور بگرن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾﴾ الأحزاب: ٥٩

ئەی بەندەی خودا.. ئەگەر تۆ ئەتەوێت فەرمان بە چاکە بکەیت و ڕێگری لە خراپە بکەیت، ئەوە لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانتەوە دەســـت پێ بکە... چونکە ئەوان لە پێشـــترین خەڵکانێکن گرنگیان پێ بدەیت و ئامۆژگاریان بکەیت.

((ئەی پێغەمبەری خۆ شەوی ستا فەرمان بەهاو سەرەکانتو ک چەکانتو ئافرەتانی مو سوڵمان بکەو پێیان بڵێ: با پە چەو چار شێوەکانیان بە سەر خۆیاندا بدەنو دایبدەنەوە بەسەر دەمو چاوو گەردنو ملیاندا، چونکە ئەم شێوە نزیکترە بەوە: کە ئەوانە بنا سرێنو بزاندرێ کێنو چ کە سن، دوڕوو شەقاوەو چاوبرسیو داوێن پیسەکان تێبگەن: کە ئەوانە ئافرەتانی روسورو خاوەن حەیاو داوێنپاکو خاوەن ڕێزن، لەو ئافرەتانە نین سەرەرێیان لـ ـێ بگیرێو تەماعی بێ رەو شتییان لـ ـێ بکرێ. ئیتر لێیان دوور دەکەونەوەو ئافرەتەکان بەق سەی نا شیرینو نابەجێ ئازار نادرێن، پەروەردگار لەکەمتەرخەمی لەوەپێ شیان خۆش دەبێ: کە بەبا شی پە چەو چار شێوی خۆیان دانەداوەتەوەو پاشگوێیان خستووە، هەروەها لێخۆشبووە بۆ ئەوانەی پابەندی فەرمانی پەروەردگارن دەربارەی پەچەو چارشێو، وەلـ ـێ بەهەڵە وا رێ دەکەوێ کەمتەرخەمی تێدا دەکەن، رەحمەتو میهرەبانی خودا وا سیعو بەرفراوانە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ ﴿٣﴾ ﴾

يوسف: ٣

((خودای پەروەردگار باشـــترین چیرۆک بۆ پەیامبەر (ﷺ) و هاوەڵە بەڕیزەکـان دەگێڕێتەوە! تۆش بڕواداران بێ بەش مەکە لەوەی کە چیرۆک و پەنـد و ئـامۆژگـاری و وتەی پەنـد ئـامێزەکـانی چیرۆکی پەیامبەران بۆ خەڵک باس بکەیت.

دەزانیت بۆچی؟!

چونکە چیرۆک دڵ نەرم دەکات و دەســت لە دڵەکان دەدات و، دەبێتە هاودەمی خەمەکان.

لاوازەکـان بەهـێـز دەکـات، کەوتـووەکـان دەردەچـێـنـێـت، شـکســتخواردووەکـان ســەرکەوتوو دەکـات، کەمتەرخەمەکـان دەگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا، چاکەکاران چاکتر دەکات)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ الشورى: ٢٥

برای ئیماندار..

خوشکی ئیماندار..

دەستپێشخەری بکەن و، پەلە بکەن بۆ پەشیمان بوونەوە ... خودای پەروەردگار زۆری پێخۆشە تۆ پەشیمانی دەربڕیت، وەک چۆن تۆ لە مردن ڕزگارت ببێت خۆشحاڵ دەبیت .. لەو کەسە نەدارە زیاتر خۆشحاڵتر دەبێت کە لە پڕێکا ناز و گۆزێکی زۆری دونیای دەست بکەوێت.

**((پەروەردگار تۆبەو پەشیمانی لە بەندە گوناهبارەکانی وەردەگرێ، لەتاوانی رابوردویان خۆش دەبێ، دەزانێ چی دەکەن لەخێرو شەڕ)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾
الزخرف: ٤٧

گاڵتەکردنی پووچگەرا و سەرگەردانەکان بە یەکتاپەرستی شتێکی سەیر و نوێ نییە!

هیچ پەیامبەرێک نەبووە کە هۆزەکەی گاڵتەی پێ نەکردبێت!

لەسەر ڕاستی ئارامگر و، خۆڕاگر بە..

خودای پەروەردگار ڕاستی سەردەخات و لووتی نەیاران و پووچگەرایان دەشکێنێت،

ڕاستی بەرز ڕادەگرێت، بەڵا و مەینەتی لەسەر هەموو پەیامبەرانی لا دەبات.

((کاتێك حەزرەتی موو سا ئەو موعجیزانەی نیـ شاندان یەک سەر فیرعەون‌و جەماعەتەکەی پێکەنینیان پێ هاتن‌و گاڵتەیان پێ کردن‌و بەدرۆیان خستەوە، سەر رەقییان نیشاندا)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسۡعٌ وَتِسۡعُونَ نَعۡجَةً وَلِىَ نَعۡجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكۡفِلۡنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٣﴾ ﴾ ص: ٢٣

چەند گوتارێکی جوانە!

چەند گلەییەکی جوانە!

خودا لە هەڵەیەک خۆش دەبێت بەر لەوەی لە هۆکارەکەی بپرسێت!

چەند میهرەبانیت!

خودایە گیان چەند جوانیت!



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ ﴿١٨٣﴾ ﴾ الأعراف: ١٨٣

ئەی پەیامبەر (ﷺ)

ئارخەیان بە..

فێڵ و تەڵەکەی نەیارانی دین هەرچەند گەورە بێت، تۆ دڵنیابە کە بەرپەرچدانەوەی خودا

زۆر گەورەترە لە تەڵەکەیان..

((مۆڵەتی ئەو گرۆهە بەدرۆخەرەوانە دەدەم، تەمەنیان درێژ دەکەم، هۆکاری ژیانیان بۆ زۆر دەکەمو، ماڵو سامانیان دەدەمێ، بەڵام بێگومان نەخشەو تەگبیری من بۆ لەناو بردنو تۆڵە لێ ستاندنیان بەهێزو تۆکمەیە!)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ ٧﴾ التين: ٧

مرۆڤەکان...

چی وای لێکردوویت کە پەیـامبەران و ڕۆژی لێپرســـینەوە و وەرگرتنەوە پاداشت بە درۆ بزانیت؟!

خودای پەروەردگار تۆی لە نەبوونەوە بەدی هێناوە و، بە جوانترین شێوە دروستی کردوویت، هەرکەس بت بینێت ستایشی خودا دەکات لەو بەدی هێنانەی و، لەو توانا بێ کۆتایە لە دروستکردنتدا..

ئەوە دەسەڵاتی خودای گەورەیە...

**((وێڕای ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلانە لە سەر دە سەڵاتی خودا بە سەر هەموو شتێکدا، چی وا لەتۆ دەکا ئەی ئادەمیزاد کە هاتنی قیامەت بەدرۆ بخەیەوە؟ ئەی ئادەمیزاد ئەتۆ بەچاوی خۆت دەبینی سەرەتای ئادەمیزاد چۆنەو چۆن پێ دەگاو هێزو توانا پەیدا دەکاو دوایی چۆن پیر دەبێو هێزو توانای نامێنێ، دەی کە سێك بتوانی ئادەمیزاد لەنەبونەوە بێنێتە وجودو ئەو هەموو گۆڕانکارییانە بەسەر ژیانیدا بێنێ، بێگومان دەتوانێ دوای مردنیشی جارێکی تر زیندوی بکاتەوەو کێ شی بکا بۆ سارای مەحـ شەرو حیـ سابو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکا، کەوابێ دەبێ چ شتێك هەبێ تۆ هەڵنێ بۆ ئەوەی بڕوا بەڕابوونی قیامەت نەکەی؟)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ۝٧ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ۝٨﴾ الشرح: ٧ - ٨

هەرگیز پشـــت بە مرۆڤەکان مەبەســـتە تەنها هاوار بۆ خودای تاک و تەنهـا و خـاوەن دەســـەڵات ببە لە هەموو کـاروبـارەکـانی دونیـا و دوارۆژدا تەنها داوا لە خودا بکە.

((هەرکاتێك لەڕاگەیاندنی بانگەوازی بویتەوە، یان جیهادو تێکۆ شانو کاروباری خۆت ئەنجام دا، ڕووبکەرە عیبادەت کردنو لەخودا پاڕانەوەو داوا لەخودا بکە کارەکانت بۆ هەڵسوڕێنێ، بەڕاستاڵیو دڵسۆزی ڕووبکەرە خوداو نیازو مەبە ستت پاكو خاوێن بکەرەوە. ڕووبکەرە خوداو هەموو نیازو مەبە ستێکت ئاڕا ستەی خودای خۆت بکە، نزا بۆ خودا بکەو لێی بپاڕێرەوە تر ست لە دۆزەخ بێو بەتەما بەهە شتی ڕازاوە بە، پادا شی ماندوبوونو هەوڵو تەقەڵای بەردەوامت هەر لەخودا داوا بکە)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ ﴾ الكافرون: ١

ئیبنو عەباس دەفەرموێت:

((هیچ سورەتێک نییە ئیبلیس هێندەی سورەتی (کافرون) ڕقی لێی بێت لە قورئاندا، چونکە یەکتاپەرستی تەواو و، پشت کردنە هاوبەشی دانانی تیایە)).

((ئەی محمد! بەکافرەکانی قورەیش بڵێ: ئەی بێ بڕواییینە، ئەی هاوبەش دانەران بۆ خودا، من هەرگیزاو هەرگیز عیبادەتی ئەو بتو صەنەمانە ناکەم؛ کە ئێوە دەیانپەرستن، بەهیچ شێوەیەك بەندایەتی ئەو خودا درۆزنانە ناکەم)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ﴾ الإخلاص: ١

یەکتاپەرستی تەواو لە ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ دایە.

خودای پەروەردگار تاک و تەنهایە لە باڵادەستی و سیفەتەکانی، هیچ کەم و کورتی و ناڕێکی تیا نییە..

گەورەترین یاد و وەبیرهێنانەوە گوتەی: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ یە.

چونکە ئەمە وشـەی یەکتاپەرسـتی و بێ هاوبەشـییە، یەکتاپەرسـتیش واتە هـاوشـــێوە و هـاوچەشـــنی نییە.. خودای پەروەردگـار تـاکە پەرستراوی ڕاستییە، هیچ شتێک هاوشـانی خودای پەروەردگار نییە، ئەو تەنها و بێ هاوەڵە...

((ئەی محمد! بەو کە سانە بڵێ: کە پر سیارت لێ دەکەن خودای تۆ چۆنەو چیە؟ بڵێ: خەبەری ڕاستو واقیع ئەوەیە ئەو خودایە کە (واجب الوجود)ە، بوونی پێویـ ستەو نەبوونی نابێ، ناوی (الله)یەو تاکو تەنهایە لەزاتو سیفاتیدا، کەس هاوەڵی نیەو بێ نموونەو هاوشانە، واتە: ئەو خودایەی ئێوە دەینا سنو دان بەوەدا دەنێن، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە ئێوە شی بەدیهێناوە یەکەو تاکو تەنهایە لەخودایەتیدا. کەس هاو شانی نیە لەخودایەتیدا، لەهەموو ڕویەکەوە تاکو تەنهایە!!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ ﴾ الإخلاص: ٢

**((هەر ئەڵڵا داوای لێ دەکرێ بۆ دابین کردنی پێویستی، بۆ هەموو کارێك داوا لەو دەکرێ، چونکە هەر ئەو دەتوانێ بەهانای ئاتاجانەوە بێ، واتە: (الله) ئەو خودایەیە هەموو دروستکراوێك پەنای بۆ دەبا، کەس بێ ئەو ناتوانێ ببێ و بژی، هەموو کەس موحتاجی ئەوە)).**

پەناپێگیراو ناوێکە بەر لە جەستە دڵەکان هەڵدەلەرزێت بە هۆی شکۆ و جوانییەوە پەناپێگیراو هەموو بەندەیەک پەنای بۆ دەبات

هەموو تاکێک هاواری تێ دەکات

داوای ڕزگار بوونی لێ دەکات

بەدی هێنراو زۆرتر پێویستی بە کەسێکە پشتی بگرێت، بەسە خودای ئەمر لە پشتی بێت.

بۆیە...

پەنا بۆ خودا ببە، لە کاتی ناخۆشیدا تۆی لە بیرە، بە ئەندازەی

پەنا پێگرتنت توانا و هیمەتت بەرز دەبێتەوە، غەم و پەژارەکەش لا دەبات..



Scanned with CamScanner

پاشـــان خودای پەروەردگار، پاک و بێگەردە لە خەســڵەت و ناوە پیرۆزەکانی، دەرگا نەک تەنها بە ڕووی

دۆستەکانی، بەڵکوو بە ڕووی هەموو بوونەوەردا دەکاتەوە،

ئەمەش لە ســـۆز و میهر و بەخشـــندەیی خودای پەروەردگارە بۆ بەندەکانی...

ئەوە بێباوەڕانن کاتێک تووشی ناخۆشییەک دەبن، یەکسەر دەیانەوێت بمرن و

پەنا بۆ خۆکوژی دەبەنەوە..

پەنا بۆ بێنیازی تاک و تەنها بەرە...

هاواری لێ بکە: خودایە! خودایە!

بۆ ڕزگاربوون..

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: قَالَ تَعَالَى: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٦٥

ئەو موشـــریکانە دانیان نابوو بەوەی کە (الله) خودایانە، بەڵام بە هۆی لووت بەرزی و ملهوڕ بوونیان یەکتاپەرست نەبوون.

بۆیە ئەمانە پەنایان نەدەبرد بۆ پەروەردگار تا ئەو کاتەی خۆیان ویستیان نەبووبێت، واتە لە کاتی بوونی زیاندا پەنایان دەبرد بۆی.

پێویستە ئارخەیان بیت..

خودای گەورە لە کاتی ناچاریدا وەڵامی بێباوەڕان دەداتەوە..

ئەی چی دەڵێیت دەربارەی ئەو بەندانەی دانیان ناوە بە یەکتایی خودا و، محمد نێردراوی خودایە؟!



Scanned with CamScanner

بۆ ساتێکیش خۆت دڵگران مەکە، ئەوەی پەنای بۆ دەبەیت هەرگیز بێ ئومێد و، دەستبەردات نابێت.

بیرت بێت چاوەڕوانی سەرکەوتن پەرستشێکی زۆر گەورەیە پێویستە چێژی لێ ببینیت...

لە سوننەنی ئەبو داودا هاتووە..

پەیامبەری خودا (ﷺ) ڕۆشـــتە نـاو مزگەوت گوێی لێبوو پیـاوێک دەیوت:

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ يَا أَللهُ بِأَنَّكَ الْوَاحِدُ الأَحَدُ، الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ، أَنْ تَغْفِرَ لِي ذُنُوبِي، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ))

پەیامبەر (ﷺ) فەرموی: "بە ڕاســـتی لێخۆشـــبوونی بەدەســـت هێنا" سێجار ئەمەی دووبارە کردەوە.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: "بە ڕاســـتی بە ناوێک داوای لە خودا کرد داوای هەرچی بکات بەو ناوانە پێی دەبەخشێت".

ئەو تاکە پەرســـتراوێکە کە ناوەکانی هاوتای ماناکەیەتی و، هەموو ناچارەکان پەنای بۆ دەبەن و، هاودەمی ویژدانە بێکەسەکانە.

خودایە ئەی تاکی پەنا بۆ هێنراو.. داوای فیردەوســـی باڵا دەکەین و، هەرچی بە کردەوە و وتە لە بەهەشتمان نزیک دەکاتەوە، پەنا دەگرین بە ئاگر و، هەرچی لە وتەو لە کردەوە کە لە ئاگرمان نزیک دەکاتەوە.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ ﴾ الإخلاص: ٣

پەنا بە خودا ئەو تاکە و

هیچ هاودەم و منداڵی نییە

ئەو گەورەیە و تەواوی مانای گەورەیی تیایە

خاوەن شکۆیە و تەواوی شکۆمەندی تیایە

مەزنە و تەواوی مەزنی لەو دایە

لەسەرخۆیە و تەواوی لەسەرخۆیی هەیە

بێنیاز لە هەموو شتێک

بە ڕاستی ئەم تایبەتمەندیانە تەنها لە پەروەردگاردا هەیە..

خودای پەروەردگار هیچ ناخوات و هیچ ناخواتەوە..

ئەو خۆی ڕۆزیدەر و ڕۆزی گرەوەیە لە بەندەکانی.

ئەو پادشای هەموو جیهانیانە و خاوەنی دەسەڵاتە.

**((منداڵی لێ نەبووە، لەکە سیش نەبووە، نە منداڵی هەیە نە باوكو دایکی هەیە، چونکە زاتێکە لەکەس نا چێ، قەدیمەو سەرەتای بوونی نیە، کاتێك نەبووە ئەو نەبووبێ، قەبارەو مادە نیە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤ ﴾ الإخلاص: ٤

بەندەیەکی بەدیهێنراوی لاواز گەورە مەکەن و، پشت بکەنە دەسەڵاتی خودای پەروەردگار، لە کاتێکدا دەزانن ئەوەیە یەکەمیان سەر ئەنجام دەبێتەوە خۆل و، دەسەڵاتی دووەمیان بەهیچ هێز و دەسەڵاتێک بەراورد ناکرێت و هەرگیز لەبن نایەت،

تەنها ئەو دەمێنێتەوە، هەمووان کاروانچین..

پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی لە ڕۆژێک هەموو بوونەوران دەمرێنێت و، ئەرز و ئاسمان وەک نامە دەپێچێتەوە و دەفەرموێت:

من خاوەن دەسەلاتم!

من خاوەن دەسەلاتم !

من خاوەن دەسەلاتم!

**((کەس نیە هاو شانی ئەو بێ، نە لەحەقیقەتی بوونیدا، نە لەحەقیقەتی فەرمانو کردەوەیدا، خودایەکە بەبێ ئیزنو مە شیئەتی ئەو هیچ کارێك ئەنجام نادرێ)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَنَٰدَيۡنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنِ وَقَرَّبۡنَٰهُ نَجِيّٗا ٥٢﴾
مريم: ٥٢

ئەگەر ئەتەویت نزیک بیت لە پەروەردگارەوە..
پێویستە زۆر نزا و پاڕانەوە ئەنجام بدەیت.

**((لەلای را ستی کێوی طورەوە بانگمان لەمو سا کردو ئاخاوتنمان لەگەڵدا ئەنجامدا، واتە: لەو شوێنەوە: کە کەوتبوە دە ستە را ستی موو سا لەو کاتەدا کە لە(مەدیەن)وە دەگەڕایەوە بۆ میصر ئێمە نیگامان بۆ کردو هەواڵمان پێ دا: کە کردوومانە بەپێغەمبەرو رابەری نەتەوەی ئی سرائیل. لەو کاتەوە بووە تە (کلیم الله)و فرو س تادە ئە مجار دوای خن کانی فیر عەونو دارو دە ستەکەی وادەمان پێدا بۆ سەرکێوی طوورو لەوێ تەوراتمان بۆ ناردە خوارێ. پلەو پایەی ئەومان لەخۆ نزیك کردەوە، رێزو شکۆمەندیمان پێدا، لەکاتێکدا را ستەوخۆو بێ ناوەند بەنهێنی گوفتو گۆی لەگەڵ کردین، واتە: رێزو شەرەفێکمان پێ بەخ شی گەیی شتە ئەو پلەو پایە: کە ئاخاوتنمان لەگەڵدا کردو کردمانە قـ سە لەگەڵ کراوی خۆمان، لەعالەمی ئەرواحدا پلەو پایەمان ئەوەندە بەرز کردەوە، وەکووئەوە قسە لەگەڵ کە سێکی نزیکدا بکا بەشێوەی چپە کردن!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ۝٦ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ۝٧ ﴾ القارعة: ٦-٧

چی پێوانەی کردەوەکان قورس دەکات؟!

**(سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم)**

خودایە پێوانەی کردەوەکانمان قورس بکە.

**((جا هەرکە سێك لەتەرازوی ئەعمالدا کردەوە چاکەکانی زۆرترن لەکردەوە خراپەکانی، ئەوە دەکەوێتە ژیانێکی خۆشەوە وەها لێی ڕازیە هیچ ناگوزریەکی لێی نیە)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ الشورى: ٢٩

خودای پەروەردگـار دەتوانێـت ڕۆژی دوایی هەموو پێشـین و بوەونەورانی ئێسـتا و ئەوانەی کە لە ئایندەدا دێن لە یەک دەشـتدا کۆ بکاتەوە!

ئایا ناتوانێت دووان لەبەر ئەو یەکیان خۆشبوێت کۆ بکاتەوە؟!

ئایا ناتوانێت دوان لە پێناو ئەو لەیەک جیا بووبێتەوە کۆ بکاتەوە؟!

پەنا بە خودا وانییە.. بەڵکوو خودا تواناى هەموو شـتێکی هەیە.. ئەو خودای پەروەردگار و بە دەسەڵاتە!

**((برێك لە بەلگەو نیشانەی دەسەلاتو توانای خودا بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوییە بەو شێوە رێكو پێکە. هەروەها بەدیهێنانو بلاوکردنەوەی ئەو حەمکە زیندەوەرو گیانلەبەرانەی لە ئاسمانەکان دانو ئەوەی بەناو زەویدا دێنو دە چن. بە فریشتەو ئادەمیزادو جندۆکەو ئاژەلو باقی گیانلەبەرانی زۆرو هەمە جۆر بەهەموو شێوەو شکلو روخسارو سروشتیانەوە... کەوابێ ئادەمیزاد چی بکا ناتوانێ بزانێ ژیان چیەو لەچییەوە پەیدابووە، بە دەقی قورئان خودا زانیاری لەو بوارەدا عائید بەخۆی کردووە. بەلام زیندەوەرەکان بۆ خۆیان نیشانەی قودرەتی خودان، بەلگەن لەسەر دەسەلاتو کار دروستی پەروەردگار)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُۥٓ ءَايَةً لِّلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا ﴿٢١﴾﴾ مريم: ٢١

پەیامێک بۆ دڵت بنێرە پێی بڵێ: ئەســـتەم ڕوودەدات! وەک چۆن زەکەریا و، مەریەم، پێیان سەیربوو چۆن دەبێت ئەو کارە ئەستەمەیان تیا ڕووبدات.. خودای پەروەردگار وەڵام دەداتەوە ﴿هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ﴾

ئارام بە هەموو شت لای خودا ئاسانە..

**((جوبرائیل وتی: کارەکە بەو شێوەیە: کە پێت ڕاگەیاندرا، ئەوەی پێم گوتی: هەواڵێکی ڕا ستەو خۆت بۆ ئاکامی ئەو ڕوداوە ئامادە بکە. خودای تۆ فەرمووی: بەخ شینی کوڕێکی پاك و خاوێن و ڕەو شت بەرزو بێ گوناه لەلای من کارێکی ئاسانەو ماندوبوونی تێدا نیە. ئێمە ئەم کوڕەبەم شێوەیە، بەخاتو مەریەم دەبەخشین، بۆ ئەوەی بیکەینە نیشانە بۆ ئادەمیزاد، بزانن: خودا چەند بەدە سەڵات و توانایە، چەند موختارو ئازادە، چۆن هەر چی بیەوێ دەیکاو کەس نیە بتوانێ بەرهەڵ ستی بێ، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کوڕە ببێتە مایەی ڕەحمەت بۆ نەتەوەی ئی سرائیل بەتایبەتی‌و بۆ هەموو ئادەمیزاد بەگشتی. کارێکە بڕیار دراوەو بڕاوەتەوە!)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌ بِالْقَارِعَةِ ﴿٤﴾ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا بِالطَّاغِيَةِ ﴿٥﴾ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴿٦﴾ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ﴿٧﴾ فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّن بَاقِيَةٍ ﴿٨﴾ ﴾ الحاقة: ٤ - ٨

هاوڕێ گیان..

بزانە خودای پەروەردگار زۆر ئارامە

بەڵام گرتنی زۆر بە ئازار و بە سوێیە

لە پێشــوو و ئێســتا و ئایندە هەر هۆز و گەل و نەتەوەیەک دژایەتی خودایان کردبێت

تیا چوون..

ئەوەی لووتبەرزی ململانێی پەروەردگار بکات، بە ســەرگەرمبوون بە چاوچنۆکی دەیڕەنجێنێت، هێزی لەناو دەبات،

ڕیشەکێشی دەکات، شوێنەواری نامێنێت و، وەک نەبووی لێ دێت..

بەر لەوەی لووت بەرز بیت لە یادت بێت..

تۆ یەکەم کەس نەبوویت کە ململانێی پەروەردگار بکەیت

سەیرکە بزانە کێ سەرکەوتووە؟!



Scanned with CamScanner

گومـانی تیـا نییه خودای پەروەردگـار، خوایەتی خۆی دەکـات، ئەوان کوان؟! ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەواندا تێپەڕیوە ﴿ فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ ﴾ بیربکەرەوە و تێڕابمێنە.

((و شەی ﴿الۡحَآقَّةُ﴾ بەمانای قیامەتە. چونکە وادەو هەرە شەکانی خودای تێدا دێنەجی‌و حەقیقەتی تێدا دەردەکەوێ. واتە: ئەو قیامەتەی : کەوادەو بەڵێنی خودای تـێدا دێـنە جیٚو ڕۆژێکە هەر دێ‌و هەردە بێ بێد یارەو صیفاتی چۆنە؟ حەقیقەت و چۆنیەتی ئەو ڕۆژە هەر خودا خۆی دەزانێ چۆنەو کە سی تر دەرکی ناکا. ئەتۆ چوزانی ئەی پێغەمبەر؛ ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە، ئەو ڕۆژە زۆر لەوە گەورەترە زانیاری‌و تێگەیی شتی ئادەمیزاد پەی پێ بەرێ، گەلی ئەمودو (قەومی صاڵح) و گەلی عاد(قەومی هود) هاتنی قیامەتیان بەدرۆزانی. و شەی(قارعة)کە مەبە ست پێی قیامەتە، بەمانا: بەڵاو کارە ساتێکە: کەدڵی ئادەمیزادەکان دەکوتی‌و هەموو شتێك لێك هەڵدەوە شێنی‌و تەفرو. توناى دەكا. ئەمجار سزای گەلە ستەمکارو بەدرۆخەرەوەکان دە ست نیـ شان دەکاو دەفەرموێ: گەلی ئەمودبەتەواویی لەناوبران بەگرمەو پیا هەڵ شاخانێکی لەرادەبەدەر، دەنگێکی تا سێنەرو راتڵەقاندنێکی بێ ئەندازەو گرمەو ناڵەیەکی زەندەقبەر، لەماوەیەکی کورت و کەمخایەن دا ڕیـ شەکێـ شی کردن، گەلی عاد لەناوبران و ئا سەواریان نەما بەڕەشەبایەکی دەنگ تیژو زۆر ساردو ریشەکێشکەرو ترسناك و درێژخایەن، بەتەوژمی‌و درێژخایەنی ڕە شەباکە بڕ ستی لێ بڕین، خودا ئەو ڕە شەبایەی لە سەر هەڵگردن حەوت شەوو هە شت ڕۆژ بەردەوام بوو بێ وە ستانەوەو بروکە پێدان، زیخ و بەردی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو بە سەریدا دەکردن و لەناوی دەبردن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ ۚ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٤٠

الدولە: گواستنەوەیە لە دۆخێکە و بۆ دۆخێکی دیکە

لە نیگەرانییەوە بۆ خۆشی

لە نەخۆشییەوە بۆ تەندروستی

لە هەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی

بە پێچەوانەیشەوە.

نیگەران مەبە..

پشت بە خودا هەمووی چەند ڕۆژێکە، نەک چەند مانگ و ساڵ.

پێویستە ئەو بزانیت کە ڕۆژگار لەسەر یەک شێوە جێگری نییە.

گەشبین بە، گومانی باشت بە خودا هەبێت..



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ البقرة: ٤٥

حوزەیفە دەگێڕێتەوە: "هەرکات پەیامبەر (ﷺ) تووشـــی نەهامەتییەک بوایە دەرۆشـــت نوێژی دەکرد" نوێژ و نزا فێرت دەکەن چۆن لە کاتی کەوتنـدا خۆڕاگر بیت. بۆیە کـاتێک ئیبن و عەبـاس هەواڵی مردنی براکەیان پێدا، لە کاروانییەکە لایدا و لە ڕۆخی ڕێگاکە نوێژی کرد بۆ شـــوێنکەوتنی ئەو فەرمانەی خودای پەروەردگار: ﴿ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ ﴾ ئەی بەندەی خودا مژدەت لێبێت چارەســـەر پەژارەکانت ئەوەیە لە بەردەســت پەروەردگاردا بە ملکەچی و ڕێزەوە بوەسـتیت. وابکە ئەم ئایەتە لە ناختدا ڕەگ دابکوتێت و بە ناختدا بڕواتە خوارەوە و هەمیشە لەبەرچاوت بێت.

((لەهەموو تەنگانەو پێداویـ ستییەکانتانا، لەکاتی بەلاو مو سیبەتدا پەنا بەرن بۆ صەبرو خۆڕاگری‌و گەڕانەوە بۆلای خوداو ڕۆژوو گرتن، واتە: صەبرو نوێژ بکەن بە قەڵغان‌و سوپەر بۆ هەموو تەنگانەو ئاستەنگ‌و گیرو گرفتێك. بێگومان بەجێ هێنانی نوێژەکان لەکاتی خۆیانداو ئەنجام دانیان وەکوو پێویـ ست کارێکی قورس‌و گرانە، مەگەر بۆ کە سانێك نەبێ کە لەخوداترسن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمۡ تَرَوۡهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٦﴾ التوبة: ٢٦

ئیبنو قەیم دەفەرموێت:

هەرکات ئیبن و تەیمییە تووشی نارەحەتییەک بوایە ئایەتەکانی دلنیایی دەخوێند، منیش بۆ خۆم ئەوەم تاقی کردووەتەوە،

کاریگەری زۆر زۆری لەسەرم هەبووە و ئاسوودە و دڵنیای کردووم،

خوای پەروەردگار لەم پێنج ئایەتەی کە ئارامی بەخش ناســـراون، خودای پەروەردگار مرۆڤی دڵنیا کردووەتەوە:

١- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمۡ تَرَوۡهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٦﴾ التوبة: ٢٦

**((ئەمجار عینایەو کۆمەگی خودا فریاتان کەوت، دڵ ئارامیو خۆگری بەسەر پێغەمبەرو ئەو هاوەڵانەی لەخزمەتیا مابوونەوە باراند، دڵی پڕکردن لەهیواو ئاواتی سەرکەوتن، ئەو غەمو پەژارەی کە توو شی پێغەمبەر بوو بەهۆی تێ شکانو هەڵاتنی زوربەی مو سوڵمانەکانەوە لا چوو نەما، هەڵاتنی ئەوان زێدە ورەبەرزیو ئازایەتی بەپێغەمبەر بەخ شیو زیاتر سوور بوو لە سەر هێرش بردنو پەلا ماردانی دوژمن. بۆ بەهێز کردنی دڵی مو سوڵمانەکان فریـ شتەی ناردنە خوارێ بۆ کۆمەگی پێکردنیان کە ئێوە**



Scanned with CamScanner

بەچاو نەتان بینین، بەڵکوو ئاسەوارەکەیان لەدڵی خۆتان دا بینیو هەستتان پێ کرد، کە بریتی بوو لەوره بەرزیو بەخۆدا چوونەوەو سەرلەنوێ هەڵمەت بردنو پەلامار دانی دوژمنو شکاندنی لێ کۆ شتنو بەدیل گرتنی زۆر لێیان. سزای ئەوانەی دا کە کافر بوون بەکو شتنو بەدیل گرتنو تێشکانو راونانو ریسوا بوونیان ئائەوەیە: سزای ئەوانەی کافرن لەدونیا دا، هەتا ئەوان کوفر بەسەر ئیسلام دا هەڵبژێرنو دژایەتی موسوڵمانان بکەنو شەڕیان لەدژ بکەن ئەوە حاڵیان دەبێ)).

٢- قَالَ تَعَالَى: ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ التوبة: ٤٠

((ئەگەر ئێوە یارمەتی پێغەمبەری خودا نەدەن، لەگەڵی دا نەچن بۆ جیهاد، ئەوە خودا کۆ مەگی پێ دە کاو یار مە تدەری دەبێ، کە سێکیش خودا یارمەتدەری بێ بەسیەتیو حەوێجەی بەکەسی ترنیە. خودا یارمەتی دەداو وەکوو چۆن ساڵی کۆچ یارمەتی دا کاتێك کافرەکان تەنگیان پێ هەڵ چنیو پیلانیان بۆ دادەڕشتن بەکوشتن، بەبەندکردن، بەدەرکردن. پێغەمبەر (ﷺ) بەفەرمانی خودا کۆ چی کرد لەگەڵ هاوەڵی خۆ شەویستی دا ئەبو بەکری صدیق حاڵی پێغەمبەر بەم جۆرە بوو یەکێ بوو لەدوو کەس، نە سوپای کۆچکەرانو نەسوپای یارمەتیدەرانی لەگەڵ دا بوو، بەڵکوو تەنیا دوو کەس بوون؛ خۆیو ئەبو بەکری هەوالی لەو کاتەدا کە لەناو غاری حیرا دا بوون، کە ئە شکەوتێکە لەکێوی (ثەور) سەعاتە رێیی لەمەککە دوورە. لەو کاتەدا

که ئەبو بەکری هاورێی چاوی بەکافرەکان کەوت کە هاتبوونە دەرگای ئە شکەوتەکە تر سی لێ نیـ شت لەوە کە بیان بینن‌و بیانگرن‌و بیانکوژن، بەپێغەمبەری وت: ئەگەر تەما شای بەرقا چی خۆیان بکەن ئێمە دەبینن. پێغەمبەر (ﷺ) بۆ د ڵدا نەوەی ئەبو بەکر فەرمووی: مەتر سە خودا لەگەڵمانە، یارمەتیمان دەداو دەمان پارێزێ. ئەمجار پەروەردگار ئارامی خۆی ناردە خوارێ بۆ سەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ) یان بۆ سەر دڵی ئەبو بەکر، ئیبنو عەبباس‌و هی تریش دەفەرمون: مەبە ست ئەبو بەکر بێ با شترە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەموو کاتێ دڵئارام بووەو تر سی نەبوە. کۆمەگی پێغەمبەری خۆی کرد بەسەربازو لەشکرێك کە ئێوە نەتان بینی، کە بریتی بوو لەفریـ شتە رۆژی جەنگی بەدرو رۆژی جەنگی ئەحزاب‌و رۆژی جەنگی ئوحود یارمەتیان دا. پەروەردگار وای کرد دروشمی کافرانی ژێر خـ ستو ئاوات‌و هومێدیان نەهاتە دی‌و تێشکان‌و زەلیل‌و ریسوا بوون. رستەی (لا اله الا الله، محمد ر سول الله)ی سەرخـست بانگەوازی بۆ ئیـسلامی پێش خـستو وەگەرخـ ست. ئەمە ئەگەر بە (مەنـ صوبی) بخوێنرێتەوە. ئەگەر بەمەرفووعی بخوێندرێتەوە ئەو کاتە ماناکەی بەهێزتر دەبێ واتە: هەر دروشمی خودا، رستەی لەسەرەوەیەو پایەدارەو هەر ئەو سەرکەوتووە. خودا عەزیزو باڵا دەستە، هەر کەسێك پەنا بەئەو بەرێ پارێزراوو سەرکەوتووە، حەکیم‌و دانایە لەکردارو گوفتاری دا، هەموو گوفتارو کارێکی لەجێی خۆی دایەوەو هیچ شتێکی بێ حیکمەت نیە)).

٣- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ۝ ﴾ الفتح: ٤

پەروەردگار خودایەکی وەهایە رۆژی صوڵحی حودەیبیە ئارامی‌و وەرەبەرزی خستە دڵی خودا پەرستانەوە، لەو رۆژەدا مەردایەتیان نواندو فەرمانبەرداری



Scanned with CamScanner

حوكمی خودا بوون، بەدڵ سۆزیو لێبڕانەوە خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ وڕووو بەڕووو بوونەوەی دوژمن، خودا ورەبەرزی پێ بەخ شین بۆ ئەوەی دڵە کوتە یان پێ نەگاو لەتەنگانە دا ئەژنۆیان نەلەرزنو چەوا شەیی ڕویان تێ نەکا، هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیایی زیاتریان پێ ببەخ شێو ئیمانیان بەهێز بێ. گیانی مەعنەوییان بەرز بێ تەوە..! پەروەردگار خۆی هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە بەفری شتەو ئادەمیزادو جندۆکەو شەیاتینیو هەموو هێزو وزەکەونییەکانی وەکوو بوومەلەرزەو بورکانو زریان ڕە شەباو لافاو دەریاو شتەکانی تر)).

٤- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ ﴾ الفتح: ١٨

((بێگومان خودا ڕەزامەندیی خۆی لەو مو سوڵمانانە راگەیاند: کەلەژێر درەختی (سمرە)دا بەڵێنیان بەتۆدا ئەی پێغەمبەر: لە سەر ئەوە: کەدژی قومڕەی شیەکان بجەنگنو بەگیانو ماڵ بەرگری لەپەیامی ئی سلام بکەنو گۆڕەپانی روبەروبوونەوە چۆڵ نەکەن، ریوایەت کراوە: ئەو هاوەڵانەی بەڵێنی فیداکارییان بەپێغەمبەر دا، ژمارەیان هەزارو چوار سەد کەس بوون، پەروەردگار ئاگاداری ناودڵیان بوو، دەیزانی بیروباوەڕو را ستیو دڵ سۆزیو ئەمەكو فەرمانبەردارییان تێدایە، ئارامیو تە سکینی زیاتر خ ستە ناو دەروونیانەوە. سەرکەوتنی خەیبەری بەن سیب کردن، دوابەدوای سەروەری غەزای خەیبەر، رزگارکردنی مەککە شی بۆ دە ستەبەرکردن، ئەمجار سەرکەوتنو بالادە ستی فرەی پێ بەخ شینو وڵاتی تریان کۆنترۆڵ کردن سەروەری یەك لەدوایەکی باقی کیشوەرو وڵاتانی تریان بۆ دەستەبەرکرا)).



Scanned with CamScanner

٥- قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَىٰ وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴿٢٦﴾ ﴾ الفتح: ٢٦

((لەوکاتەدا سزامان دەدان: کە ئەو بێ باوەڕو بتپەر ستانە کەللە رەقیو نەفامی خۆیان خ ستەکارو گوێیان بەبەڵگەو نیـ شانەو حیوارو مەنتیقی عەقڵ نەدا, تێکڕا وتیان سوێندمان بە (لاتو عوزا) ناهێڵین مو سوڵمانەکان بێنە ناو مەککەوە، هەروەها نەیانهێـ شت لە سەرەتای ئا شتینامەی (حودەیبیە)دا ر ستەی (بـ سم الله الرحمن الرحيم)و (محمد ر سول الله) بنوسرێ .. ئیتر پەروەردگار ئارامیو پشوو درێژی خستە ناو دڵی پێغەمبەرو هاوەڵانیەوە، دەمارگیری نەیگرتن و بەمەرجو پێـ شنیاری کافرەکان رازی بوونو ئا شتینامەی حودەیبیەی لـ ێ کەوتەوە: کەدەروازەی رزگارکردنی مەککە بوو, لەهەمان کات دا خودا ر شتەی شایەتومانو بیروباوەڕی یەکتاپەرستنی لەدڵی موسوڵمانەکان دا بەهێزترکردو وای لـ ێ کردن رێزی حەرەم بگرنو شەڕی تێدا نەکەن)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ ﴾ الإنسان: ٩

((نەوەکوو ئێمە ئەم خواردن و پێداویـ ستیانەتان پێ دەدەین تەنها لەبەر خاتری رەزامەندیی خودایەو بەس ! هیچ منەتتان بە سەردا ناکەین، پاداشمان لەئێوە ناوێ، شوکرو سوپاسی ئێوەمان مەبەست نیە، بەتەما هیچ پاساودانەوەیەکی ئێوە نین)).

نیگەران مەبە ئەگەر تۆ چاکەت لەگەڵ خەڵک کردووە، ئەوان بە گوفتار و کردار بە خراپە پاداشتیان دایەتەوە..



Scanned with CamScanner

ئەم ئایەتە بکە دروشمی خۆت لە هەموو کارەکانتدا: ﴿ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ۝٩ ﴾

خودا هەرگیز چاکەکانی تۆ لە یاد ناکات، پاداشـــتی چاکەکانت دەداتەوە..

چونکە تۆ بەندەی ئەویت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُواْ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًاۖ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُۗ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَاۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾ ﴾ الشورى: ٤٨

مژده بێت ئەگەر براکەت یان کوڕەکەت یان هاوڕێکەت لە پەیامی ڕاستی لایان داوە! ئایا دڵی بە دەستی تۆیە!؟ دڵەکان بە دەستی پەروەردگارە خودا چۆنی بوێت دەیخاتە ئەو بارە. بەڵام ئەوەی لەسەر تۆیە: ﴿ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُۗ ﴾ ئارام بگرە لەسەر ئەو تاقیکردنەوە، بە شێوەیەکی دروست و پەسەند بە شەو و بە ڕۆژ بەردەوام بە لەسەر گەیاندنی بانگەوازەکەت، پاشان چاوەڕوانی سەرکەوتن لە خودا بکە.

((ئەگەر مو شریکەکان هەر سوربوون لە سەر کوفرو بێئیمانی خۆیان، بەبێ بانگەوازییەکەتەوە نەهاتن گوێیان بەپەیامەکەت نەدا، ئەوە خۆت دڵگیر مەکە، خۆیان بەرپر سیارن، ئێمە تۆمان ناردووە پەیامی خودایان بۆ ڕابگەیەنی، نەک چاودێرو ژمێریاری کارو کردەوەیان بی. ئێمە ئەگەر لە لوطف و نیعمە سانی خۆمانەوە نازو نیعمەت بە ئادەمیزاد دەبەخشین ساماندارو لەش ساغ و بێ ترس بێ، لەناو نازو نیعمەتی ئێمەدا بە تەندرو ستیوئارامی ژیان بە سەر بەرێ کەیفخۆش و تەڕدەماغە، شا بە سەپانی خۆی نازانێ و لەخۆی بایی دەبێ، خۆ ئەگەر بەهۆی کردەوەی ناپە سەندی خۆی توو شی چورتمێکی بکەین، هەژاری و گرانی و نەخۆشی و ترسی تووش دەبێ، ئیتر دەست دەکا بەناشوکری و کردن و نازو نیعمەتی لەوەپێ شی لەبیر دە چێتەوە کوفرانی نیعمەتەکانی خودا دەکا! ئەوە سرو شتی ئادەمیزاد، بێ چڵێدانە و سپڵە و بێ ئەزانە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ۞ ﴾ غافر: ٦٠

تۆ دەست پێشخەری بکە، خوداش کاروبارەکەت جێبەجێ دەکات.

**((ئەی بەندەکانم هاوارم لێ بکەن، لێم بپاڕێنەوە دوعاتان گیرا دەکەم، چونکە دوعاو پاڕانەوە بۆ خۆی عیبادەتە، بەڵکوو کاکڵەی عیبادەتە، دوعا بریتییە لەوەی لەخودا بپاڕێیەوە بۆ هێنانی سوودو لابردنی زیان، بۆ سەرفرازی دونیاو قیامەت، بۆ بەمراز گەیشتن و شاد بوون بە بەهەشت، ئەوەشمان لەیاد نەچێ پاڕانەوە لە غەیری خودا بێ سوودو بێ بایەخە تەنیا خودا دەتوانێ دوعا قبووڵ بکاو مەبەست بێنێتە جێ...).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا ﴿١٠٥﴾﴾

النساء: ١٠٥

خودای پەروەردگار لەگەڵ پەیامبەر (ﷺ) دەدوێت و، بابەتێک بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە بۆ بڕواداران زۆر گرنگە خۆیان ڕادەستی ئەم پەیامەی پەروەردگار بکەن، ئەو کارەش بریتییە لەوەی: پەیامبەر دەست وەرناداتە کاروبارەکانی خودای پەروەردگارەوە، ئەو تەنها گەیەنەری پەیامی پەروەردگارە، لەسەر ئێمەی بڕوادارانیش پێویستە کە گوێڕایەڵی پەیامبەر بکەین و، بڵێین: گوێڕایەڵی فەرمانین.

ئاگادار بە هەرگیز دەست وەرنەدەیتە کاروباری خودایی، نەڵێیت: من وام پێ باشە!

پێویستە خۆت بدەیت بە دەستی ئەوەوە، چونکە کاتێک فەرمانی خودا هات بۆچوونی تۆ دەورن نابینێت.



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ﴾ الفرقان: ٥٢

بۆ هەموو بانگخوازێک..

ئەگەر سەرکەوتنت دەوێت

پێویستە بانگەوازەکەت هاوتای قورئان بێت..

((ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! بەگوێی کافرەکان مەکە لەو شتانەی داوات لێدەکەن، کە دەڵێن: دژی خواکانی ئێمە مەدوێ، وەرە سەر بیرو باوەڕی ئێمەو ئەم جۆرە شتانە، بەڵکوو جیهادیان لەدژ بکە، بەهەموو چەکێك مادیو مەعنەوی لەگەڵیان بکەوە شەڕەوە، ئەوە قورئان بیکە چەکی کو شندەی خۆتو دژی مو شریکەکان بوە ستە. بێگومان ئەم قورئانە هێزو تواناو کاریگەرییەکیوای هەیە، ناتوانن بەرەنگارت ببنەوە. بەئا سانی دەتوانی بۆڕ یان بدەیو بە سەر یان دا زاڵ ببی، بەبێ ستنی نا یە تە کانی دڵیانوەلەرزەدێو هەنا سە بڕکێیان پێ دەکەوێو چی بکەن دەرەقەتت نایەن)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا
أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ
ضُرٍّ مَّسَّهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟
يَعْمَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ يونس: ١٢

خودای پەروەردگار دەزانێت ئاینده چی دەبێت، دەی چی دەبێت ئەگەر ئەوە ڕووبدات..

بڕوانە ئێرە..

خودا ناخۆشی لەسەریان لابرد، لەگەڵ ئەوەی ئەشیزانی کە بێ ئاگان لە سوپاسگوزاری بۆ خودا!

خودایە چەند میهرەبانیت بۆ بەندەکەت!

چەند جوان لەگەڵی دەجوڵێیتەوە.

خودایە سوپاس و ستایش بۆ تۆ، لە هەموو ئان و ساتێکدا...



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ ۖ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾

القصص: ٨٧

ئەگەر تۆ دەتەوێت بازرگانییەک بکەیت سوود بەخش بێت و زیان تیا نەکەیت، بانگەواز بۆ پەیامی خودایی بکە.. بە ڕاستی بانگەواز بۆ خودا بازرگانییەکی پڕ قازانج و سوود بەخشە، کۆی قازانجی ڕاستەقینەی سەرجەم دەستکەوتی دونیا و دوارۆژیشە.

(( سەرمنج لە کافرەکان مەدە، وریا بە کارت تێ نەکەن، گوێ مەدەرە دژایەتیکردنیان بۆ تۆ، پابەندی ویستو حەزی ئەوان مەبە. چونکە ئەگەر نەرمییان لەگەڵدا بنوێنیو بەقسەیان بکەی، ناهێڵن پەیامەکەت بگەیەنی، دەبنە کۆسپو لەمپەڕوله شوێنکەوتنی پەیامی خودا دەتگێڕنەوە. ئەی پێغەمبەر! بانگەوازیی بکە بۆ عیبادەتی خودای خۆت. بەبێ ترسو ڕاڕایی ئایینەکەی بڵاو بکەرەوە، بەئاشکرا بانگەوازیی خۆت ڕابگەیەنە. نەکەی لەگەڵ ئەوانە بی: کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوە، نەچیە پێڕی موشریکەکانەوە بەفتارەدەچیو دەفەوتێت، چونکە کەسێك ڕازی بێ بەڕێبازی ئەوان لەوانەو عەزابی ئەوانی بەردەکەوێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ ﴾

المائدة: ٣٨

دزی ناشـرینترین کاری ژن و پیاوە، بەڵام بۆ پیاو ناشـرینترە، چونکە پشـت دەکاتە هەوڵدان و کۆشـشـکردن بۆ پەیداکردنی ڕۆزی خۆی و ماڵ و منداڵی.

((پیاوی دزو ئافرەتی دز حوکمەکەیان ئەوەیە کە بۆتان دەخوێندرێتەوە، سزای تاوانەکانیانتان بۆ دیاری دەکەین، دەستیان ببڕن، وەکوو چۆن دەستی ئاژاوەگێڕو چەتەو ڕێگر دەبڕن! بەپێی حوکمی ئەم ئایەتە هەرکەسێ - پیاو بێ یان ئافرەت دزی بکاو لەسەری بچەسپێ مەرجی دزیەتی تێدا بێتە جێ، دە ستی را ستی لە جوموژگەوە دەبڕدرێ، ئەگەر دزییەکەی دووبارە کردەوە قا چی چەپی دەبڕدرێ، لە قاپەڕەقەیەوە! ئەمجار دە ستی چەپی، ئەمجار قا چی را ستی، ئەگەر هەر وازی لە دزی نەهێناو تەمێ نەبوو بەند دەکرێ! بڕینی دە ستی پیاوو ئافرەتی دز، تۆڵەو سزای کردەوەکەیانە، چونکە دە ستدرێژیان کردۆتە سەر ماڵی خەڵك، ڕیسوا کردنو پەند پێدانو تەمبێ کردنە لە خوداوە بۆیان، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەوڵ نەدەن ئەو تاوانە دووبارە بکەنەوە؛ هەروەها پەندو ئامۆژگارییە بۆ خەڵکی تریش کە خۆ لەو تاوانە بپارێزن. پەروەردگار بە تواناو باڵا دە ستە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی، چۆنی بوێ ئاوا یا سا دەردەکا، بە هێزو توانایە بۆ تۆڵە سەندنەوە لەوانەی تاوانی دزی ئەنجام دەدەن، دانایە لە یاسا داناندا، شەرعو یاسایەك دانانێ کە بەرژەوەندی گەلو وڵاتی تێدا نەبێ)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ ﴾ النور: ٢

داوێن پیســـــی نـاشـــــرینترین کـاری ژن و پیـاوە، بەڵام بۆ ئـافرەت ناشرینترە، لەبەر سروشتی مێینەی خۆی.

(( سزادانی ئافرەتی زیناکارو پیاوی زیناکار ئەگەر ئازادو باڵغو عاقڵ بوون، ئافرەتەکە شووی نەکردبوو پیاوەکەش ژنی نەهێنا بوو، ئەوە هەریەکەیان سەدجڵدی لێ دەدرێ. شایانی سەرنج لێ دانە، لێرەدا لەباسی زینادا ئافرەتی پێش پیاو خستووە کە چی لەباسی حەدی دزی دا پیاوی پێش خستووە، چونکە رێخۆشکەرەو دەواعی زینا زۆربەی کات لەئافرەتەکەوە دەبێ، عەیبدار بوونی ئافرەت بەزینا لە لەککەدار بوونی پیاو کاریگەرترە، بەڵام لەکاری دزی کردن دا زوربەی کات لەپیاوەوە دەبێو ئافرەت کەمتر پێکی شی دەکا. بۆیە لەباسی دزی دا پیاو پێش ئافرەت خراوە. ظاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ: کەحەدی زینا لێدانی سەد دارە. بەڵام بەفەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ جوداوازی خراوەتە نێوان ئافرەتی شوو کردو شوونەکردووەوە،



Scanned with CamScanner

هەروا پیاوێك ژنی هێنابێ یان نەیهێنابێ حەدیان جیاوازە. واتە: (محصن)و (غیر محصن) حەدی موحەصەن ئەو ژنەی شووی کردبێو ئەو پیاوەی ژنی هێنا بێ بەگوێرەی حەدیثی پێغەمبەر ﷺ بەردەباران دەکرێن تا گیانیان دەردەچێ. ئەم حوکمە بەگوفتو بەکردەوەلەپێغەمبەرەوە چەسپاوەو بەموتەواتەر ریوایەت کراوە. بابەزەییو شەفەقەت پاڵ بەئێوەوە نەنێ حەد لەسەر زیناکەر لابەرن، جێ بەجێ کردنی حەد لەسەر زیناکەر حوکمی خودایە، نابێ بەهیچ جۆرێ حوکمی خودا رابگیرێو ماتەڵ بکرێ. ئەوەی لەسەر ئێوە پێویستە پابەندی دەقی بڕیاری خودا بنو دەبێ بەرامبەر حوکمو بڕیاری خودا بەغیرەت بن، هەرکەسێ سنووری خودای شکاند دەبێ ئێوە لێی قبووڵ نەکەن. ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخوداو بەرۆژی قیامەت هەیە حەد لەسەر زیناکاران ئەنجام بدەنو بەتوندیی تۆڵەیان لێ بستێنن، بۆئەوەی ئەوانو هی تریش تەمێ خواردو بنو پەندو عیبرەت وەربگرن، ئەمە هەڵنانو تەرغیبێکی زۆری تێدایە لەسەر جێ بەجێ کردنی حوکمو حەدەکانی خودا لەسەر تاوانباران. پێویستە حەد لێ دەرکردنەکەیان بەئاشکرا بێو بەبەرچاوی خەڵکییەوە بێ، باکۆمەڵێك لەموسوڵمانان ئاگاداری حەد لێ دەرکردنەکەیان بن بۆ ئەوەی زیاتر ئازاری دەروونییان بدرێو پتر کاریگەر بێ لەسەریانو سزاکەیان توند تربێ)).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا بَيِّنَٰتٍ قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّفْتَرًى وَمَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ٣٦ ﴾ القصص: ٣٦

پێویســـتە هەموو بڕوادارێک پشـــتگیری ڕاســـتی پەیامەکەی بکات و، بانگەوازی بۆ بکات بۆ ئەوەی هیچ نەوەیەک نەیەت،

دەربارەی ئاینەکەمان بڵێت:

﴿وَمَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ﴾

**((کاتێك حەزرەتی مو سا ﷺ و هارون ﷺ هاتنە سەر فیرعەون و تاقم و کۆمەڵی، پەیامی خۆیان بە سەردا ڕانواند، وتیان: ئەم پەیامەی ئێوە جگە لە سیحرێکی ئا شکرا هیـ چی ترنیە، درۆیەکی هەڵبە ستراوەو هەرگیز ئێمە لەوەپێش پە یامی ئاوا مان نەبیـ ستووە، با سی تاك و تەنهایی خوداو بەندایەتیکردن بۆ خودامان لەپێشینانی خۆمان بەگوێ دا نەدراوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ ﴾ الزخرف: ٤٣

ئەگەر خەڵک ڕۆچوو لە ئارەزوو بازی و ویستەمەنییەکانیان:
﴿فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾

تۆ دەست بە قورئانەوە بگرە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەواندا ڕۆ نەچیت.

((ئەی پیغەمبەر! ئەتۆ پابەندی ئەو قورئانە بە: کە بەنیگا بۆت نێردراوە، بێگومان تۆ لە سەر ڕێبازێکی را ستو حەقی، پەیڕەو پرۆگرامت مایەی بەختەوەری ژیانی دونیاو قیامەتە)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾ النازعات: ٣٥

هەموو كردەوە چاكە و خراپەكانت لەياد كردووە، بەلام لە نامەيەكدا نووسراوە ئەو بەلگەنامەيە ستەمی لە هیچ كەس لە گەورە و بچووك تیا ناكرێت.

كار بۆخۆت بكە بۆ ئەوەی ڕۆژی بە یەک گەیشـــتنت بە پەروەردگار ئاسان بێت.

**((ئەو رۆژە ئادەمیزاد كردەوەی خۆی دێتەوە یادو چاكەو خراپەی خۆی دێتەوە ڕێی و بیری دەكەوێتەوە، چی كردەوەو چی نەكردوە)).**



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩

ئیبنو قەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:

((هەرکات باسی نیگەرانی هاتبێت لە قورئاندا فەرمان کراوە پشتی تێ بکەین، چونکە هیچ بەرژەوەندی دڵی تیا نییە، لە هەمان کاتدا کارێکی خۆشەویستە لای شەیتان)).

نیگەران مەبە!

چونکە تۆ بەندەی بەهێزی خودایت، نەوەک بەندەی لاوازی شەیتان.

((ئێوە خۆتان بە زەبوون و لاوازترو تر ساو لە شەڕ پێ شان مەدەن، خەم و خەفەت بۆ کوژراوان مەخۆن، ئەوانە نەمرن و میوانی خودان ئێوە سەربەرزو سەرفرازن، دوا ڕۆژو سەرکەوتن هەر بۆ ئێوەیە ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! بەمەرجێک ئێوە خاوەن باوەڕی ڕاست و دروست بن!)).



Scanned with CamScanner

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟
بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾﴾ الأنعام: ١١٠

کارەکانی دڵ بە دەستی تۆ نییە، دڵ بە دەستی پەروەردگارە، تەنانەت بۆ بژاردەی دڵە ســـاغەکانیش هەر بە دەســـتی خاوەنی گۆڕانکاری دڵەکانە، خۆت ناتوانیت بە نزیکیت لە دڵتەوە ســـوود و قازانجی پێ بگەیەنیت.

(( چی بە ئێوەی زا نا ندووە کە داوا کاریـ یە کە یان جێ بە جێ کراوە موعجیزەکانیان بۆ ئەنجام درا ئێمە دڵیان لانادەین لە تێگەیـ شتنی حەق‌و را ستی‌و چاوی دڵیان کوێر ناکەین لە بینین؟؟ کێ دەڵێ لەمپەڕ ناخەینە نێوان ئەوان‌و حەق‌و را ستی! بە جۆرێك کە حەق بەدی ناکەن! چی ئێوەی فێر کردووە کە ئێمە لە گومڕایی خۆیاندا نایانهێڵینەوە هەتا سەرگەردان ببن؟ واتە: لە توغیان‌و سنوور بەزێنیدا دەیان هێڵینەوە، وازیان لێ دەهێنین لە گومڕایی خۆیاندا بە سەرگەردانی بمێننەوە! بێگومان دڵێك کە ئیمان بە ئایەتی زۆرو زەبەندەی قورئان نەهێنێ؛ بڕوا بەو هەموو نیـ شانە جۆراو جۆرانەنەکا کە لە گەوندا بلاوبوونەوەو قورئان سەرمنجیان بۆ رادەکێ شێ، ئەوە دڵێکی قەڵب‌و هەڵگەڕاوەیە، هەر ئەو دڵەیە: کە یەکەمجار بانگەوازی بۆ کراو بە پیر بانگەوازییەکەوە نەهات‌و حەقی وەرنەگرت! هەر ئەو دڵەیە: کە بانگەوازی قورئانی رەت کردەوە!)).

قال تعالى: ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٧

((بزانە پێوەری ڕاستی بڕوا بە خودای پەروەردگار و، ترسان لێی، ئەو کاتەیە کە جگە لە خودا هیچ کەسی دیکە ناتبینێت، دڵنیا بە لەوەی کە جەوهەر و کانزای مرۆڤ لە کاتی تەنهاییدایە دەردەکەوێت نەک لە ناو ئاپۆڕەی خەڵک، چونکە مرۆڤ لە ناو خەڵکدا بژاری هەموو کارە دزێوەکانی دەکات ئەگەر بچووکیش بێت، بەڵام مرۆڤی ژیر هەمیشە بژاری کردەوەکانی دەکات، ئایا بە ڕاستی ئەو پیاوێکی چاکە یان پیاو خراپە، ئایا ئەو پیسە یان پاکە، هەرکات مرۆڤ بە تەنها خۆی بوو ئەوکات ناخی دەردەکەوێت)).

قَالَ تَعَالَى: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥﴾ الفاتحة: ٥

هەركات بەندە لە نوێژەكەیدا گەیشتە ئەم ئایەتە...

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: " ئەمە نێوانی من و بەندەكەمە و هەرچی داوا بكات پێی دەدەم".

خودایە..

نێوانی تۆ و ئێمە ئەوەیە تۆ دەپەرستیتن

تۆ پەروەردگاری ئێمەیت و هاوبەشت نییە.

**((خودایە! هەر تۆ دەپەرستین عیبادەتو پەرستشمان هەر بۆ تۆیەو بەس! هەر لەزاتی پاكت داوای كۆمەكی دەكەین، هەر بەهێزو توانای لە بن نەهاتووی تۆ پشت دەبەستین، هەموو كاروبارێك بەپشتیوانی تۆ ئەنجام دەدرێ، هەر چی بتەوێ ببێ دەبێ، هەر چی ڕەزامەند نەبی لە سەر بوونی نایەتەدی)).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ﴾ الفاتحة: ٢

ئیلاهی..

پەروەرێنم..

گەورەم..

من بەندەیەکی لاوازی تۆم..

دەمەوێت ستایش و پەسنی تۆ بکەم..

هەرچی لە ناخدا بۆت هەڵڕژم..

بەڵام..

دڵم دەلەرزێت!

زمانم گۆناکات!

وشەکانم دەستەوەستانن!

خودایە!

تۆ وەک ئەوەی خۆت پەسنی خۆت دەکەیت

وەک بەهرەمەندییەکانی دیکە، بە ئیمانیش بەهرەمەندیت کردووین، بۆیە لێمان قبووڵ بفەرموو،

خودایە لە کەم و کورتی من و خوێنەر ئەم کتێبە خۆش بە،

سەلام بۆ ئەوانەی شوێنی ڕێنموونی دەکەن.



Scanned with CamScanner

# کۆتایی

إلــى الله أهــدي مــدحــتــي وثــنــائــيــا
وقــولا رضـــيــا لا يــنــي الــدهــر بــاقــيــا

هەموو ســـتایش و پیا هەڵدانەکانم دیاری بن بۆ خودا، بە وتەی خۆشنوودی ئەو هەموو دنیا و ئەوەشی تیایەتی کۆتای نایەت.

پشتیوان بەو خودایەی یارمەتی دام ئەم پەرتووکە تەواوبوو

لە خودای پەروەردگار دەپاڕێمەوە لێمان وەربگرێت و، ســوودبەخش بێت بۆ خۆشەویستانم..

دروود و ســەلام لەســەر پەیامبەر و تەواوی خانەوادە و هاوەڵەکانی بێت.



عمر آل عوضة

# لأني عبدك

له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

7 50169 63601 4

Scanned with CamScanner